# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٠)- (٢٠)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣



لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیڤی بەریتانیادا

## بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەك كرد بۆ ئەوەی شەڕی جینۆساید دژی کورد پیادە بکات

بۆ یەکەمجار لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چەکی کیمیایی دژی کوردستان بەکار هێنراوە




# ماوەی سەرۆکایەتیم لە ئەنجومەنی حوکم



ماوەی سەرۆکایەتیی هەر کەسێک مانگێک بوو. ماوەی سەرۆکایەتیی من کەوتە مانگی نیسان. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ١ی نیسانی ٢٠٠٤ گەیشتمە بەغدا، بە مەبەستی بەخێرهاتن بریمەر سەردانی کردین. لە دانیشتنەکەماندا باس لە چۆنیەتیی هەماهەنگیکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست کرا. بەر لە سەردانەکەم دکتۆر ڕۆژ سەردانی بەغدای کرد بۆ ئامادەکاریی بەڕێوەبردنی ئەرکەکەم. چونکە پێشتر بە بریمەرم ڕاگەیاندبوو کە بەر لەوەی ماوەی سەرۆکایەتیم دەست پێ بکات، پێویستە چەند هەنگاوێک بنرێت و پێم ڕاگەیاند:

١. پاسەوانەکانی بارەگای ئەنجومەنی حوکم پاسەوانی خۆم دەبن، نەک پاسەوانەکانی کۆمپانیای سیکۆریتی.
٢. هەر بڕیارێکی ئەنجومەنی حوکم من ئیمزای بکەم، تۆ ڕەتی بکەیتەوە، یەک ڕۆژ لە بارەگای ئەنجومەنی حوکم دەوام ناکەم و دەگەڕێمەوە کوردستان.

ئەوەی ڕاستی بێت لە ماوەی سەرۆکایەتیم لە ئەنجومەنی حوکم بریمەر ئاسانکارییەکی زۆری بۆ کردم و هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بوو لەگەڵم. جارێکیان لە (محیّ خەتیب)(١) پرسی: برادەرانی بەر لە من سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی حوکم چەند بڕیاریان ئیمزا کردووە، گوتی: (سەدو سێزدە بڕیاریان ئیمزا کردووە). گوتم: بریمەر چەند بڕیاری هەڵوەشاندووەتەوە، یان پێشێلی کردووە؟ وەڵامی دایەوە کە بریمەر نەوەد و حەوت بڕیاری پێشێل کردووە.

(١) سکرتێری ئەنجومەنی حوکم




چاپی یەکەمی کتێبی(ڕووسیاو ئۆکرانیا ١٠٠٠ ساڵ شەڕو ونبوونی شوناس) لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (فوئاد سدیق) کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، لەم کتێبەدا نووسەر باس لە سەرەتای مێژووی رووسیاو ئۆکرانیا تا دەگاتە ئەم سەردەمە دەکات، هاوکات بە وردی و ڕوونییەوە ئاماژە بۆ یەکەمین دەوڵەتی ڕووس و پێوەندیی ئۆرگانی و دایلەکتیکی دەوڵەتەکەی رووس بە ئۆکرانیا و، ئیتر چەندین جار جیابوونەوەیان و یەکگرتنەوەیان و، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان دەکات.

خوێنەری ئەم کتێبە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت شارەزای ڕەچەڵەکی ڕووس و ئۆکراین ببێت، لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری ئەوە دەبێت کە بۆچی ئۆکرانیا ڕووبەڕووی ئەم هەموو پیلان و داگیرکارییە بۆتەوە و، نەیتوانیوە شوناسێکی زیندوو بۆخۆی مسۆگەر بکات؟

لەم کتێبەدا نووسەر دێتە سەر خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە زانیاری لەبارەی ئۆکرانیا و کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ ڕووسیادا، بۆیە دەڵێت: بە داخەوە گەلی کوردیش تەنیا لە ڕێگەی ئەو هەواڵانەوە برە زانیارییەك لەسەر ناکۆکی و شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دەزانێت، کە لە تیڤییە ناشیرین و وێبسایتە سەقەتەکانەوە بۆمان دەگوازرێنەوە، کە پڕن لە هەڵە و ناتەواوی، بێ ئەوەی کتێبخانەی کوردی یەك سەرچاوەی زانستی تێدا بێت، تاکو بتوانین کەمێك، زۆر نا، بیر لەو ڕووداوە مێژووییە کاریگەر و دژوارانە بکەینەوە، کە ئاخۆ ئەم ٦-٧ ملیۆن کەسە چۆن لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ لە برسێتیدا مردن، لە کاتێکدا هێشتا نە جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکردبوو، نە یەکێتیی سۆڤیەت کەوتبووە ناو جەرگەی شەڕ لەگەڵ هیچ وڵاتێکی گەورە و بچووك..

نووسەر لەسەر ئەو شەڕەی ئەم دواییەی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا ئاماژە بەوە دەکات کە نیگەرانی و سەرسامبوونی ئەورووپای لێ کەوتووەتەوە، چونکە بە درێژایی هەزار ساڵ زیاترە ئەم دوو جوگرافیایەی خەڵکی لەسەر دەژین پێکەوە بوونە و، زۆر جار یەك زمان و یەك ئایین و یەك نەتەوەش بوونە.

نووسەر و توێژەر و پسپۆڕ و شارەزایانی مێژوو دەتوانن سوود لەم کتێبە ببینن و بیکەنە سەرچاوە و ژێدەرێکی زۆر گرنگ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی نووسینیان، ئەم کتێبە (٣٥٢) لاپەڕەیە و لە ژمارە(٢٨) ی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵانە و هاوکارمان شاخەوان جەعفەر دیزایینی بەرگەکەی کردووە، بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی کاك فوئاد سدیق دەکەین بۆ ئەو ماندووبوونەی کە لە نووسینی ئەم کتێبەدا ڕەنگی داوەتەوە، هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

ڕێبەر ئەحمەد :




**٢٠ساڵ بە سەر ڕووخانی دیکتاتۆریدا تێپەڕیوە هێشتا پرۆسەی فیدراڵی لە عێراقدا بە ناتەواوی ماوەتەوە**

کلارا عودیشۆ :




**سەرۆک بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکاری ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو گەلی کوردستانە بە کریستیانەکانیشەوە**

پرۆفیسۆر هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی :



**ئێران و سعودیە دەیانەوێت بارگرژییەکی سنووردار و کۆنترۆڵکراو لە نێوانیاندا هەبێت**


پرۆفیسۆر شاون شافێر:



**ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بریتییە لە بەدیموکراتیزەکردنی زانیاری**

ئومێد خۆشناو :

**لەسەر ڕووبەری ١٥ هەزار مەتر پارکێکی گەورە لە هەولێر دروست دەکرێت**




بنەڤش جزیری :

**سەرکەوتنی ئافرەتی هونەرمەند بەبێ پاڵپشتی ئەستەمە**



ڕوان عەبدولمەجید بابان:

**پێویستە کچان بڕوای تەواویان بە تواناکانیان هەبێت و ژێردەستەیی بە میراتی خۆیان نەزانن**



**لاپتۆپە جووت شاشەکەی لینۆڤۆ**



**بە خۆراک کۆلیستیرۆڵ دابەزێنە**



سیوە خەسرۆ سلێمان :

**هەوڵمان داوە لە قوتابخانەکانی چین چۆن شاوڵینگ دەخوێندرێت، لای ئێمەش بە هەمان شێوەیە بێت**



ئەندازیار فیرۆز حەسەن ساڵەیی:

**پلانی تایبەتم بۆ خزمەتی خانمانی کەرکووک دەبێت و کاردەکەم بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان**




## شەستەمینساڵیادی هاوکارییەکانی بەریتانیا بۆ کۆمەڵکوژیی کورد لە عێراقدا

# بێ بەهاکردنی گەل: پێشێلکارییە نهێنییەکانی بەریتانیا لەسەر مافی مرۆڤ

مارك کیتس، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دامەزراوەی «هەڵگرتنی نهێنی لەسەر بەڵگەنامەکانی بەریتانیا- Declassified UK» کە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی میدیاییە و لە ساڵی ٢٠١٩ دامەزراوە و بایەخ بە سیاسەتی دەرەوەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دەدات.

ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە کار لەسەر سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکا دەکات و، تا ئێستا شەش کتێبی لەسەر بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکا نووسیوە، هەروەها لە وێبسایتی «Declassified UK» بەردەوام بەڵگە نهێنییەکان بڵاو دەکاتەوە.

لە ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ وتارێکی لە وێبسایتی «Declassified UK» سەبارەت بە هاوکاریی پڕچەککردنی حکومەتی عێراقی لە لایەن حکومەتی بەریتانیا بە ناونیشانی «کاتێك بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەك کرد، بۆ ئەوەی شەڕی جینۆساید دژی کوردەکان پیادە بکات»، وەك بەبیرهێنانەوەیەك بۆ یادی شەستەمین ساڵیادی دەستپێکردنی ئەو هاوکارییانەی بەریتانیا بۆ جینۆسایدی کورد بڵاو کردووەتەوە، کە لە بنەڕەتدا چەند پەرەگرافێکە لەو کتێبەی کە ساڵی ٢٠٠٤ دوای ئەوەی بەریتانیا و ئەمریکا جارێکی دی لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن گەڕانەوە بۆ عێراق بە ناونیشانی «بێ بەهاکردنی گەل: پێشێلکارییە نهێنییەکانی بەریتانیا لەسەر مافی مرۆڤ «Unpeople: Britains Secret Human Right Abuses» بڵاو کراوەتەوە.




**● کۆمەڵکوژییەکان لە عێراق میژوویەکی نهێنی**

«کۆمەڵکوژییەکانی عێراق.. میژوویەکی نهێنی .. Massacres in Iraq: The Secret History»، ناونیشانی چاپتەرێکی ئەم کتێبەیە کە لە لاپەڕەکانی (٩٢ تا ١١٠) باس لەو کۆمەڵکوژییانەی عێراق دەکات، کە ڕژێمەکانی عێراق لە دژی حزبی شیوعی عێراق و دواتریش بەرانبەر خەڵکی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول ئەنجامی داون، ئەم کۆمەڵکوژییەش لە کودەتاکەی حزبی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣وە دەست پێدەکات کە بەعسییەکان بە پشتگیریی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا «CIA» و بە ئاگاداریی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، توانییان ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم بڕووخێنن و، پاشانیش بە ڕێگەی بۆردومانکردنی تەلاری وەزارەتی بەرگریی عێراق بە فڕۆکەی هەنتەری بەریتانی، توانییان عەبدولکەریم قاسم لەناو وەزارەتی بەرگریی عێراق بکوژن.

بەعسییەکان لە ١٩٦٣ هەرچی لە توانایاندا بوو بەرانبەر حزبی شیوعی عێراقی کردیان

**بە ڕێگەی بۆردومانکردنی تەلاری وەزارەتی بەرگریی عێراق بە فڕۆکەی هەنتەری بەریتانی، توانییان عەبدولکەریم قاسم لەناو وەزارەتی بەرگریی عێراق بکوژن**

**بەعسییەکان لە ١٩٦٣ هەرچی لە توانایاندا بوو بەرانبەر حزبی شیوعی عێراقی کردیان و بە هەزاران ئەندامیان دەستگیر کردن و بە هەزارانیشیان لێ کۆمەڵکوژ کردن**

**حکومەتی بەریتانیا نەک هەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسییەکان فراوان کرد، بەڵکو داوای لە بەعسییەکان کرد، تیمێک لە گاردی نیشتمانیی عێراق بنێرن بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژیی دڕندانەتر ئەنجام بدەن**

و بە هەزاران ئەندامیان دەستگیر کردن و بە هەزارانیشیان لێ کۆمەڵکوژ کردن و حزبی شیوعیشیان بە فەرمی قەدەغە کرد. لەم چاپتەرەدا لەناو بەڵگەنامەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق کە لە عێراقەوە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کراون، هەموو ئەو ڕووداوە دڕندە و کۆمەڵکوژییانەی بۆ وەزارەتی دەرەوە گواستووەتەوە، هەروەها ئەو دروشم و پەیامانەشی هەمووی بۆ کردوون بە تێکست کە لە ڕادیۆی ئەو کاتی عێراقەوە دژی حزبی شیوعی بڵاو کراونەتەوە. لە بەرانبەردا حکومەتی بەریتانیا «پارێزگاران و کرێکاران» لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و مانەوەی کۆمپانیا پترۆلییەکانیان لە عێراق، دەستخۆشییان لەو کۆمەڵکوژییانە کردووە و، هەروەها ڕایانگەیاندووە کە دەبێت سنوورێکیش بۆ شەڕی کوردەکان دابنرێت، ڕاشکاوانە مەبەستیان ئەوە بووە کە دەبێت کارێك بکەن، شۆڕشی ئەیلوول نەتوانێت ڕژێمەکەی دوای عەبدولکەریم قاسم «بەعسییەکانی ١٩٦٣» سەغڵەت و بێ توانا بکات و ببێتە هۆکاری ئەوەی بڕووخێت.

**سەدام حوسێن یەکەم کەس نییە چەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٨٨ دژی کورد بەکارهێنابێت، پێشتریش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چەکی کیمیاوی لە دژی کورد بەکار هاتووە.**

لە دوای ئەوەی بەعسییەکان ئەوەی توانییان بەرانبەر حزبی شیوعیی عێراق کردیان، حکومەتی بەریتانیا نەك هەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسییەکان فراوان کرد، بەڵکو داوای لە بەعسییەکان کرد، تیمێك لە گاردی نیشتمانیی عێراق بنێرن بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژیی دڕندانەتر ئەنجام بدەن، لەمەش زیاتر هەموو جۆرە چەك و تانك و ڕۆکێتێکیش بدەن بە بەعسییەکان بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی کێشەی کورد لە عێراقدا کۆتایی پێ بهێنن.

**لە ئێستاشدا ئاراستەی سیاسیەتی لەندەن و واشنتۆن بەوجۆرەیە کە پشتگیری لە ڕژێمە دۆستەکەی خۆیان لە بەغدا بکەن، ئەم سیاسەتە پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژ و ترسناکی هەیە**

### ● گەڕانەوەی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ عێراق دووبارەبوونەوەی مێژوویەکی ترسناك

نووسەر لەم کتێبەدا دەیەوێت بە خوێنەرانی بڵێت «سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکا بەرانبەر گەلانی جیهان، بێ بەهاکردنی چەمکی «گەلان» بووە لە بەرانبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمە سەرکوتکارەکاندا و بەم شێوەیەش وەسفی ئەو بێ بەهاکردنی گەل — Unpeople»ی کردووە و نووسیویەتی: چەمکی «بێ بەهاکردنی گەل» توخمێکی سەرەکییە لە هەموو سیاسەتی ڕابردووی بەریتانیا کە ئەم کتێبە باسی دەکات و، لەمیانەی دەستتێوەردان و پشتگیرکردنی لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وەك ئەمریکا و دامودەزگا سەرکوتکەرە هەمە جۆرەکانی وڵاتە جیاوازەکان پیادەی دەکات، هەتا ئێستاش ئەم سیاسەتە پیادە دەکات و بە شێوازێکی سیستیماتیکی و بەرنامە بۆ دارێژراو مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات، قوربانییە سەرەکییەکانی ئەم سیاسەتەش ئەوانەن کە لە چاوی بەریتانیادا بە مرۆڤ، یان گەل لە قەڵەم نادرێن، ئەوانە لە سیاسەتی بەریتانیادا ژیان و مانیان هیچ بەهایەکی نییە، ئەم دەستەواژەیە بەرانبەر ئەو هاوکێشەیە کە لە سەردەمی کۆلۆنیالی پێیان دەگوتن «دڕندە و وەحشین، ئەوانە شایەنی ئەوەن لە بارودۆخێکی تەواو نهێنیدا بە گوللەی بەریتانیەکان بکوژرێن، یان بە هەر بیانوویەکی دیکە پێشوازی لە لاشەکانیان بکرێت و وا پیشان بدرێت تاوانیان ئەنجام داوە».

نووسەر لە بەشێکی دیکەی پێشەکیی ئەم کتێبەدا باس لەو تاوانانە دەکات کە بەریتانیا لە چەندین وڵاتی جیاواز ئەنجامی داون و، قوربانییەکانی بە هەزاران خەڵکی بێتاوان بووە و نووسیویەتی: «من بەدواداچوونم کردووە و داتام کۆ کردووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تا ئێستا (مەبەستی ٢٠٠٤ بووە)، بەریتانیا بەرپرسیایەتی نزیکەی ١٠ ملیۆن مرۆڤی دەکەوێتە ئەستۆ کە بە هۆی ئەو سیاسەتەوە گیانیان لەدەست داوە، لەوانە نەیجیرییەکان، ئەندەنووسییەکان، عەرەبەکان، ئۆگەندییەکان، چیلییەکان، ڤێتنامییەکان و چەندینی دیکەش، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا، ئەم بەرپرسیاریەتییە سیاسییە گەورەیە لەبەر چاوان ون بووە و بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکراون و لەلایەن ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمیەکانەوە بایەخی پێ نادرێت و باس ناکرێن». بەریتانیا سەردەمێکی درێژە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق تێوەگلاوە، لە ڕاستیدا ڕەگ و ڕیشەیەی ئەم کێشەی ئێستا عێراق تیایدا دەژی، دەتوانین لە ناو ئەو ڕووداوە ترسناکانە بیاندۆزینەوە کە

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەریتانیا لە عێراقدا پیادەی کردووە، بەڵگە نهێنییەکانی بەریتانیا ئەوەمان پێ دەڵێن کە چۆن پشتگیری بەریتانیا بۆ کوشتن و سەرکوتکردن لە بەغدا زۆر پێش هاتنی سەدام حوسێن بووە. ئەو بەڵگانامانە ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە تا چەند بەریتانیا لەو دوژمنکارییانە تێوەگلاوە کە دژی کوردەکان ئەنجام دراون بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییشەوە، ئەم سیاسەتانە بوونە ڕەگ و ریشەی ئەو پشتگیرییەی ڕۆژئاوا کە دواتر پێشکەشی ڕژێمی سەدام حوسێنیان کرد، بۆیە دەبێت ئەوە ئاشکرا بێت، کە سەدام حوسێن یەکەم کەس نییە چەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٨٨ دژی کورد بەکارهێنابێت، پێشتریش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چەکی کیمیاوی لە دژی کورد بەکار هاتووە.

بەپێکەوە گرێدانەوەی مێژوو بە ئێستاوە، نووسەر لەو مەترسییە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە چۆن لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا و بەریتانیا دۆستی ئەو ڕژێمە بوون کە لە بەغدا لە دەسەڵاتدا بووە و، بەپێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵەیان کردووە و، تەنیا پشتگیریی ئەو ڕژێمەیان کردووە، ئێستاش هەر بەوجۆرە سیاسەت دەکەن و نووسیویەتی «لە ئێستاشدا ئاراستەی سیاسەتی لەندەن و واشنتۆن بەوجۆرەیە کە پشتگیری لە ڕژێمە دۆستەکەی خۆیان لە بەغدا بکەن، ئەم سیاسەتە پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژ و ترسناکی هەیە، بۆیە پێناچێت بۆ ئایندەی عێراق هیچ باشییەکی هەبێت و ئایندەی عێراق ڕۆشن نابێت».

### ● گرێدانەوەی ١٩٦٣ بە ٢٠٠٣ و ٢٠٠٣ بە ٢٠٢٣

پێشبینییەکانی مارک کێتس لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ عێراق، گرێدانەوەی مێژووی ساڵی ١٩٦٣ی بەعسییەکان بۆ دەسەڵات لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ ئەوەمان پێ دەڵێت «پێوەری دۆست و دوژمن لە سیاسەتی لەندەن و واشنتۆندا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خۆیان ڕژێمی بەعسیان هێنایە دەسەڵات و خۆشیان ڕووخاندیان».

لە ساڵی ١٩٦٣ بە بیانووی ئەوەی بەعسییەکان نییەتی ئەوەیان هەیە، داوای کوەیت بکەنەوە وەك بەشێك لە عێراق، بەریتانیا ئامۆژگاریی دەوڵەتی کوەیتی کرد، بڕی ٨٠ ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی بدات بە بەعسییەکان وەك بەرتیل بۆ ئەوەی ئاسایشی کوەیت مسۆگەر بێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق، دیسان هەر ڕژێمی بەعس هەوڵی دا، کوەیت پارەی بداتێ، ئەمجارەیان لەندەن و واشنتۆن ئامۆژگاریی کوەیتیان کرد، کە نەیداتێ، بۆ ئەوەی بیانوویەك بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس بدۆزنەوە، یان لاوازی بکەن.

پێشبینییەکانی وتاری ئەمجارەشی کە بە ناونیشانی «کاتێك بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەك کرد، بۆ ئەوەی شەڕی جینۆسایدی دژی کوردی پێ بکات»، لە وێبسایتی هەڵگرتنی نهێنییەکانی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا «Declassified UK» بڵاوی کردووەتەوە، لە بنەڕەتدا وتارێکی تازە نییە، بەڵکو بەشێکە لە چاپتەرێکی کتێبەکە، بەڵام تازەیی ئەم وتارە لەوەدایە ئەو چاپتەرە کە نزیکەی ٢٠ لاپەڕەیە کورتی کردووەتەوە بۆ نزیکەی ٦-٧ لاپەڕە و تەنیا ئەو پەرەگرافانەی دەرهێناوە کە تایبەتن بە «کۆمەڵکوژی، خاپوورکردنی کوردستان و نەمانی کوردبوون — De-kurdisation»و، پێمان دەڵێت، هەر کەسێك لەسەر ئەو خاکە بژی «گەلی کوردستان» کە ناوی کوردستانە ئەوا لە سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیادا هیچ بەهایەکی نییە و، ئەگەر بەرژەوەندییان بخوازێت، جارێکی دیکەش پشتگیریی ئەو ڕژێمە دەکەن، کە گەلی کوردستان جینۆساید دەکات و پلان بۆ خاپورکردنی کوردستان دادەڕێژێت، بە ڕاشکاوانە بیرمان دەهێنێتەوە و پێمان دەڵێت: یەکەم بۆمبای ناپاڵم کە گوندەکانی کوردستانی پێ کاول کرا، دروستکراوی بەریتانیا بوو، هەر بە فڕۆکەی هەنتەری بەریتانیاش بەسەر گوندەکاندا فڕێ درانە خوارەوە.

ئەم پێشەکییەمان بە پێویست زانی کە لەگەڵ ئەو وتارە گرنگەی کردوومانە بە کوردی «کاتێك بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەك کرد، بۆ ئەوەی شەڕی جینۆسایدی کوردی پێ بکات»، بڵاو بکەینەوە.

**پێوەری دۆست و دوژمن لە سیاسەتی لەندەن و واشنتۆندا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خۆیان ڕژێمی بەعسیان هێنایە دەسەڵات و خۆشیان ڕووخاندیان**

**یەکەم بۆمبای ناپاڵم کە گوندەکانی کوردستانی پێ کاول کرا، دروستکراوی بەریتانیا بوو، هەر بە فڕۆکەی هەنتەری بەریتانیاش بەسەر گوندەکاندا فڕێ درانە خوارەوە**

DECLASSIFIED UK

# WHEN BRITAIN ARMED IRAQ'S GENOCIDAL WAR ON THE KURDS

Conservative and Labour governments supported Baghdad's brutal attack on the Kurds 60 years ago, knowing it may have constituted genocide, declassified files show.

MARK CURTIS
21 OCTOBER 2023

مارک کیرتس*

# کاتێک بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەک کرد

## بۆ ئەوەی شەڕی جینۆسایید دژی کوردەکان پیادە بکات



## «٦٠ ساڵ پێش ئێستا هەردوو حکومەتی پارێزگاران و کرێکاران پشتگیریی ئەو هەڵمەتە دڕندەیانەی بەغدایان کردووە کە دەیکردە سەر کورد، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە دەیانزانی ئەوەی ئەنجام دەدرێن، جینۆساید بن».

بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا کە باری نهێنی لەسەر هەڵگیراوە.

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسیویەتی: «لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٣، حکومەتی بەریتانیا ڕەزامەندی پیشان دا، کە ماددەی تەقینەوەی بەهێزی خاپوورکەر بۆ عێراق هەناردە بکات، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەوانەیە بۆ کاولکردنی گوندەکانی کورد بەکاری بهێنێت».

بەپێی دۆسیێیەکی نهێنی لەسەر هەڵگیراوی ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا، «حکومەتی عێراق هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر باکووری وڵاتەکەی و، بەریتانیا ئاستی هەناردەکردنی چەك و پێداویستی بۆ پشتگیرکردنی ئەو هێرشانە زیاتر دەکرد».

تێوەگلانی بەریتانیا لە کاولکردنی گوندەکانی کوردستان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، هاوشێوەی ئەو دوژمنکارییە زۆر

گەورانە بوو، کە سەدام حوسێن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دژی کورد ئەنجامی دا.

● **شاڵاوەکانی تیرۆر**

**حکومەتی بەریتانیا هەناردەکردنی چەکی بۆ ڕژێمی عێراق هەڵکشاند، دوای ئەوەی دەستی کرد بە هەڵمەتی تیرۆر دژی کورد لە ساڵی ١٩٦٣**

**بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسیویەتی: «لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٣، حکومەتی بەریتانیا ڕەزامەندی پیشان دا، کە ماددەی تەقینەوەی بەهێزی خاپوورکەر بۆ عێراق هەناردە بکات**

سوپای عێراق لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ شاڵاوەکانی دژی کوردەکان دەست پێ کرد، کە داواکارییان بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی، پشکی کوردستان لە نەوت، دوورخستنەوەی هێزە عەرەبییەکان لە هەرێمی کوردستان لە باکوور.
ڕژێمی عێراق لە شوباتی ١٩٦٣ لە میانەی کودەتایەکی خوێناوی کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا «CIA» پشتیوانی لێ دەکرد، دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمە یەکەمین جار بوو کە حزبی بەعسی قەومی لە عێراقدا دەسەڵاتی بکەوێتە دەست.
بەرپرسانی بەریتانیا هیچ گومانیان لەوە نەبوو لە ترسناکیی کردەوە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە دژی کوردەکان، ئاماژەیان «بە نییەتی عێراق دابوو، کە هەڵمەتێکی تیرۆر دەست پێ دەکات».
بەرپرسێك نووسیویەتی: «لە ماوەی تەنیا ١٠ ڕۆژی دەستپێکردنی هێرشەکانی سوپای عێراق بە ئاشکرا ئەوە دەرکەوت، کە دەستی کردووە بە پاکتاوکردن و کاولکردنی گوندە کوردەکان لە دەوروبەری کەرکوك لە باکووری عێراق».

**بەرپرسێک نووسیویەتی: «لە ماوەی تەنیا ١٠ ڕۆژی دەستپێکردنی هێرشەکانی سوپای عێراق بە ئاشکرا ئەوە دەرکەوت، کە دەستی کردووە بە پاکتاوکردن و کاولکردنی گوندە کوردەکان لە دەوروبەری کەرکووک لە باکووری عێراق»**

لەگەڵ بڵاوەپێکردنی دوو لەسەر سێی سوپای عێراق لە باکووری وڵات، بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە کە حکومەتی عێراق هەوڵێکی سەرتاسەری خستووەتە گەڕ بۆ کۆتاییهێنانی یەکجارەکی بە کێشەی کورد.
حکومەتی عێراق «تاکتیکێکی توندی گرتبووە بەر» لە گەڵیشدا هێزی ئاسمانییشی دژی کورد بەکار دەهێنا.
لە ٢٢ی حوزەیران، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، لەندەنی ئاگادار کردەوە لەوەی کە «ئەو شێوازە دڕندەیەی سوپای عێراق پیادەی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەك پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب تێك بچێت»، لەمەش زیاتر ئاماژەی بەوەش کردووە «سوپای عێراق بە تەواوەتی سەرکەوتوو بووە لە پاکتاوکردنی ئەو گوندە کوردییانەی لە پێدەشت و دەوروبەری ئەو ناوچانەی مەترسییان لەسەرە و ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە».
لە درێژەی ئاگادارکردنەوەکەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا هاتووە «شێوازی پیادەکراو بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی یەك بە دوای یەکی گوندەکان و بە تۆپی دەبابە و مەیدانی ئەو گوندانە بۆمبباران دەکەن، لە هەندێك حاڵەتدا هۆشدارییەکی کەم بە دانیشتووانەکەی دەدەن، یان هەر بە هیچ شێوەیەك هۆشدارییان پێ نادرێت، دوای تەواوبوونی ئەم بۆمبارانانە هێزەکانی عێراق لەگەڵ بەکرێگیراوە کوردەکان، دەچنە ناو ئەو گوندانە و دەست بە تاڵانی دەکەن».
لە هەندێك حاڵەتدا، هەر بۆ نموونە لە ناوچە کوردییەکانی کەرکووك، بلدۆزەر بەکارهێنراوە بۆ تەختکردنی خانووەکان، ئاکامەکەشی ئەوەیە پیاوەکانی ئەو ناوچانە دەچنە شاخ و، زۆر جار ژن و منداڵەکانیان بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی خۆیان بایەخ بە خۆیان بدەن، بەڵام ئێستا ئەو گوندانە کاول کراون و خامۆشن.

● **مەترسییەکان**

**بەریتانیا بە هەزاران ڕۆکێتی نارد بۆ بەغدا، لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی کە بۆ خاپوورکردنی گوندە کوردییەکان بەکاری دەهێنان**

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەستی بەوە کردووە کە ئەم هەڵمەتانەی بەغدا دژی کورد ئەنجامی دەدات، مەترسیی هەندێك زیانی دیاریکراوی بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا هەیە، لەوانە «سەرنەکەوتنی ئەم دوژمنکارییانە» ڕژێمی عێراق بخاتە مەترسییەوە، ئەم شەڕەش لەوانەیە دەرفەتی زیاتر بۆ ڕووسیا بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی کێشە لە کوردستان دروست بکات. هەروەها ئەو ترسەشیان نەشاردووەتەوە کە لەوانەیە بزاوتی کوردەکان پەل بهاوێت بۆ تورکیا و ئێران و سووریا و ئەمەش سەربکێشێت بۆ ئەوەی دامەزراوە نەوتیەکانی عێراق زیانمەند بن.

ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو لە لیستی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نادیدە کراوە، ئەوەیە کە نازانرێت ئەم شەڕە چ کاریگەرییەکی لەسەر گەلی کورد دەبێت. «بەریتانیا بە کردەیی ڕەزامەندیی پیشان داوە سەفقەی چەکی گەورە هەناردەی عێراق بکات و دەشزانن ئەم چەکانە دژی کورد بەکار دەهێنرێن». دۆسییەکەی ئەرشیفی نیشتمانیی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە کە «سێر ڕۆجەر ئالین باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، لە سەرەتاوە هانی بەغدای داوە بۆ ئەوەی بە دانوستاندن کێشەکە لەگەڵ کوردەکان چارەسەر بکات، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی هەڵمەتەکانی سوپای عێراق دژی کوردەکان، شانشینی بەریتانیا پشتگیرییەکی ڕاشکاوانەی ڕژێمی عێراقی کرد.

پێش ئەوەی بەغدا شاڵاوەکانی لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دەست پێ بکات، بەریتانیا بە کردەیی ڕەزامەندی پیشان دا کە ژمارەیەکی هێجگار گەورەی چەك هەناردەی عێراق بکات، ئەمە لە کاتێکدا دەیزانی ئەو چەکانە دژی کوردەکان بەکار دەهێنرێت.

لە یەکێك لە دۆسییەکاندا هاتووە، ئەلیك دۆگلاس وەزیری دەرەوە لە حکومەتەکەی هارۆڵد ماکمیلان گوتوویەتی: «بە شێوەیەکی گشتی پەرۆشین بۆ ئەوەی بە زووترین کات چەکی پێویست بۆ عێراق دابین بکەین».

لە ١١ی نیسان وەزیری بەریتانیا ڕەزامەندی پیشان دا کە ٢٥٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش بۆ گواستنەوەی سەرباز لە جۆری Saracen بۆ عێراق بنێرێت، ئەو مۆڵەتیشی دابوو، ئەگەر پێویست بوو دژی کوردەکان بەکاریان بهێنێت.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاماژەی بەوەش کردووە «ڕەزامەندی دراوە لەسەر ئەوەی گوللە تۆپ و ڕۆکێت بۆ فڕۆکەی هۆکەر هەنتەری سەربازیی عێراق بنێرێت کە پێشتر بەریتانیا پێی دابوو، جارێکی دیکەش ئەگەر پێویست بوو، دەتوانێت دژی کورد بەکاریان بهێنێت».

لێژنەیەکی وەزاری ئاماژەی بەوە کردووە «قازانجێکی گەورەی بازرگانی هەیە و دەبێت بەدەست بهێنرێت و، چوارچێوەی هەناردەکردنی سەربازی گەورەیە و گەیشتووەتە ئاستی ٦ ملیۆن پاوەنی بەریتانی.

● **ڕۆکێتەکان**

**لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣، حکومەتی حزبی پارێزگاران ڕازی بوون ٥٠٠ ڕۆکێتی بەهێزی خاپوورکەر بۆ عێراق بنێرێت**

حکومەتی بەریتانیا بڕیاری دا، ناردنی هەندێك لە مووشەکەکان بۆ عێراق دوابخات، یەکێك لە بەرپرسەکان ئەم دواخستنەی ڕوون کردووە بەوەی «لەوانەیە کارێکی باش نەبێت کە زۆر بە ساناییی هەموو پێداویستییەکیان پێ بدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەوانەیە ئەمە زۆر هانیان بدات، کە زیاتر پەرگیرتر بن لەگەڵ کوردەکان، هەر بۆیە ئەگەر شەڕ هەڵگیرسا و عێراق دەستی کرد بە ڕۆکێتبارانی هەرەمەکی، ئەوا لەوانەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەی پەرلەمانی و جەماوەری ببینەوە».

دوای ئەوەی بەغدا هێرشی کردە سەر کوردستان، لەناو حکومەتی بەریتانیادا گفتوگۆیەکی زۆر کرا سەبارەت بەوەی ئایا ئەو ڕۆکێتانە بنێرن بۆ عێراق یان نە؟، ئەم پرسە بەوجۆرە لێك درایەوە، کە پرسێکی هەستیارە و بە شێوەیەکی تایبەتی دژی کوردەکان بەکار دەهێنرێت.

«هەواڵەکانی ئەو شەڕە لەوانەیە ڕەخنەگەلێکی ئاشکرا بورووژێنێ لەسەر بڕیارەکانمان بە پێدانی چەك بە عێراق».

لەو دۆسییانەدا بە هیچ شێوەیەك کاریگەری ئەو چەکانە لەسەر کوردەکان ڕەچاو نەکراوە، تەنیا کاریگەری لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان لەبەرچاو گیراوە، لە لێدوانی کابینەکەدا هاتووە «هەواڵەکانی ئەو شەڕە لەوانەیە ڕەخنەگەلێکی ئاشکرا لە دژی بڕیارەکەی ئێمە بە پێدانی چەك بە عێراق بورووژێنێت».

دوای دوو هەفتە لە شاڵاوەکە، وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی بەوە کرد «ئێمە ئامادەین کە ئەوپەڕی تواناکانی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە بواری «چەك و ڕاهێنان» پێداویستییەکانی عێراق دابین بکەین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا وەزیرەکان سوورن لەسەر ئەوەی ناردنی ئەو ڕۆکێتانە دوابخرێت، کە عێراق زۆر گوشار دەکات، بۆ ئەوەی دژی کوردەکان بەکاریان بهێنێت.

**لە ١١ی نیسان وەزیری بەریتانیا ڕەزامەندی پیشان دا کە ٢٥٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش بۆ گواستنەوەی سەرباز لە جۆری Saracen بۆ عێراق بنێرێت، ئەو مۆڵەتیشی دابوو، ئەگەر پێویست بوو دژی کوردەکان بەکاریان بهێنێت**

**لە مانگی تەممووز، وەزیرانی پارێزگاران «حکومەتی حزبی پارێزگاران» ڕازی بوون ٥٠٠ ڕۆکێتی بەهێزی خاپوورکەر بۆ عێراق بنێرن**

**بەریتانیا لەوە ئاگادار بوو، کە لە هێرشەکانی عێراقدا کوردەکان لە بری ئەوەی بە دیل بگیرێن، گوللەباران دەکران و، دەشیزانی ئەم سیاسەتە بە ئەنقەست پیادە دەکرێت و لەوانەیە بگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی**

**لە تەمووزی ١٩٦٥ باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە «قوربانییانی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو دانیشتووانە مەدەنییەکە بوون، کە جارێکی دیکە کەوتنە بەر هێرشە ئاسمانییە هەڕەمەکییەکان**

بەڵام لە مانگی تەمموز، وەزیرانی پارێزگاران «حکومەتی حزبی پارێزگاران» ڕازی بوون ٥٠٠ ڕۆکێتی بەهێزی خاپوورکەر بۆ عێراق بنێرن. گەورە ئەفسەری هێزی ئاسمانیی عێراق عەمید حلمی بە باڵوێزی بەریتانیای لە بەغدا ڕاگەیاندبوو کە «لە ئێستادا زۆر پێویستیان بەو چەکانەیە بۆ ئەوەی شەڕەکەیان لەگەڵ یاخیبووان بە سەرکەوتوویی و خێرایی کۆتایی پێبهێنن.

باڵیۆزی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە «کاتێك پێم گوت کە بەریتانیا ئەو ڕۆکێتانە دەداتە عێراق، حلمی تا ئەو پەڕی دڵخۆش بوو، لەو بڕوایەدا بوو، کە بەرپرسەکەشی (فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانی) بەو هەنگاوەمان زۆر دڵخۆش دەبێت.

● **پەیوەندییە باشەکان**

**بەریتانیا هەموو ئامانجی ئەوە بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق هەبێت، بۆ ئەوەی پەنا بۆ کڕینی چەکی سۆڤیەتی نەبن**

لێدوانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ باڵیۆزەکانیان لە شرۆڤەکردنی سیاسەتی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە «ئێمە هەموو کات مەزندەکانمان بەو جۆرە بوو، کە دەکرێت هەر چەکێك بدەین بە عێراق کە لەوانەیە دژی کورد بەکاری بهێنێت، بەڵام دەبێت ئێمە پارسەنگی ئەم بیانووە لە بەرانبەر فاکتەرەکانی دیکە ڕابگرین.

ئەو فاکتەرانەی دیکە ئەوە بوو کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تازەی عێراق پەرە بە پەیوەندییەکی باش بدەن، بۆ ئەوەی لە پەنابردنیان بۆ چەکی سۆڤیەتی دووریان بخاتەوە.

لە سەروبەندی کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦٣ و، لەگەڵ بەردەوامیی شەڕ لە کوردستان، هێزە ئاسمانییەکانی عێراق ٥٠٠ ڕۆکێتی فڕۆکەی هەنتەری کۆ کردبووەوە، لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠٠ ڕۆکێتی دیکە کە لە ١ی ئەیلوول وەریگرتبوو، هەروەها ٥٠٠ ڕۆکێتی دیکە کە لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ عێراق لە بەریتانیای وەردەگرت، هەروەها دابینکردنی ١٨٠٠٠ ڕۆکێتی دیکە کە بڕیار بوو لەکاتێکی دیکەدا بەریتانیا بۆ عێراقی بنێرێت.

دوابەدوای ئەمانە، بەریتانیا ڕەزامەندیی پیشان دا، لەسەر ناردنی ٢٨٠,٠٠٠ گوللە و تەقەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکانی جۆری Saracen، هەورەها تۆپی لە جۆری ٢٥ Pounder، هەلیکۆپتەری سەربازی، چەکی جۆری «Sterling» ڕەشاش.

هەروەها بەریتانیا ڕەزامەند بوو لەسەر داواکاریی عێراق بە ناردنی تیمێك بۆ ئەو وڵاتە بە مەبەستی چاککردنی تۆپی دەبابەی Centurion کە بەریتانیا بە عێراقی دابوو، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردبوو «تەنیا خاڵی سیاسیی قورس لەم پرسەدا «بەردەوامیی شاڵاوە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقە دژی کورد».

ئەفسەرانی ئەو تیمەی بۆ چاککردنەوەی دەبابەکان هاتبوونە عێراق، لەو ناوچانە نەدەبینران کە شەڕی لێ بوو، هەر بۆیە ئەگەر دەبابەیەك لە باکوور پەکی بکەوتایە، ئەوا ئەو دەبابەیە دەبوو ببرێتەوە بۆ بەغدا و لەوێ چاك بکرایەتەوە.

● **جینۆساید**

**بەریتانیا لەوە ئاگادار بوو، کە لە هێرشەکانی عێراقدا کورد لە بری ئەوەی بە دیل بگیرێن، گوللەباران دەکران و، دەشیزانی ئەم سیاسەتە بە ئەنقەست پیادە دەکرێت و لەوانەیە بگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی**

بەرپرسانی بەریتانی ئەوەیان دەزانی ئەو هێرشە دوژمنکارییانەی عێراق لە دژی کورد دەیکات و ئەوان پشتگیری دەکەن، لەوانەیە بگاتە جینۆساید و کۆمەڵکوژی، لە کۆنووسی ئەیلوولی ١٩٦٣ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاماژە بەوە کراوە «ئەو شێوازە دڕندەیانەی عێراق لەوانەیە بگاتە ئاستی تاوانی هەوڵدان بۆ لەناوبردن و کەمکردنەوەی کورد وەك کەمینەیەك لە عێراقدا.

لە ٦ی تەمموز باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا وەزارەتی دەرەوەی ئاگادار کردووەتەوە «لە شەڕەکاندا کوردەکان گوللەباران دەکرێن، لەبری ئەوەی بە دیل بگیردرێن، هەندێك ئاماژەمان لەو بەرپرسانەوە پێگەیشتووە کە دەشێت ئەمە سیاسەتێکی بە ئەنقەست بێت».

بەرپرسانی بەریتانیا لەوە ئاگادار بوون ئەو دەستدرێژییانەی عێراق کە ئەوان پشتگیری لێ دەکەن لەوانەیە بگاتە ئاستی جینۆساید.

لە درێژەی هۆشدارییەکەی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە هاتووە «لەوەتەی هێرشەکانی عێراق دەستی پێ کردووە، گوێبیستی ئەو ڕاپۆرتانە بووین، کە نییەتێکی زۆر بەهێز هەیە بۆ کەمکردنەوەی دانیشتووانە کوردەکان لە باکوور و جارێکی دیکە عەرەب دێنن لەو ناوچانە نیشتەجێیان دەکەنەوە، هەروەها گوێبیستی ئەوە بووین، یەکێك لە ئەفسەرە عەرەبەکان بەردەوام شێوازی نامرۆڤایەتی و ناماقووڵ دژی کوردەکان بەکار دەهێنێت».

هەروەها باڵیۆزخانە ئاماژەی بەمانەش کردووە «هیچ گومانێك لەسەر ئەوە نییە کە حکومەتی عێراق بە ئەنقەست گوندەکانی کاول کردووە، حکومەتی عێراق بە شێوەیەك هێزی بەکارهێناوە، کە ڕەچاوی هیچ عورفێکی شارستانی نەکردووە، هەتا هەست بەوە دەکرێت، کە جۆرێك لە نیەت هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە عێراقدا، یان بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بیانترسێنن.

بەرواری ئەم یاداشتنامەیە گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو چەکانەی بەریتانیا هەناردەی عێراقی کردووە و دژی کورد بەکارهێنراون، دواتر ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

### ● خۆڕزگارکردن لەم توخمە پرسە

**بەریتانیا هەوڵی داوە زامنی ئەوە بکات نەتەوە یەکگرتووەکان گفتوگۆ لەسەر تۆمەتی جینۆساید لە عێراقدا نەکات**

ڕەشنووسی لێدوانێکی وەزارەتی دەرەوە کە بەرواری ١٢ی ئەیلوولی ١٩٦٣ی لەسەرە بەم ناونیشانەیە « سیاسەتی جینۆساید کە لەلایەن حکومەتی کۆماری عێراقەوە دژی کوردەکان ئەنجام دراوە: خستنەڕووی هۆکار».

ئەم لێدوانە ڕێنمایی دەداتە شاندی بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت: «حکومەتی خاوەن شکۆ خوازیاری ئەوەیە کە بە زووترین کات لەم پرسە ڕزگاری بێت».

موریس ویلیام بەرپرسی وازەرەتی دەرەوە ئاماژەی بەوە کردووە «ئەگەر پرسی جینۆساید لە نەتەوە یەکگرتووەکان خرایە بەرباس، باشترین هەڵوێست بۆ ئێمە ئەوەیە خۆ لەدەنگدان دوور بخەینەوە و ئەگەر توانیمان خۆمان بەدوور بگرین لە هەر لێدوانێك».

هەروەها موریس ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە، وروژاندنی تۆمەتی جینۆساید مانای ئەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخ بە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتە ئەندامەکانی دەدات، ئەمەش لەگەڵ میساقەکەی یەك ناگرێتەوە و ئێمە هەرگیز پێشوازی لێ ناکەین، لە چوارچێوەی هەر کێشەیەك کە لەو ناوچانە ڕوو دەدەن و سەر بە ئێمەن.

### ● سەرکوتکردن

**چەکەکانی بەریتانیا هاوکاری ڕژێمەکانی عێراق بوون لە سەرکوتکردنی ناوخۆییدا**

هەناردەکردنی چەك و ڕاهێنەرانی سەربازیی بەریتانیا هاوکاریی ڕژێمە سەربازییەکەی بەغدایان کردووە لە سەرکوتکردنی ناوخۆییدا، هاوکارییەکانی شانشینی بەریتانیا بۆ چاککردنەوەی تانکەکانی جۆری سنتوریۆن «Centurion» لەوانەیە هاوکارییەکی باشی بکات، بەتایبەتی کە «دوو فەوجی تانکی سنتوریۆن بڕبڕەی پشتی ئاسایشی ناوخۆیی بەغدا پێك دەهێنن».

دابینکردنی پێداویستییەکانی فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەناوخۆدا باڵادەست بن، بەرپرسان ئاماژە بەوە دەکەن «هێزە ئاسمانییەکانی عێراق ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕووخاندنی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیران لە شوباتی ١٩٦٣ بینی، لەمەش زیاتر توانییان کۆنترۆڵی بەغداش بکەن».

**لە لێدوانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥ وەزارەتی دەرەوە ئاماژە بەوە کراوە «ئێمە درێژەمان داوە بە ناردنی چەك بۆ عێراق، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دژی کورد بەکار هێنراون**

**مستەفا بارزانی سەرۆکی گەورەترین گرووپ لە باکووری عێراق، لە نامەیەکدا بۆ هارۆلد ویلسن ئاماژەی بەوە کردبوو کە «بەغدا قەبارەیەکی گەورەی گازی ژەهراوی کڕیوە، بۆ ئەوەی دژی دانیشتووانی کورد بەکاری بهێنێت»**

**مستەفا بارزانی داوای لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کردبوو، پڕچەککردنی عێراق ڕابگرێت و ڕێگە نەدات عێراق ئەو نییەتەی جێبەجێ بکات، کە بەنیازە هێرشەکانی بە گازی ژەهراوی دژی کوردەکان جێبەجێ بکات**

لە واقیعدا، لە میانەی کودەتاکەی شوباتدا، توانییان فڕۆکەکانی هۆکەر هەنتەر بەکار بهێنن بۆ هێرشکردنە سەر وەزارەتی بەرگری کە عەبدولکەریم قاسم سەنگەری تیا گرتبوو.

هەمان سیناریۆ ١٠ ساڵ دواتر لە وڵاتی چیلی دووبارە بووەوە، کاتێك فڕۆکەکانی هەنتەری بەریتانی سەرکەوتووانە بەکارهێنران بۆ هێرشکردنە سەر کۆشکەکەی سەرۆك سلڤادۆر ئەلەندی کە بە شێوازێکی دیموکراتییانە هەڵبژێردرابوو.

فڕۆکەکانی هۆکەر هەنتەر جارێکی دیکەش لە کودەتاکەی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دژی باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری و کۆشکی کۆماری بەکارهێنران کە دژی بەعسییەکان ئەنجام درا و چەند مانگێکی کەم لە دەسەڵاتدا بوون.

## ● هێرشی هەڕەمەکیی ئاسمانی

**بە هۆی هێرشە ئاسمانییە هەڕەمەکییەکانەوە جارێکی دیکە هاووڵاتیانی مەدەنی ڕووبەڕووی نەهامەتیی گەورە بوونەوە**

بە درێژایی ساڵی ١٩٦٣ هێرش لەسەر کوردەکان بەردەوام بوو، پێش ئەوەی هەوڵەکان بە کردەیی بگەنە بنبەست، هەناردەکردنی چەکی بەریتانی بۆ عێراق بەردەوام بوو، ئەمە لەگەڵ گۆڕینی ڕژێمی عێراق و گۆڕینی حکومەتی پارێزگاران بۆ حکومەتی کرێکاران بە سەرۆکایەتیی هارۆڵد ویلسۆن لە ساڵی ١٩٦٤.

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٥، عێراقییەکان بە سەرۆکایەتیی سەرۆك عەبدولسەلام عارف بۆ ماوەی یەك ساڵ درێژەیان بە هێرشە دڕندەکانیان دژی کوردەکان دا.

لە تەممووزی ١٩٦٥ باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئاماژەی بەوە کردووە «قوربانییانی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو دانیشتووانە مەدەنییەکە بوون، کە جارێکی دیکە کەوتنە بەر هێرشە ئاسمانیە هەڕەمەکییەکان، ئەمەش واتە کەوتنە بەر هێرشی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق کە لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی بەریتانیا، فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر و هەزاران ڕۆکێتیان پێ دراوە. هەورەها ئەوەش ئاشکرایە کە بۆمبی ناپاڵم لەلایەن فڕۆکە هەنتەرەکانی عێراقەوە خراوەتە خوارەوە و گوندەکانی لەگەڵ زەوی پێ تەخت کراوە و لە هەندێك ناوچەش پرۆسەی پاکتاوکردنی زۆرەملێیی کورد «Kurdi-sation - De» پیادە کراوە.

**سەدام حوسێن دیکتاتۆرە تازەکەی بەغدا چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان بەکار هێنا، کە لە هەموویان دیارتر بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە بوو**

## ● سەفقەی چەکەکان

**بەریتانیا درێژەی داوە بە ناردنی چەك بۆ عێراق تەنانەت لەو کاتانەشدا کە زانیویەتی دژی کورد بەکار دەهێنرێن**

حکومەتی کرێکاران تەحەددای ئەو بانگهێشتەی پەرلەمانی کرد، کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ داوای کردبوو، هەناردەکردنی چەك بۆ بەغدا ڕابگیرێت، ئاماژەی بەوە کرد «حکومەتی خاوەن شکۆ هیچ نییەتێکی نییە بۆ ڕێگرتن لەو هاریکارییە ئاساییانەی بۆ حکومەتی عێراق لە فۆرمی پێدانی چەکەکاندا».

سەفقەی گەورەی ناردنی چەك ئەو کات لە قۆناغی ئامادەکاریدا بوو، کە بریتی بوو لە ١٧٠٠ ڕۆکێتی فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر کە دەبوو لە تەممووز تەسلیم بکرێن، جارێکی دیکەش زانیاریی تەواو هەبوو، کە ئەو چەکانەش دژی کورد بەکار دەهێنرێن، هەروەها حکومەتی ویلسۆن ڕازی بوو، کە ٤٠ فڕۆکەی شەڕەکەری جۆری «Lightning» بۆ عێراق بنێرێت، کە ئەمەش گەورەترین سەفقەی چەك بوو.

لە لێدوانی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥ وەزارەتی دەرەوە ئاماژە بەوە کراوە «ئێمە درێژەمان داوە بە ناردنی چەك بۆ عێراق، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دژی کورد بەکار هێنرابن. هۆکارەکەش ئەوە بووە کە پارێزگاری لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سوپای عێراق بکەین، کە بە «چینی حوکمڕانی عێراق» وەسف کراون. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی هێنانی چەك لە سۆڤیەت و میسری عەبدولناسر، ئەمەش سوودێکی گەورەی بازرگانی بۆ بەدەست هێناوین».

● **شەڕی کیمیایی**

## بەریتانیا دەیزانی حکومەتی عێراقی گازی ژەهراوی دەست کەوتووە، بەڵام ئامادە نەبوو ڕێگری لە بەکارهێنانی بکات

لە ئابی ١٩٦٥ مستەفا بارزانی سەرۆکی گەورەترین گرووپ لە باکووری عێراق، لە نامەیەکدا بۆ هارۆلد ویلسن ئاماژەی بەوە کردبوو کە «بەغدا قەبارەیەکی گەورەی گازی ژەهراوی کڕیوە، بۆ ئەوەی دژی دانیشتووانی کورد بەکاری بهێنێت».

مستەفا بارزانی داوای لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کردبوو، پرچەککردنی عێراق ڕابگرێت و ڕێگە نەدات عێراق ئەو نییەتەی جێبەجێ بکات، کە بەنیازە هێرشەکانی بە گازی ژەهراوی دژی کوردەکان جێبەجێ بکات.

دۆسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هیچ وەڵامێك لە حکومەتی بەریتانیاوە بۆ وەڵامی ئەو نامەیە و نامەکانی دیکەش نەنێردرانەوە بۆ بارزانی، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شانشینی یەکگرتوو هەموو پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ کوردەکان ڕەت کردووەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەریتانییەکان دەیانزانی کورد لەناو ڕژێمی بەغدا پەیوەندییەکی هەواڵگریی باشیان هەیە، بۆیە ئەوەیان لا ئاشکرا بووە، کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٤ وەزیری بەرگریی عێراق پەیوەندی بە بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتەوە کردووە، داوای سەفقەیەکی ٦٠,٠٠٠ گازی مارك «Gas mark»ی ژەهراوییان کردووە، بۆ ئەوەی بەپەلە دەستیان بکەوێت، لەگەڵ ئەوەی بەریتانیا ئەمەی دەزانی، بەڵام داوایەکەی بارزانی ڕەت کردەوە. بەمەش زۆر بە ڕوونی پیشانیان دا، کە بەرژەوەندیی ئێستایان لە شەڕی کیمیاویدایە.

هەروەها بەرپرسانی بەریتانیا ئەو هەواڵەشیان پێگەیشتبوو، کە لەو بڕوایەدا بوون ڕاست بێت، ئەویش ئەوە بوو «پلانی سوپای عێراق بەو شێوەیە کە کۆتایی بە کێشەی کورد بێنێت».

سەرباری ئەمانە، لە ئەیلوولی ١٩٦٥ باڵیۆزخانەی بەریتانیا نووسیویەتی: «لای عێراقییەکان هەستکردن بە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتی زۆر کەمە بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی، ئەگەر شتەکان وەك خۆیان بمێننەوە و بەرەو خراپتر بڕوات سەبارەت بەوان، لەو بڕوایەدا بوون، کە دەتوانن ئەمە پەردەپۆش بکەن و، سەبارەت بە ڕای گشتی جیهانی زۆر نیگەران نەبن.

لە درێژەی نووسینەکەدا هاتووە «عێراقییەکان وا پیشان دەدەن لە ئێستادا بایەخێکی گرنگ بە شەڕی کیمیاوی دەدەن، مەزندە دەکەین لەوانەیە هەندێك گازی ژەهراوی کۆگاکراویان هەبێت، لە جۆری ئەو گازانەی بۆ نەهێشتنی ئاژاوە بەکار دەهێنرێت، لەوە دەچێت بوتڵەکان بە کردەیی بینرابن».

لەگەڵ ئەوەی یاداشتنامەکە لە بەردەوامیی قسەکانی دەڵێت: «زۆر زەحمەتە لەم بارودۆخەی ئێستا ئەوە ببینین کە عێراقییەکان گازی ژەهراوی بەکار بهێنن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەڵگەی زۆر هەیە، کە کوردەکان هەست بە نیگەرانیی ڕاستەقینە دەکەن، لە ئەگەری بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە دژیان».

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ ئیمزا لەسەر ڕێککەوتنێك کرا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هەندێك مافی خۆبەڕێوەبردن لە باکووری عێراق دەداتە کورد، بەڵام مەزڵوومییەتی کورد و سەرکوتکردنی لەلایەن بەغداوە بەردەوام بوو، کە سەرەنجام لە کۆتایی هەشتاکاندا بەرەو قۆناغێکی نوێی دڕندەیی سەری کێشا.

سەدام حوسێن دیکتاتۆرە تازەکەی بەغدا چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان بەکار هێنا، کە لە هەموویان دیارتر بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە بوو، کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس، لەوانەیە بیریان کردبێتەوە بەریتانیا بەم کارەیان ڕازی دەبێت.

**لە ئەیلوولی ١٩٦٥ باڵیۆزخانەی بەریتانیا نووسیویەتی: «لای عێراقییەکان هەستکردن بە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتی زۆر کەمە بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی، ئەگەر شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە و بەرەو خراپتر بڕوات سەبارەت بەوان**

**لە درێژەی نووسینەکەدا هاتووە «عێراقییەکان وا پیشان دەدەن لە ئێستادا بایەخێکی گرنگ بە شەڕی کیمیاوی دەدەن، مەزندە دەکەین لەوانەیە هەندێک گازی ژەهراوی کۆگاکراویان هەبێت، لە جۆری ئەو گازانەی بۆ نەهێشتنی ئاژاوە بەکار دەهێنرێت، لەوە دەچێت بوتڵەکان بە کردەیی بینرابن»**

● ئەم وتارە کۆمەڵێك پەرەگرافە لە کتێبی مارك کێرتس بە ناونیشانی «بێ بەهابوونی گەل: پێشێلکارییە نهێنییەکانی بەریتانیا لەسەر مافی مرۆڤ
Unpeople: Britains Secret Human Rights Abuses» وەرگیراوە.




ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ لە ئامۆژگای بەناوبانگی بەریتانی کۆنگرەیەکی تایبەت بە ناوی «کۆنگرەی دەستپێشخەریی عێراق ٢٠٢٣» ساز درا، ئەم کۆنگرەیە بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی عێراقە لە ماوەی ساڵێك لە دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و، لەم کۆنگرەیەدا ئاماژە بەوە کرا، لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا هەست دەکرێت پرۆسەی بونیادنی دەوڵەت لە عێراقدا بەرەو باشتربوون هەنگاو هەڵدەگرێت، نرخی نەوت بەرز بووەتەوە بە شێوەیەکی ڕووکەش هەست بە سەقامگیریی ئاسایش دەکرێت و، دەبینرێت ئەم حکومەتە تازەیە هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە پلانی پەرەپێدان و گەشەپێدان و ژێرخانەکانی وڵات بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی باشتر بکات و بەڵێنی ڕیفۆرمێکی سەرتاسەری داوە کە عێراق ئەمڕۆ زۆر زۆر پێویستی پێیەتی، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو هەموو حکومەتەکانی پێشتریش هەمان بەڵێنیان داوە، بەڵام هەوڵەکانیان شکستیان هێنا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرەوپێشچوونی بەردەوام و بناغەیەکی پتەو دەوەستێتە سەر ئەوەی تا چەند دەتوانن لێپرسینەوە بکەن، ئەم واقیعە کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ دەورووژێنێت، وەك: ئایا حکومەتەکەی سوودانی دەتوانێت چارەسەری ئەو تەحەددییانە بە سەرکەوتوویی بکات و ڕیفۆرمی پێویست لە ئابووری و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و سێکتەری ئاسایش بکات؟ ئەو هەنگاوانە چین کە دەبنە گەرەنتی بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییەکانی ڕیفۆرم سەقامگیر بێت و هەڵکشان و داکشانەکانی کەم ببێتەوە و عێراق بەرەو دەوڵەتێکی پتەو ببات و ئەو کێشانەی هەیەتی تێیان پەڕێنێت؟ کاریگەریی ئەم کێشە و بەریەك کەوتنانەی ئیسرائیل و فەلەستین چۆن لەسەر دینامیکیەتی ناوخۆ لە عێراق کاریگەری دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنەکانی سیاسەتی دەرەوە؟

کۆنگرە بۆ گفتوگۆی ئەم پرسانە چوار پەنێڵی تەرخان کردبوو، کە بریتی بوون لە:

١- سیاسەتی عێراق دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بە سەر حکومەتەکەی سوودانی

ئەم بەڕێزانە بەشدارییان تێدا کرد:

- ڕێبەر ئەحمەد خالید، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتاری دەستپێکردنی کۆنگرەکەی خوێندەوە و بەشداریی ئەم پەنێڵەی کرد.

- عەباس ڕازی عامری ئەمینداری گشتیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

- لەهیب هیجل شرۆڤەکاری پێشکەوتوو و تایبەتمەند لەسەر عێراق لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان.

## چاتام هاوس

# کۆنگرەی دەستپێشخەریی عێراق ٢٠٢٣

- ڕێناد مەنسور توێژەری پێشکەوتوو و بەڕێوەبەری دەستپێشخەریی عێراق و بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چاتام هاوس.

٢- لاوان و ئایندەی ئابووری و کۆمەڵگە لە عێراقدا

ئەم بەڕێزانە بەشدارییان تێدا کرد:

- حەیدەر شاکری توێژەر لە بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چاتام هاوس

- هەنا ئەدوار چالاکی مەدەنی و دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی و تۆڕی ژنانی عێراق.

- فارس حەڕام نووسەر و شاعیری عێراقی.

- یاسر مەکی دامەزرێنەری هاوبەش و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی «موجة غیر الحکومیة» .

٣- بەرپەرچدانەوەی حاڵەتی لەناکاوی کەش و هەوا لە عێراقدا

ئەم بەڕێزانە بەشدارییان تێداکرد:

- شوکری حەسەن پسپۆڕی ژینگە لە بەشی جوگرافیای زانکۆی بەسرە.

- گلاد ئالان توێژەری پێشکەوتوو لە بەرنامەی ژینگە و کۆمەڵگەی چاتام هاوس.

- گریگ شابلاند توێژەری میوان لە سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆلێژی لەندەن بۆ ئابووری.

- فەرید یاسین نێردەی کۆماری عێراق بۆ کاروباری کەش و هەوا و ڕاوێژکار بۆ کاروباری گۆڕانگاریی بەردەوامی کەش و هەوا و پەرەپێدانی بەردەوام.

٤- سیاسەتی دەرەوەی عێراق و پێگە هەرێمییەکەی

ئەم بەڕێزانە بەشدارییان تێدا کرد:

- فەرهاد عەلائەددین ڕاوێژکاری کاروباری دەرەوە لە نووسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق.

- ئیڤان بارکس جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی عێراق و یەمەن لە وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلس و پەرەپێدانی بەریتانی.

- عەدنان تەباتەبایی دامەزرێنەری هاوبەش و سەرۆکی جێبەجێکاری دامەزراوەی CAPRO-Boon.

- ڤیکتۆریا تایلۆر جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری عێراق و ئێران لە نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك.

گرێدانی ئەم کۆنگرەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی حکومەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە، کە لە وتاری کردنەوەی ئەم کۆنگرەیەدا ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە گرنگییەوە جەختی لەسەر کردەوە.



رێبەر ئەحمەد لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەی دەستپێخەریی عێراق لە چاتام هاوس:

# ٢٠ساڵ بە سەر ڕووخانی دیکتاتۆریدا تێپەڕیوە هێشتا پرۆسەی فیدراڵی لە عێراقدا بە ناتەواوی ماوەتەوە

ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە وتارێك کۆنگرەی دەستپێشخەریی عێراقی لە ئامۆژگای چاتام هاوس کردەوە و، لەم وتارەدا زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر کێشەکان و، داوای لە بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە کرد، بە ڕاشکاوی گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەن، ئەمەش دەقی وتارەکەیەتی.

خۆشحاڵم ئەمڕۆ بەشداری دەکەم لە کۆنفرانسی دەستپێشخەریی عێراق لە ئەمساڵدا. پێش ئەوەی دیدگە و تێڕوانینی خۆم دەر ببڕم، خوازیارم گوزارشت لە سوپاسگوزاریی خۆم بکەم بۆ چاتام هاوس، بۆ بانگهێشتکردنم بۆ پێشکەشکردنی وتەکانم. پتر لە سەدەیەکە، چاتام هاوس ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە برەودان بە گفتوگۆیەکی کراوە، لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی لە دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو. لە ڕێی دیالۆگی کراوەوە دەتوانین پێکەوە چارەسەری ئەو ئاڵنگارییە هاوبەشانە بکەین، کە پەیوەستن بە بنیادنانی دەوڵەت و حوکمڕانییەوە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

ئامادەبوونمان لێرە و لە ئەمڕۆدا ئاماژەیە بە بوونی ئەو پرسانەی کە پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوە هەیە و، جەختکردنەوەیە لەسەر پابەندبوونی هاوبەشمان لەسەر هێنانەئارای ئایندەیەك، کە تێیدا پێداویستییەکانی گرووپە جۆراوجۆرەکانی عێراق دەستەبەر بکات.

ئومێدی من ئەوەیە کە ئەمڕۆ بتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین: واتە بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە گفتوگۆ لەبارەی کێشەکانمانەوە بکەین و، پێویستە ئەو پرسانە تاوتوێ بکەین، کە بە زۆری لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە باس کراون.

ئێمە لە سەروەختێکدا کۆ دەبینەوە، کە نادڵنیاییەکی گەورە باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە. لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوودا، سەرۆك وەزیران، مەسرور بارزانی لەم سەکۆیەدا وتەیەکی پێشکەش کرد و هۆشداریی دا، لەوەی هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆکارێکی پێشبینی نەکراوی ڕووداوەکانی جیهانە و، ئەوەش سەلمێندراوە کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەی شڵەژانێکی گەورەی جیهان. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی بە بیر هێنایەوە، کە تووشی چ دەرئەنجامێك دەبین، کاتێك ئاوڕ لەم ناوچەیە نادەینەوە و خۆ بە دوور دەگرین لە چارەسەرکردنی کێشە ڕیشەییەکانی و، جەخت لەسەر چارەسەرکردنی نیشانەکان دەکەینەوە، و هەوڵی بێدەنگکردنی ئەو پرسانە دەدەین، کە زۆربەی کات گفتوگۆکردنی ئاشکرا لەبارەیانەوە، حاڵەتێکی باو و بڵاو نەبووە.

عێراق بەدەر نەبووە لەم ئاڵنگارییە.

بیست ساڵ زیاتر تێپەڕیوە بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریدا، بەڵام هێشتا بەرەوپێشچوونی عێراق بە ئاراستەی سیستمێکی فیدراڵی تا ڕاددەیەکی زۆر بە ناتەواوتی ماوەتەوە.

دەستەبەرییە دەستوورییەکانی پەیوەست بە بەرگرتن بە کارەساتەکانی ڕابردوو و نادڵنیاییەکانی ئایندە بۆ کورد و سوننە و شیعە، ڕووبەڕووی

**پێویستە ئەو پرسانە تاوتوێ بکەین، کە بە زۆری لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە باس کراون**

**هێشتا کار و کۆششی زۆر ماوە بۆ هێنانەئارای ئاڵوگۆڕێکی تەواو لە مێژووی دوور و درێژی مەرکەزییەت لە عێراقدا بەرەو سیستمێکی تەواو فیدراڵی**

ئاڵنگاریی ئاشکرا بوونەتەوە. تەنانەت هەندێ لەم برگانە بە تەواوەتی پێچەوانە کراونەتەوە، ئەمەش بووەتە هەڕەشە لەسەر هاوکێشەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستان، و لاوازکردنی ئەو دەستوورەی کە تێکڕای لایەنەکان بە چەشنێکی ئارەزوومەندانە لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەسەندیان کرد.

هێشتا کار و کۆششی زۆر ماوە بۆ هێنانەئارای ئاڵوگۆڕێکی تەواو لە مێژووی دوور و درێژی مەرکەزییەت لە عێراقدا بەرەو سیستمێکی تەواو فیدراڵی. بۆی هەیە بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون لە پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی پەیوەست بە خاکەوە، بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەی نییەتپاکی بە خێزانی کورد بدات، کە بەردەوام ڕووبەڕووی دەرکردن دەبنەوە لە زێدی باوباپیرانیان لە کەرکووك.

پێکهێنانی بەشی دووەمی دەسەڵاتی یاسادانان، یان ئەنجومەنی ئیتیحادی، دەبێتە هۆی پتەوکردنی سیستمی فیدڕاڵ، یاسای دابەشکردنی داهات دەبێتە هۆی ئەوەی هەر گرووپێك پشکی خۆی لە ئایندەدا دەستەبەر بکات، ئەمەش بۆی هەیە ئەو متمانەیە بهێنێتەئاراوە کە لە ئێستادا لە ئارادا نییە.

ئەم سووڕی بێ متمانەییە شایستەی ئەوەیە وردتر لێی بڕوانرێت.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئارامگر بووین، بەڵام ئەنجامدانی ئەرکەکانمان نەبووەتە هۆی دەستەبەرکردنی مافی مانادار بۆ ئێمە و بە بەردەوامی ئەو ڕێککەوتننانە پێشێل کراون، کە بە هۆیانەوە دەبوو پشکی مانگانە لە بودجەی فیدڕاڵی بەدەست بهێنین و لە ئەنجامدا مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوونمان لێ زەوت کراوە.

لە کاتێکدا من لێرەدا وەستاوم، دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو، ناتوانم خۆم لەو هەستە لابدەم کە گەلەکەم، بە چەشنی سەرجەم عێراقییەکان، شایستەی باشترینە.

ئێمە هەموومان ئاواتەخوازی سیستمێکی فیدڕاڵی بووین، کە لە سایەیدا هەموان بە چاوپۆشین لە پاشخانی ئیتنی، یان ئایینییان لەو مافانەی قابیلی زەوتکردن نین و لە سوودە ئابوورییەکان و لە ئاسایشی تاکەکەسی بەهرەمەند بن. بەڵام ئەمە ڕووی نەداوە.

لە هەندێ کاتدا، وا دەرکەوتووە کە هەر گرووپێك ناچار بووە، بەرگری لە خۆی بکات، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەی خۆیدا، ئەویش بە پشتبەستن بە نییەتپاکیی سیاسەتمەدارانی عێراق، یان تەنانەت خراپتر، سیاسەتمەدارانی دەوڵەتە دراوسێکان. ئەمە بەربەستی بۆ بەرەوپێشچوون بە ئاراستەی پتەوکردنی ئاسایشی عێراق دروست کردووە. ئەمەش بە ڕوونی بەرجەستە بووە، لەوەی لە ئێستادا بووەتە ڕۆتینێکی دووبارەبووەوەی هێرشەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەمە مەترسیشی دروست کردووە، لەسەر بەرەوپێشچوونی بارودۆخی دوای داعش، لەگەڵ مەترسیی ئەوەی ئاپۆڕای ئاوارەبوونی خێزانەکان دروست ببێتەوە.

پرسی ئێزدییەکان بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ڕێککەوتنی شنگال کە زیاتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر واژۆ کرا، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان و پەکەکە، بەردەوامن لە داگیرکردنی ناوچەکە، هێشتا حکومەتێکی لۆکاڵی هەڵنەبژێردراوە و ماوەیەکی دوور و درێژە ئێزدییەکان لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەدان بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان و چاویان بڕیوەتە ئایندەیەك کە تێیدا بە شکۆ و سەلامەتییەوە ژیان بەسەر بەرن، ئایندەیەك کە بە پێی خواستی خۆیان دروستی بکەن.

ئاسانە بڵێین ئەگەرەکان دژی عێراقن، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان هێشتا باوەڕمان وایە کە دەکرێت پێشکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بهێنرێت، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە نابێت خاڵی دەستپێك مشتومڕکردن بێت لەسەر گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ عێراقی پێش فیدڕاڵی، یان کۆتاییهێنان بەو پارێزگارییانەی دەستوور دەستەبەری کردوون، بەڵکو دەبێت خاڵی دەستپێك بیناکردن بێت لەسەر ئەوەی بەدەست هێنراوە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئێمە لێرەین، بۆ ئەوەی بە لەخۆبوردووییەوە لەو شکستانە بڕوانین کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە ڕوویان داوە، و بە ڕاشکاوییەوە گفتوگۆ بکەین لەبارەی ئەوەی دەتوانرێت بگۆڕدرێت و، باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەم مەبەستە دیاری بکەین. بێجگە لە چاتام هاوس ناتوانم بیر لە دامەزراوەیەکی دیکە بکەمەوە، کە بتوانێت سەکۆیەکی باشتر دەستەبەر بکات بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم پرس و بیرۆکانەوە.

من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی بەشداریکردنم لەوەی کە دڵنیام لە ماوەی یەك دوو کاتژمێری داهاتوودا مشتومڕێکی بەرهەمدار دەبێت.

زۆر سوپاس.

**پێکهێنانی بەشی دووەمی دەسەڵاتی یاسادانان، یان ئەنجومەنی ئیتیحادی، دەبێتە هۆی پتەوکردنی سیستمی فیدراڵ**

**بە بەردەوامی ئەو ڕێککەوتنانە پێشێل کراون، کە بە هۆیانەوە دەبوو پشکی مانگانە لە بودجەی فیدراڵی بەدەست بهێنین**

**پرسی ئێزدییەکان بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ڕێککەوتنی شنگال کە زیاتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر واژۆ کرا، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە**

**گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان و پەکەکە، بەردەوامن لە داگیرکردنی ناوچەکە**



ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر بۆ گوڵان:

# لەسەر ڕووبەری ١٥ هەزار مەتر پاركێكی گەورە لە هەولێر دروست دەكرێت

# بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا بەرنامە و کاری زۆرمان جێبەجێ کردووە

**پارێزگای هەولێر، بەتایبەتی ناو سەنتەری شاری هەولێر پێشکەوتنێکی خێراو گەشەیەکی بێ وێنە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش وای کردووە پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لە ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و کارەبا ڕوو لە هەڵکشان بکات، ئەمە وێڕای گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کە ئەمڕۆ جیهانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و پارێزگای هەولێریش لەم ڕووبەڕووبوونەوانە بێبەش نییە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە کارزان سەباح هەورامی لە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر ساز دا.**

* با لە دیدارتان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق و کۆبوونەوەکانتان لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دەست پێ بکەین، ئایا لەو زنجیرە دیدار و کۆبوونەوانە باسی چیتان کرد و ئاکامی ئەو کۆبوونەوانە بۆ خەڵکی هەولێر و خزمەتکردنی شارەکە چی بوو؟

- ئەم دیدار و کۆبوونەوانە لە چوارچێوەی بەشداربوونمان بوو لە چوارەمین کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای نیشتمانیی ئاو لە بەغدا، کە وەزیری کشتوکاڵ لە کابینەی حکومەتی هەرێم ئەندامی ئەو لێژنەیە و نوێنەرایەتی دەکات، ئێمەش وەکو پارێزگای هەولێر بەپێی ئەو بەرنامانەی هەمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەولێر، بەشدار بووین، بەتایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ئاوی پاک و خاوێن بۆ ماڵان و ئامادەکارییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لافاو کە لە چوارچێوەی بەرنامە و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجاممان داوە. وەکو ئاگادارن، ڕۆژی ١٤ی ئاداری ئەمساڵ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ سەردانی هەولێری کرد و چەند دیدارێکی هەبوو، لە یەکێک لە دیدارەکان وەکو پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ کۆ بووینەوە، پوختەی کاری گۆڕانکاریی کەش و هەوامان خستەڕوو، لەوێدا توێژینەوە و داواکارییەکم ئاراستەی سەرۆک وەزیران کرد، کە ئەمانە چەند پلانێک بوون، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانانەی بە هۆی گۆڕانکاریی کەش و هەوا ڕوو دەدەن، لە دەرخستەیەکدا کە خۆی لە کۆمەڵێک پرۆژە دەبینێتەوە، ئاراستەی سەرۆک وەزیرانمان کرد، کە بڕی ١٤ ملیار دینارە بۆ شاری هەولێر. هەر ئەو کاتە سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەمەزاندی دا لەسەر دەرخستەکە و لێژنەیەکی تەکنیکی لە بەغداوە هاتن و لێژنەیەکی ئێمەش بە هەمان شێوە لەمبارەیەوە چوونە بەغدا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنە بۆ دەرخستەکە و هەموو قۆناغەکانی بڕی و بووە یەکێک لە بڕگەکانی کۆبوونەوەکەمان لە بەغدا.

**٣٥٠ کیلۆمەتر کەندی سرووشتی پاک کراونەتەوە**

**کارەکانی هەردوو بەنداوی گۆمەسپان و بەستۆرە زۆر بە باشی بەڕێوەدەچن**

**هەولێر لە ستانداری نێودەوڵەتی بۆ سەوزایی نزیک بووەتەوە**

*** ئایا دەکرێت بزانین بەرنامە و پلانی ئێوە چی بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی وشکەساڵی و کەم ئاوی و تێڕوانینی بەغدا لەو بارەیەوە چۆن بوو؟**

- ئێستا بابەتی گەرمی ناوچەکە و جیهانیش چۆنیەتی ئیدارەدانی قەیرانی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەئەنجامی گۆڕانگاری کەشوهەوا هاتوونەتە ئاراوە، هەموو ئاژانسە جیهانییەکانی تایبەت بە کەش و هەوا و دەوڵەتان خەریکن بەرنامە دادەنێن و پلانی خۆیان هەیە، ئێمەش وەك هەولێر بەرنامە و پلانی خۆمان هەیە و لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێك پرۆژە هەبوون کە ئەنجام دراون، لەوانە ٣٥٠ کیلۆمەتر کەندە سرووشتییەکانی هەولێر چاك کراون و پاك کراونەتەوە، پۆندەکان کاریان لەسەر کراوە و لێدانی بیر و بەفیڕۆدانی ئاویش ڕێکاری خۆی بۆ گیراوەتەبەر، ئەو پارەیەش کە داوا کراوە، بڕی ١٤ ملیار دینارە بۆ هەولێر و چاوەڕانین حکومەتی عێراق خەرجی بکات، لەو پارەیە ٦ ملیاری بۆ لێدانی بیری نوێیە کە ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر بیر لێ دران و زۆربەیان وشك دەبوون، هاوکات ٤ ملیار دیناری دیکە بۆ سیانەی ئیفرازی ١و٢و٣یە و ٤ ملیاری دیکە بۆ ژمارەیەك پۆند بووە بۆ دەوروبەری هەولێر، کە شێوەیەکی جوان دەبەخشێت بە سرووشتی کوردستان و ئاوێکی زۆریش گل دەداتەوە. چاوەڕوانین کە بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەوەی ئەو پارەیە خەرج بکرێت، لە کاتێکدا ئەم داواکارییە کراوە، زۆر زیاتر لەو ڕێژە پارەیە حکومەتی هەرێم و بەڕێز سەرۆك وەزیرانی کوردستان بۆ شاری هەولێر تەرخانی کردووە، هەرچەندە نەهاتنی شایستەی دارایی لە بەغداوە کاریگەری لەسەر سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری هەبووە، بۆیە زۆر لە داواکارییەکانمان ئاراستەی بەغدا کردووە، تەنانەت سەرۆك وەزیرانی عێراق پێزانینی هەبوو بۆ ڕێکارەکانمان و لەبەر گرنگیی ئەو بابەتە داواکاریی هەولێری هێنایە پێشەوەی ئەو بڕگانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریی کەش و هەوا دانراون، ئەوەی گرنگە ئەو پارەیە بۆ لێدانی بیری تازە و سیانەی تۆڕەکانی ئاو و ژمارەیەك پۆندە، خۆشبەختانە بەشداربووانی کۆبوونەوەی بەغدا ڕەزامەندییان لەسەر پرۆژەی ئێمە دا، لە پێناوی دەرچوون لە مەترسیی لافاو و وشکەساڵی.

*** کەواتە دەکرێت بپرسین پلانتان چییە لەگەڵ بەغدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانگاریی کەش و هەوا؟**

- بڕیاری دروستکردنی سندوقێك دراوە لە ئاستی هەموو عێراق بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاو بکرێت و پێش بخرێت و گۆڕانگاریی باشی تێدا بکرێت، ئەم سندوقە ئیتحادی دەبێت، بەڵام بەپێی دەستوور هەرێمی کوردستانیش لەو چوارچێوەیەدا دەبێت و بێبەش ناکرێت، بەپێی ئەو بڕیارەی هەیە، سوودمەند دەبێت، کە هیوادارین ئەزموونی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە، لەوەی لە دەرەوەی ڕێککەوتن و لێگەیشتنەکان کوردستان بێبەش بکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت.

*** پرۆژەی ئاوی (ئیفراز چوار) کە زۆر گرنگە بۆ کۆتاییهاتن بە کێشەی ئاوی خاوێن لە شاری هەولێر ئایا ئەم پرۆژەیە بە کوێ گەیشتووە؟**

- هەولێر لە بابەتی ئاو هەنگاوی باشی ناوە، ئێستا کار لەسەر بەنداوی گۆمەسپان دەکرێت، کە پرۆژەیەکی گرنگ و گەورەیە و بەنداوی بەستۆرە بە هەمان شێوە ڕەنگە تا کۆتایی ئەمساڵ تەواو بکرێت، هەولێر ئێستا بە ڕێژەی ٥٠٪ پشتی بە ئاوی سەر زەوی و ٥٠٪ پشتی بە ئاوی ژێر زەوی بەستووە، پرۆژەی ئیفراز چوار لە چوارچێوەی پلان و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێم بووە و بەداخەوە بە هۆی قەیرانی دارایی و بابەتی نەهاتنی شایستە داراییەکانی کوردستان نەتوانراوە وەك خۆی ئەو پرۆژەیە بەرەوپێش بچێت، بۆیە ئێمە بۆ پارێزگاری لە ئاوی ژێر زەوی و دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی دیکە بۆ هەولێر، لە چوارچێوەی ئاوی ئیفراز چوار، یان هەر ناوێکی دیکە بۆ ئەو پرۆژەیە لە ئاوی زێوە پرۆژەیەکمان ئامادە کرد، کە چوار قۆناغە و هەر قۆناغێك ١٥٠ ملیۆن دینارە، بۆ قۆناغی یەکەمی ئەو پرۆژەیە داوای قەرزمان لە وڵاتی سعودییە کردووە، کە لەم قۆناغەدا بارتەقای ئاوی ئیفراز ٣ی هەولێر ئاو بۆ هەولێر دابین دەکات، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستن، کە چوار دەوری هەولێریش سوودمەند دەبێت، دواتر قۆناغی دیکەی بە دوادا دێت، بۆیە لە ماوەی ڕابردوو لە سندوقی قەرزی سعودییە داوای ئەو قەرزەمان کردووە، نامەیەکی

**نەهاتنی شایستەی دارایی لە بەغداوە کاریگەری لەسەر سێکتەرەکان خزمەتگوزاری هەبووە**

**بڕیاری دروستکردنی سندوقێک دراوە لە ئاستی هەموو عێراق بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاو بکرێت و پێش بخرێت و گۆڕانگاریی باشی تێدا بکرێت**

**هەولێر ئێستا بە ڕێژەی ٥٠٪ پشتی بە ئاوی سەر زەوی و٥٠٪ پشتی بە ئاوی ژێر زەوی بەستووە**

**کاری جددی لەسەر سەوزکردنی هەولێر کراوە و سەرکەوتنی گەورە بەدەست هاتووە**

تایبەتیی سەرۆك وەزیرانی کوردستان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی سعودیە کراوە، شاندێکمان سەردانی سعودییەی کرد و لەگەڵ سندوقی قەرزی سعودییە گفتوگۆمان کرد، لەوێ چەند لایەنێکی پەیوەندیدارمان بینی، وەزیری وەبەرهێنانی سعودییەمان بینی، گفتوگۆکانمان ئەنجامی زۆر باشیان هەبوو، پڕۆژەکەمان قبووڵ کرا، بەڵام لە ئاستی سعودییە و عێراق لێژنەیەك هەیە، پێی دەگوترێت لێژنەی هەماهەنگی، لەو لێژنەیە چەند وەزیری سعودییە و عێراق ئەندامن، ئێمە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی سعودییە و نامەکەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان کە کاریگەریی زۆری هەبوو، دواتر ئەم بابەتە هاتەوە بۆ عێراق و لەلایەن وەزیری پلاندانانی عێراق و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و ئاراستەی لێژنەی هەماهەنگی و یاسایی دەکرێت، بۆ ئەوەی لە میزانییەی عێراق لە ٢٠٢٤ داخل بکرێت.

*** وەکو پارێزگاری هەولێر پێت وانییە ئەو گەشە و ئاوەدانییەی کە لە هەولێردا هەیە، پێویست دەکات بودجە و پارەیەکی زۆری لە بواری خزمەتگوزارییەکاندا بۆ دابین بکرێت؟**

- کاری جددی لەسەر سەوزکردنی هەولێر کراوە و سەرکەوتنی گەورە بەدەست هاتووە، هەر لە سەوزکردنی ڕێگای شەقامەکانی ناوەوە و دروستکردنی پارکی نوێ و بایەخدان بە سەوزایی لە دەوروپشتی هەولێر و ئاسانکاری بۆ سەوزایی بە شێوەی ستاندار وای کردووە، ئێستا هەولێر لە ستانداری نێودەوڵەتی بۆ سەوزایی نزیك بووەتەوە، دوایین پرۆژە بۆ سەوزکردنی هەولێر کارکردنە لەسەر چاندنی نەمام و سەوزکردنی بەشێك لە شەقامی ١٥٠ مەتری لە هەولێر، لە ئاستی ڕێگاوبانیش پارێزگای هەولێر هەنگاوی قورس و گرنگی هەڵگرتووە، ئێستا باشترین ڕێگاوبانەکان لە عێراقدا لە هەولێر ڕەنگ دەداتەوە و بەدروستکردنی شەقامی ١٢٠ و ١٥٠ مەتری ئەوەندەی دیکە فشاری ناوخۆی لەشەر شەقامەکانی ناوشار کەم کردووەتەوە، جگە لەوەش سیمایەکی جوانی بە شار بەخشیوە و کارکردن لە تەواوکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری دەست پێ دەکات. بەشێکی زۆری ڕێگا نوێیەکانی هەولێر بە شێوەی ستانداری نێودەوڵەتی کراون و ئاستێکی گەورەی تۆمار کردووە لە بەرزیی کوالیێت و جوانیی سیماکانیان و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و هەولێری خۆشەویست بەردەوام دەبین لە دروستکردنی پڕۆژەی گرنگی ستراتیژی و هەولێر بە شێوەیەکی خێرا گەشە دەکات. بریارە ئیماراتییەکانیش پڕۆژەیەکی گرنگ و قورس لە هەولێر ئەنجام بدەن، کە سەرمایەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرێت، بەم شێوە بڕوات، هەولێر دەبێتە ناوەندێکی گرنگی ئابووری و وەبەرهێنان و بازرگانی لە ناوچەکە، چونکە ئاماژەکان هەموویان بۆ ئەوەن کە کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی بە ئاراستەی هەولێر و ئابووریی هەولێر هەنگاو بنێنن. ماوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا کونسوولی چین سەردانی کردین، ستایشی ئەو پێشکەوتن و ئاوەدانییەی کرد کە لە هەولێری پایتەخت هاتووەتە ئاراوە و ئاماژەی بەوە دا، لە هەولێر وەك شارێکی مێژوویی و دێرین هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەن. بۆیە چاومان لەوەیە گەورە کۆمپانیاکانی چین و ئەمریکا و و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپایی زیاتر بێنە هەولێر و لێرە وەبەرهێنان بکەن. ئەوەتا لە ئەنجامی دیدارمان لەگەل کونسووڵی چین گفتوگۆ لە بارەی پڕۆژەی دروستکردنی پارکێکی گەورە کرا. لەم نزیکانە پارکێکی گەورە بە دیزاینێکی سەردەمییانە و لەسەر شێوازی چینی و بە ڕووبەری (١٥ هەزار مەتر چوارگۆشە) لەلایەن کونسووڵخانەی چین و بەسەرپەرشتیی پارێزگای هەولێر دەست بە دروستکردنی دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی دروستکردنی ئەم پارکە دەبێت بە پاڵپشت و هاوکار بۆ ژینگەیەکی تەندروست و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر. لە دیدارمان لەگەڵ کونسووڵی چین جگە لە باسکردن لە ڕێکارەکانی پێدانی ڤیزای وڵاتی چین کە لەلایەن کونسووڵخانەی ئەو وڵاتەوە، هەموو ئامادەکارییەك کراوە و لەسەری ساڵی نوێوە لە هەولێر ڤیزای چین لە کونسووڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر بە هاووڵاتییان دەدرێت، پاشان کونسووڵی گشتیی وڵاتی چین، بە فەرمی بانگهێشتی کردین بۆ سەردانیکردنی وڵاتی چین و پارێزگاکانی وڵاتەکەی و خواستی ئەوەی نیشان دا، کە هەولێری پایتەخت ببێت بە دەستەخوشکی یەکێك لە پارێزگاکانی وڵاتەکەی، منیش ئەوەم قبووڵ کرد.

**بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و هەولێری خۆشەویست بەردەوام دەبین لە دروستکردنی پڕۆژەی گرنگی ستراتیژی و هەولێر بە شێوەیەکی خێرا گەشە دەکات**

**ئاماژەکان هەموویان بۆ ئەوەن کە کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی بە ئاراستەی هەولێر و ئابووریی هەولێر هەنگاو بنێنن**

**لەم نزیکانە پارکێکی گەورە بە دیزاینێکی سەردەمییانە و لەسەر شێوازی چینی و بە ڕووبەری (١٥ هەزار مەتر چوارگۆشە) لەلایەن کونسووڵخانەی چین و بەسەرپەرشتیی پارێزگای هەولێر دەست بە دروستکردنی دەکرێت**

**لەسەری ساڵی نوێوە لە هەولێر ڤیزای چین لە کونسووڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر بە هاووڵاتییان دەدرێت**



**کلارا عودیشۆ**

**ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکاری ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو گەلی کوردستانە بە کریستیانەکانیشەوە

# بیانووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر کۆتاکان تەنیا بۆ ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنە

**پێکهاتەکان وەکو دانیشتووانی ڕەسەنی کوردستان بەپێی یاسا مافەکانیان لە هەڵبژاردنەکان بۆ دیاری کراوە، ئەوەش بەپێی کۆتاکان، تاوەکو بەشداریی کارایان لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، ماوەیەکە بە بیانووی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و کێشە دروستکردن بۆ کورسیی کۆتاکان، وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دواخراوە، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە ماف و داواکاریی مەسیحییەکان، دیمانەیەکی لەگەڵ خاتوو کلارا عودیشۆ ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری ئەنجام دا.**

* ئێوە وەکو پێکهاتەیەکی گرنگ ئایا پێتان وانییە هەڵمەتێك دژی بەشداریی سیاسی، بە بیانووی دەستکاریکردنی کورسیی کۆتاکان لە دژتان دەستی پێ کردووە؟ ئایا ئەو خاڵە ناکۆکانە چی بوون، کە بوونە ڕێگر لەسەر ئەوەی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە؟

- بە هۆی ململانێیی سیاسی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نەگیشتنە ڕێککەوتن و، هەندێ لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەیانویست بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان لە هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردندا بێتەدی و، لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە بەرژەوەندیی هەموو گەلی کوردستان بەپێی یاسا ڕەچاو بکرێت، لە ئەنجامدا ململانێیەکی توند لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر کورسیی کۆتا دروست بوو، کە لایەن و حزبی سیاسیی کوردستانی هەبوو دەیویست کورسیی کۆتای پێکهاتەکان کەم بکرێتەوە، ئەمەش ناهەقییەك بوو بەرانبەر ئێمەی پێکهاتەی ڕەسەنی کوردستان، خاڵێکی دیکەی ناکۆکییەکان ئەوە بوو، کە لایەن هەبوو دەیویست سیستمی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان بە چوار بازنە بێت، لە کاتێکدا بە هیچ جۆرێك بۆ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان گونجاو نییە، چونکە بە هۆی چوار بازنەوە لە بری یەك بازنە، دەنگ و ڕەنگ و ژمارەی دەنگدەرانی پێکهاتەکانی وەك مەسیحی بەگشتی و تورکمان و ئەوانی دیکە بزر و پەرش و بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو خاڵەش نەبووین و قبووڵمان نەکرد، خاڵێکی دیکە کە بووە هۆی ئەوەی گفتوگۆی توندی لەسەر بکرێت، ئەوە بوو کە لایەن و حزب و فراکسیۆن هەبوون، ئێمەی پێکهاتەکانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە ئێمە ڕاوبۆچوون و دەنگمان لەگەڵ فراکسیۆنێکی ناو پەرلەمانی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە لایەن و حزبی کوردستانی هەبوون، بە هەموو توانا و شێوەیەك هەوڵیان دەدا هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بیانوویان دەدۆزییەوە

**هەندێ لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەیانویست بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان لە هەموارکردنی یاسایی هەڵبژاردندا بێتەدی و، لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە بەرژەوەندیی هەموو گەلی کوردستان بەپێی یاسا ڕەچاو بکرێت**

**هیچ لایەنێکی دیکەی کوردستانی جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوە نییە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت**

**هەق و مافی خەڵک و گەلی کوردستانە کە هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، تاوەکو ئەو حزب و لایەنانەی خزمەتیان نەکردون و بەرژەوەندیی گەلی کوردستانیان ختووەتەبەر مەترسی، بە دەنگ و مافی خۆیان سزایان بدەن**

**وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان، باش دەزانین پاراستنی ناسنامەی ئێمە و خەڵکەکەمان لەوەدایە کە قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان وەک چاوی خۆمان بپارێزین**

تا یاسای هەڵبژاردن هەموار نەکرێتەوە، چونکە ئەو لایەن و حزبە دڵنیان کە لەو هەڵبژاردنەی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستاندا کورسییان کەم دەبێتەوە.

*** بە ڕای ئێوە وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی کلدانی ئاشووری سریانی، گرنگیی دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە چیدایە؟ ئایا بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان چ لایەنیکی دیکە ئامادە و پەرۆشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە شوباتی داهاتوو ئەنجام بدرێت؟**

- بە ڕای من هیچ لایەنێکی دیکەی کوردستانی جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوە نییە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت، ئەو حزب و لایەنانەی نایانەوێت هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، ئەوە ڕاستەوخۆ ئەو مەرام و مەبەستەی هەیانە ڕای ناگەیەنن، بەڵکو بەربەست و بیانوو دەهێننە پێش پرۆسەکە، تا دوا بکەوێت، یان هەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەو لایەن و حزبانە متمانەیان لە ناو جەماوەرەکەیان و گەلی کوردستاندا زۆر دابەزیوە و ناتوانن ئەو ڕێژە و کورسییە بێنن کە قەناعەتیان پێی هەیە، بۆیە یەکێ لەو بەربەستانەی کە دروستیان کردووە، بەتایبەت بۆ دواکەوتنی هەڵبژاردنەکە ئەو سکاڵایەیە کە پێشکەش بە دادگای فیدراڵییان کردووە، کە کورسیی کۆتای پێکهاتەی نەتەوەی ڕەسەنی تورکمان نەهێڵن، لەلایەکی دیکەوە زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تاکە حزب و لایەن کە دەیەوێت قەوارەی کوردستان بە بەهێزی و سەرکەوتوویی بمێنێتەوە، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە. هەروەها هەق و مافی خەڵك و گەلی کوردستانە کە هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، تاوەکو ئەو حزب و لایەنانەی خزمەتیان نەکردون و بەرژەوەندیی گەلی کوردستانیان ختووەتەبەر مەترسی، بە دەنگ و مافی خۆیان سزایان بدەن. ئێمەش وەك پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان، باش دەزانین پاراستنی ناسنامەی ئێمە و خەڵکەکەمان لەوەدایە کە قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان وەك چاوی خۆمان بپارێزین و لەگەڵ ئەو لایەن و حزب و فراکسیۆنەش بین کە داکۆکیکار و پاڵپشتە بۆ ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان، کە ئەویش تەنیا فراکسیۆن و لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە ڕابەرایەتی و کاریزمایی مەرجەعی گەلی کوردستان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی.

*** جگە لەوەی لە ڕێگەی دادگای فیدراڵیی عێراقەوە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشێندرایەوە، ئێستا جارێکی دیکە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەم پرسەیان بردووەتە دادگای فیدراڵی و دەیانەوێت بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان دابەش بکات، ئایا ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەڵوێستتان لەم بارەوە چییە؟**

- ئەو سکاڵایەی کە پێشکەش بە دادگای فیدراڵی کراوە، مۆدیل و کۆسپێکی دیکەیە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بکەوێت، چونکە لێرەدا بەو سکاڵایەی ئەو لایەنە کوردستانییە بەربەست لە بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دروست دەبێت، ئەمەش مەترسی و زیانێکی زۆر گەورەیە لەسەر ئەو قەوارە دیموکرات و ئازاد و یاساییەی کوردستان، چونکە ئەو لایەنانەی ئەو کردەوە و بەربەستانە دروست دەکەن، دەیانەوێت خەونە خراپەکانیان بۆ ماوەیەکیش بێت، بێتەدی. بە ڕاشکاوی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لایەنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو موزایەدەی سیاسی و مەبەستی خۆیان، هەوڵ دەدەن بەربەست و بیانوو دروست بکەن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، چونکە دڵنیان کە متمانەی جەماوەر و خەڵکیان بەگشتی و نفووسی خۆشیان لە دەست داوە و ناتوانن ئەو دەنگ و کورسییانەی هەیانبووە، بەدەستی بهێننەوە. هەروەها یەکێتی سکاڵاکەی بۆ گۆڕانکاریی ماددەکانی (١ و ٩ و ١٥ و ٢٢ و ٣٦) یاسایی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی تێکڕای هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کردووە، لە کاتێکدا ئەو سکاڵایە ئەگەر بە پێی داواکاریی یەکێتی دەربچێت، ئەمە زیانێکی زۆر بە

هەموو پێکهاتەکانی کوردستان و قەوارەی هەرێم دەگەیەنێت، بەتایبەت بە نەتەوەی تورکمان و، ناهەقییەکی گەورەیە بەرانبەر هەموو لایەکمان لەو هەرێمە سەقامگیرە، ئەمەی یەکێتی دەیکات، دواجار زۆر لە سەریان دەکەوێت.

*** بیانووی حزبە کوردستانییەکان بۆ دابەشکردنی کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ئەوەیە کە دەڵێن: «ئەم کۆتایانە بەشێکن لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان»، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئێوە چۆن سەیری ئەم خاڵە دەکەن کە پشتگیریی فراکسیۆنی پارتی دەکەن؟ لەکام خاڵە هاوبەشەوە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لەلایەنەکانی دیکە بە باشتر دەزانن؟**

- لەو پرسیار و پرسەدا زۆر بە ڕاشکاوانە و بە واقیعی دەڵێین تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ لایەن و حزبێکمان نەبینیوە کە داکۆکی و پاڵپشتی لە ماف و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئایینی ئێمە بکات، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی نەبێت، ئێمە تەماشای کار و کردەوەکان دەکەین، نەك قسەی باق و بریقەدار، لەلایەکی دیکەوە لە هەموو دونیا و لە هەموو وڵاتێکدا هاوپەیمانی لەنێوان لایەن و حزبەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دروست دەکرێت، ئێمەش هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و، لە ناو پەرلەمانیشدا بۆ هەر بابەت و پرۆژەیەك، گفتوگۆ دەکەین و سەرنجی خۆمان دەدەین و حیسابیش بۆ قسە و سەرنجەکانمان دەکرێت و، هەندێك جار سەرنجی جیاشمان لەگەڵ پارتی هەیە، کە ئەوانیش ڕێز لە پێشنیار و سەرنجەکانمان دەگرن، هەروەها لێرەدا تەئکید دەکەمەوە کە جەنابی سەرۆک بارزانی سەمامی ئەمانە بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان، ئەو ئاماژەیەشمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر هەڵویست و کار و بڕیاری جوان و گرنگی جەنابی مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانمان بینیوە، بۆیە ئێمەش هەڵویست و بڕیار و هاوپەیمانیمان هەر لەگەڵ پارتییە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر پاڵپشتیی پارتی نەبووایە، ئەوە ئێمە وەك پێکهاتەی مەسیحی و هەموو پێکهاتەکانی دیکە، چەندین یاسا هەبووە لە دژمان دەردەچوو، کە مەترسی و زیانی گەورەی دەخستە سەر ژیان و بارودۆخی ئێمەی پێکهاتەکان. هاوکات لەو کاتەی کە تیرۆریستان پەلاماری کریستیانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیان د،ا بەتایبەتی کە تیرۆریستانی داعش پەلاماری دەشتی نەینەوایان دا، هەڵویست و بڕیاری سەرۆك مسعود بارزانی و حکومەتی کوردستان نەبووایە، کە هەموو سنوور و دەروازەکانیان بە ڕووی خەڵکی ئێمەدا کردەوە، ئەوە ئێمە بەشێکی زۆرمان وەك کریستیان لەناو دەچووین.

**هاوپەیمانی لە نێوان لایەن و حزبەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دروست دەکرێت، ئێمەش هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە**

*** ئێوە وەك کلدانی ئاشووری سریانی، لە هەرێمی کوردستان مەزندەتان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان چییە و بەشداریی ئێوە لە حکومەتی داهاتووی کوردستان چۆن دەبینن؟**

- ئێمە وەك کریستیانەکان چەندین حزب و لایەنی سیاسیمان هەیە و لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و تا ڕاپەڕینیش بەشداریمان لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان کردووە، هەموو کات ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانین، چونکە دەزانین تاکە لایەن و حزبە لەسەر بیر و عەقیدەی بارزان و باوکی ڕۆحی مەلا مستەفا بارزانی بۆ هەموو گەل و پێکهاتەکانی کوردستان هەوڵ دەدات. پارتی دەیەوێت هەموو پێکهاتەکان بە کوردیشەوە بە یەکەوە هەرێم و قەوارەکەی ئیدارە بدەن و پارێزگاری لێ بکەن، ئێمە ئامادەین بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژارنەی کە بڕیارە لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت و لەو خول و کابینەیەی دێتەپێش، وەك جاران و زیاتریش بەشدار و کارا بین بۆ سەرخستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئێمە بە هاوپەیمانیی پێنج لایەن و حزبی کریستیانی کە (جووڵانەوەی دیموکراتی ئاشووری و ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری و پارتی نیشتمانی ئاشووری و یەکێتیی نیشتمانیی بەیت نەهرەین و حزبی ئەبنائی نەهرەین) پێك هاتووە، بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەکەین و ئومێدی زۆریشمان هەیە کە دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو بەدەست بهێنین.

**هەندێك جار سەرنجی جیاشمان لەگەڵ پارتی هەیە، ئەوانیش ڕێز لە پێشنیار و سەرنجەکانمان دەگرن**

**ئەگەر پاڵپشتیی پارتی نەبووایە، ئەوە ئێمە وەك پێکهاتەی مەسیحی و هەموو پێکهاتەکانی دیکە، چەندین یاسا هەبووە لە دژمان دەردەچوو**




# دەنگدان بە ١٩٧ دەنگدانە بە خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمارەیەك کاندید لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، لە پارێزگاکانی (کەرکووك، نەینەوا، دیالە و سەلاحەدین) بەشداری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات. پارتی جگە لەوەی سازش لەسەر کوردستانییەتی ئەم ناوچانە ناکات، هاوکات بە لیستێك کاندیدی بەهێزیش بەشداری دەکات، کە نوێنەرایەتیی تەواوی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دەکەن، ئەمەش لە پێناو ئەوەی بۆ ئەم جارە پارتی بە هێزەوە لە حکومەتە لۆکاڵییەکاندا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبێت و، ئەزموونی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بگوازێتەوە بۆ تەواوی ئەو ناوچانەی کە بە نائارامی و بە خراپیی خزمەتگوزاری، ناوبانگێکی خراپیان دەرکردووە و، خەڵك لە ماڵ و حاڵی خۆیان دڵنیا نین، بەتایبەتی هەر دوو پێکهاتەی کورد و تورکمان، کە کەوتوونەتە بەردەم شاڵاوێکی داگیرکردنی خاك و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییان. ئەم جارە سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان شانازی بەوەوە دەکەن، کە لە ناو ئەو لیستەدا نوێنەرایەتییان هەیە، کە لە ڕەتکردنەوەی تیرۆر و ناسەقامگیری و پاوانخوازی و شۆڤێنییەت و زوڵم و چەوسانەوەدا ڕاوەستاوە و، لە شەڕی داعشدا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان سەلماندیان کە بە خوێن و قوربانی پارێزگاری لە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکەن. پارتی لە هەڵمەتەکەیدا زۆر جەخت لەسەر هێمنی و ئاشتی و پێکەوەژیان دەکاتەوە و، هەموو ناوزڕاندن و تەشهیر و توندوتیژییەك ڕەت دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەوانەی خۆیان بوونە هۆکار بۆ لەدەستدانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشڕەویی میلیشیات و هێزە چەکدارەکانیان کرد و، بوونە هۆی لەدەستدانی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیی خەڵك.

لە چوارچێوەی زنجیرە دیدارەکانی گۆڤاری گوڵاندا کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان بەردەوامە و ئەوان بانگەشە بۆ خۆشگوزەرانی و باشکردنی بژێویی ژیانی خەڵك و دادپەروەری و پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی دەکەن، لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان ژمارەیەك کاندیدی دیکەی لیستی ١٩٧ ڕا و سەرنجی خۆیان دەخەنە ڕوو.




**دکتۆر سامان محەمەد شەریف کاندیدی ژمارە ٢١ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# دەنگدان بە لیستی ١٩٧ دەنگدانە بە گەڕانەوەی مافی خوراوی کەرکووکییەکان و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان

کەرکووك لە ڕووی خزمەتگوزاری و سوودوەرگرتن لەو سامانە گەورەیەی نەوت و غاز کە هەیەتی، بە شێوەیەکی زۆر خراپ فەرامۆش کراوە و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی سوودیان لێ وەرنەگرتووە.، پارتی لە قۆناغە مێژووییەکاندا بە کردار سەلماندوویەتی کە ئەو کاتەی لە کەرکووك بووە، خزمەتی خەڵکی کەرکووکی کردووە و ڕێگەی نەداوە کەرکووك و سامانەکەی پاوانخواز بکرێت، بەم شێوەیەی ئێستا کە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر هاتە ئاراوە، پشتگوێ بخرێت.

پارتی و ڕێبازی بارزانی پارێزەری کوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووك، کە لە ناو ڕێبازی بارزانیدا ئەم شارە بە دڵی کوردستان دادەنرێت و قوربانییەکی زۆری لە پێناودا داوە، بۆیە ئێمەی کاندیدانی ئەم لیستە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە، داکۆکی لە مافی کەرکووکییەکان دەکەین و کار دەکەین لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانیدا، ئێمە باش دەزانین کە کەرکووك لە بواری سامانی ژێر زەوی و سەر زەویدا چەند دەوڵەمەندە و بە شارێکی نەوتی ناسراوە، کەچی لە ڕووی خزمەتگوزاری و پاکوخاوێنی و دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵکە ڕەسەنەکەی، لە دواوەی هەموو پارێزگا و شارەکانی دیکەی عێراقە، بۆیە پەیامی من پەیامی خزمەتگوزارییە بۆ بونیادنانی

شارێکی پاك و مۆدێرن و پڕ لە خزمەتگوزاری و پاراستنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کەرکوك، هاوکات ئەگەر دەنگدەران متمانەی خۆیانم پێ بدەن، ئەوا بەو پەڕی توانامەوە و بە پاڵپشتیی سەرۆك بارزانی، داکۆکی لە گەنجەکان دەکەم بۆ ئەوەی هەلی کاریان دەست بکەوێت و ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە شارەکەمدا کەم بکرێتەوە، بەتایبەتی دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی پەیمانگە و کۆلێژەکان، کە لە ئێستادا بەدەست بێکاری و نەبوونی هەلی دامەزراندنەوە دەناڵێنن.

پەیامی من بۆ خەڵکی شاری کەرکوك و تەواوی پارێزگاکەم، بریتییە لە:

- بەهێزکردنی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینزاکانی شاری کەرکوك.
- دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگە و زانکۆکان.
- گەڕانەوەی مافی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە و دژایەتیکردنی هەموو گۆڕینێکی تۆپۆگرافیای شارەکە .
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانیی شاری کەرکوك و هەموو پارێزگاکە.
- هەڵگرتنی هەموو خۆسەپاندن و پەراوێزخستنێکی نەتەوەیی.
- گرنگیدان بە لایەنی خزمەتگوزاری بە بێ جیاوازی و بە شێوەیەکی دادپەروەری، لە نێوان هەموو گەڕەکەکانی شارەکە و قەزا و ناحیەکانی پارێزگاکەدا.
- گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی و پاراستنی ژینگە کە وای کردووە، ڕێژەی تەشەنەکردنی نەخۆشی بەرز بێت، بە هۆی پیسبوونی ژینگە و دەرهێنانی نەوتێکی زۆر بە بێ ڕەچاوکردنی لایەنی زانستی و ژینگەیی.
- کۆتاییهاتن بە دیاردەی چەکداری و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی پۆلیس و یاسا.

لەم ڕوانگەیەوە داوا لە سەرجەم کەرکووکییەکان دەکەم، لە ڕۆژی دەنگدان ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان بکەن و دەنگ و متمانەم پێ بدەن، بۆ ئەوەی لەژێر چەتری بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کاری جددی بکرێت بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکوك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی.

**مامۆستا ئەمەل سەیفەدین دامرچی، کاندیدی ژمارە ١٦ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای کەرکووک و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیتحادی تورکمانی، بەم جۆرە بۆ گوڵان دوا:**

## سەرۆک بارزانی ڕەمزی پارێزگاری و پاڵپشتیی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە بە ئێمەی نەتەوەی تورکمانیشەوە، بۆیە داواکارم هاووڵاتیانی پارێزگای کەرکووک دەنگ بە لیستی ١٩٧ بدەن

مامۆستا ئەمەل سەیفەدین دامرچی، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیتحادی تورکمانییە، سەبارەت بە خۆکاندیدکردنی دەڵێت: «پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکانی لیستی ١٩٧ لە پارێزگای کەرکووك، لەپێناو سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکاندا تێدەکۆشن. لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و عێراقە، بەتایبەتی ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمانی پێمان وایە سەرۆك بارزانی ڕەمزی بەرگریکاری و پاڵپشتی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە لە سەرانسەری عێراقدا، سەرۆك بارزانی بەردەوام بەرگریی لە مافەکانی ئێمەی

تورکمان کردووە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەتا لە شارێکی وەکو هەولێر زۆرترین تورکمانی تێدایە و لە باشترین و خۆشگوزەرانترین دۆخدا دەژین و کاروکاسبی خۆیان دەکەن و تەواوی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان هەیە، ئێمەش وەکو حزبی ئیتحادی تورکمانی پاڵپشتیی لیستی ١٩٧ی کوردستانی دەکەین، کە هەمیشە پاڵپشت و پارێزەری مافەکانمان بووە وەکو تورکمان. ئێمە هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانین، ئەوەتا لە هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەك مافی تورکمانەکان دراوە، ئەمەش بۆ ڕێباز و عەقیدەی بارزان دەگەڕێتەوە، کە ئەم حزبە و هاوپەیمانەکانی و کاندیدەکانی لەسەر پەروەردە بووە. بۆیە پێویستە و ئەرکی سەرشانی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانە کە دەنگ بە لیستی ١٩٧ بدەن و، بۆ بەرژەوەندیی کەرکووکییەکان بە بێ جیاوازی ڕوو بکەنە سندووقەکانی دەنگدان و چارەنووس و ئایندەی خۆیان و نەوەکانیان زامن بکەن، منیش وەکو کاندیدێکی ئەم لیستە، ئەگەر متمانەم پێ بدەن، ئەوا پارێزەری مافەکانی خەڵکی کەرکووك دەبم و کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم پارێزگایە دەکەم، کە وێڕای دەوڵەمەندیی بە سامانی نەوت و غازی سرووشتی، کەچی لە ڕووی خزمەتگوزاری و ژینگەیی و پەروەردەیی و تەندروستییەوە لە دواوەی پارێزگاکانی دیکە دێت و ڕێژەی بێکاری و هەژاری لەم دەڤەرە ئاستێکی بەرزدایە. لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەم شارە لەلایەن پارێزگارێکی سەپێندراوەوە بەڕێوە دەچێت و هەردوو نەتەوەی کورد و تورکمان لە هەموو مافەکانیان بێبەش بوون، یەك نموونەی ساکار لێرەدا باس دەکەم: پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەگەر سەرژمێریی ٥٧ نەبووایە نەتدەتوانی خانوو یان موڵك بکڕیت، بەڵام دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کە پارتی لێرە نەما، بۆشایی ئەمنی و سیاسی و یاسایی دروست بوو، هەرچی عەرەب هەیە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتن و لێرە لەسەر حیسابی منداڵەکانمان دامەزران و خاك و زەویی کورد و تورکمان داگیر کران، من یەکێك لە درووشمەکانم ئەوەیە کەرکووك بە هەرسێ نەتەوە ڕەسەنەکەیەوە (کورد و تورکمان و عەرەب) جوانە، ئێمە لە کەرکووك تێکەڵی و




خزمایەتیمان لەگەڵ کورد هەیە، ئەوەتا سەرۆك بارزانی تەنیا لەپێناو پاراستنی گیانی تەبایی و سەقامگیریدا بارەگای حزبەکەشی کردە دیاری بۆ منداڵانی کەرکووك و زانکۆکەیان. لە ڕووی ئافرەتانیشەوە، بەو پێپەی من لە ڕێکخراوێکی ئافرەتان کارم کردووە، لە بانگەشەی هەڵبژاردنیشمدا جەختم لەسەر پاراستنی ماف و داواکارییەکانی ئافرەتانی کەرکووکە، کە ڕێژەی بێکاری و هەژاری و پەراوێزخستنیان لە ئاستێکی بەرزدایە. جێگەی شانازیی ئێمەیە کە لە لیستێکداین سەرۆك بارزانی پاڵپشتی دەکات و داکۆکی لە مافی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دەکات. بۆیە پەیامی ئێمە بۆ خەڵکی کەرکووك دەنگدانە بە لیستی ١٩٧ بۆ ڕەتکردنەوەی زوڵم و چەوسانەوە و ڕاگرتنی کاری نایاسایی و کۆتاییهاتن بە خۆسەپاندن، ئەمەش هەمووی لە پێناو سوودوەرگرتن لەو سامانە سرووشتییەی لە کەرکووکدا هەیە، بۆ خزمەتی خەڵکەکەی و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی.

**مافپەروەر هودا خالید ئەلعوبەیدی کاندیدی ژمارە ٢٤ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:**

# ئێمە لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی دەگەیەنینە خەڵکی ڕەسەنی نەینەوا، بۆیە لەلایەن گەورە هۆزە عەرەبییەکانەوە پاڵپشتی و پشتگیرییەکی زۆرمان لێ دەکرێت

مافپەروەر هودا خالید ئەلعوبێدی سەبارەت بە خۆکاندیدکردنی دەڵێت: «بەو پێیەی من لە بواری ئاوارەکاندا کارم کردووە و خزمەتێکی زۆری خەڵکی نەینەوام کردووە، لە پارێزگای دهۆکیش زیاتر لە حەوت قوتابخانەم بونیات ناوە، بۆیە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەم لە ناو لیستێکدا دەست پێ کردووە، کە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لیستی هەموو نەتەوە و پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکانی عێراقیشە، ئەم لیستە نوێنەرایەتیی سەرجەم توێژ و چینەکانی عێراق و نەتەوەکانی دەکات. بارزانی لە ڕۆژە سەختەکاندا سەلماندوویەتی کە سەرکردەی هەموو عێراقییەکانە بە بێ جیاوازی و هەمیشە بە کردەوە کاری بۆ چەسپاندنی پێکەوەژیان و لێبوردەیی کردووە. کاتێك خەڵکەکەمان لە نەینەوا ئاوارەی شاری دهۆك و هەولێر بوون، من لە بواری خزمەتکردن و بەهاناوەچوونی ئاوارەکاندا کارم دەکرد، ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە پارتی حزبێکی مۆدێرن و خاوەنی شکۆ و ڕەسەنایەتییە و پابەندە بە مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان و بۆ ئاشتی و خزمەتگوزاریی خەڵك تێدەکۆشێت، بۆیە داوا لە دانیشتووانی شاری مووسڵ و پارێزگای نەینەوا و دەشتی مووسڵ دەکەم، کە دەنگ بە لیستی خزمەتگوزاری و پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئاوەدانی بدەن، کە ئەویش لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتییە. لەو ساڵانەی خەڵکی بەشەرەف و ڕەسەنی مووسڵ لە هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی عەرەب و کورد و مەسیحی ئاوارە بوون، تەنیا لە پارێزگای دهۆك زیاتر لە ٥٠٠٠ قوتابی لەسەر دەستی ئێمەی مامۆستایان و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە بڕوانامەیان بەدەست هێنا و، پزیشك و ئەندازیار و مافپەروەر و پارێزەر و مامۆستایان لێ دەرچوو».

مافپەروەر هودا خالید ئەلعوبێدی سەبارەت بە نموونەی پێکەوەژیان و هاوکاری و بەهاناوەچوونی بارزانی بۆ ئاوارەکان گوتی: «جوانترین نموونەی پێکەوە ژیان، بەهاناوەچوونی ئاوارەکان بوو لە شەڕی داعش، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی عەرەب و کوردانی ئێزدی کە لە پارێزگای دهۆك پەنا دران، سەرۆك بارزانی سنوورەکان و دەروازەکانی واڵا کرد، لە بەردەم بەهاناوەچوونی لێقەوماواندا، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانێکدا بکات، ئەو هەڵگری پەیمانی خۆشەویستی و ئاشتی و پێکەوەژیانە، منیش دەمەوێت ئەو ئەزموونە مرۆڤایەتییە بگوزازمەوە بۆ شارەکەم لە نەینەوا، ئەوەش بە دەنگدان دەبێت بە کاندیدەکانی لیستی١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە نموونەی پێکەوەژیانی عێراقییەکانە لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان و مەزهەبەکان. من کاتێك لە پەروەردەی دهۆك کارم دەکرد، پێکەوەژیان و نەبوونی گرفت و کێشە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان و ئایین و ئایینزاکاندا زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، پارتییەکان پەروەردەی هزر و بیر و باوەڕێکن کە جیاوازی لە نێوان هیچ تائیفە و نەتەوە و ئایینێکدا ناکەن، بۆیە بارزانی و پارتی هەمووانی لەژێر چەتری پێکەوەژیان و کەلتووری دەوڵەمەندی لێبووردەیی

و خزمەتگوزاریدا کۆ دەکردەوە. بارزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هۆزە گەورەکانی عەرەب لە پارێزگای نەینەوا هەیە، ئەوان بارزانی بە پاڵپشت و داکۆکیکاری سەرسەختی خۆیان دەزانن، بۆیە پەیوەندیی هاتوچۆی بازرگانی و کاروکاسبی و تەنانەت پەیوەندیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان نەینەوا و دهۆکدا، تادێت ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و لەمپەڕانەی لە بەردەم بەهێزبوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان کورد و عەرەبی ئەو سنوورەدا دادەنرێت. پارێزگای نەینەوا برینەکانی تەنیا بە کاندیدەکانی لیستێك سارێژ دەبێت، کە بارزانی و پارتی پاڵپشتی و ڕێنماییان دەکات، بەوەی خزمەتکاری گەلەکەی خۆیان بن و کار بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە پارتی لەکوێ بێت، لەوێ ئاوەدانی و کار و کاسبی و سەقامگیری و پێکەوەژیان هەیە. من زۆر پێم خۆشە شێخە عەرەبەکان لە هۆزە گەورەکان پاڵپشتیمان دەکەن لە ناو لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تا ئێستا ٥٢ هەزار قوتابیمان لە خەڵکی نەینەوا تەنیا لە پارێزگای دهۆك هەیە، ئەزموونی سەرۆك مەسعود بارزانی و پەیامی بۆ خەڵکی نەینەوا لە ڕێگەی ئێمەی کاندیدەکانی لیستی ١٩٧ ئەوەیە کار بۆ پێکەوەژیان و چاندنی خۆشەویستی و تەبایی و سەقامگیری بکەین، سەرۆك بارزانی داواکارە کار بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بکەین و دیاردەی ناکۆکی و چەکداری کۆتایی پێ بهێنرێت و، هەموو تاکێکی عێراقی و کوردستانی لە چوارچێوەی عێراق و کوردستاندا لە ئارامی و خۆشگوزەرانیدا بژین، ئێمە لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی دەگەیەنینە خەڵکی ڕەسەنی نەینەوا، بۆیە گەورە هۆزە عەرەبییەکان پاڵپشتی و پشتگیرییەکی زۆرمان لێ دەکەن، چەند ژمارەی ئەندامانی کاندیدەکانی پارتی لە لیستی ١٩٧ لە ناو پارێزگای نەینەوا زیاتر بێت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت و ئەزموونی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دەگەیەنینە خەڵکەکەمان لە پارێزگای نەینەوا».






**ماموستا ڕەشید حوسێن قاسم کاندیدی ژمارە ٣١ لە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نەینەوا –شنگال بۆ گوڵان:**

# لە پێناو ئاسایبوونەوەی دۆخی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان، کوردانی ئێزدی دەنگ بە لیستەکەی سەرۆک بارزانی دەدەن

لەبارەی شنگال و مەنکوبییەتی کوردانی ئێزدی لە شنگال، کە ساڵانێکە لە ڕێگەی میلیشیا چەکدارەکان و هێزی چەکداری بیانی و بەتایبەتی پەکەکە کە ڕێگری دەکات لە ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردانی ئێزدی، ماموستا ڕەشید حوسێن قاسم دەڵێت: «چارەسەرکردنی دۆخی خراپی کوردانی ئێزدی لە شنگال و ئاوەدانکردنەوەی شنگال، بە یەکێك لە پەیامەکانی هەڵبژاردنەکانی لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت، ئەو دۆخە خراپە کە بە هۆی بوونی چەکدارانی بیانی و نایاسایی دروست بووە، ڕێگر بوون لە گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال، بۆیە من وەکو کاندیدێکی لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان، خوازیارم لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دەنگەوە تەواجودێکی زیاتری پارتی بکەین لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، بۆ ئەوەی لە ناو حکومەتە لۆکاڵییەکەوە داکۆکی و بەرگری لە مافی کوردانی ئێزدی بکەین. ئێمە وەکو کوردی ڕەسەن و پێکهاتەیەکی گرنگی کورد لە ناو شنگال و دەشتی نەینەوا، بەشێکی دانەبڕاوین لە کوردستانییەتی ئەم ناوچانە، بۆیە هەروەك چۆن سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی چیای شنگال و شارەکەیان لە دەستی داعشەکان ئازاد کرد، بە هەمان شێوە کوردانی ئێزدی دەتوانن لە ڕێگەی چوونیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، دەنگ بە




کاندیدەکانی پارتی بدەن. پەیامی پێکەوەژیان و هاوبەشی و خۆشگوزەرانی لەلایەن پارتییەوە پەیامێکە بە کردار سەلماندوویەتی، مێژووی شکۆداری بارزانی بۆ هەمووان بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە لە ڕووی پراکتیکەوە چییان بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك کردووە، لە ڕووی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و بوونی هەزارەها هەلی کار بۆ گەنجەکان کە لە ناوچەکەدا وێنە و نموونەی کەمی هەیە، بۆیە لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی شنگالیش ئاوەدان بکەینەوە و ڕێککەوتنی شنگال لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. سەرۆك بارزانی دەیەوێت لە ڕێگەی لۆژیکی دیموکراتی و سندووقەکانی دەنگدانەوە تەواجودێکی کوردستانی لە ناو شنگال و دەوروبەری بەهێز بکات و، کۆتایی بەو دیاردەی چەکدارییە بهێنێت و ڕێگە لە پەلکێشکردنی ناوچەکە بەرەو شەڕێکی دەرەکی بگرێت. کوردانی شنگال هەروەك چۆن قوربانی و شەهیدەکانی پێشمەرگەیان لە یاد نەکردووە، هەرواش لەباوەشگرتنی ئاوارەکانی کوردانی ئێزدییان لە یاد نەکردووە، لە ئێستاشدا وێڕای بوونی ئەو میلیشیاتە چەکدارانە و دژایەتیکردنی کاندیدەکانی لیستی ژمارە ١٩٧، بەڵام ئەوە کوردانی ئێزدی شنگالن کە لە ڕێگەی دەنگدان بە لیستی ١٩٧ خوازیارن ئەمن و ئاوەدانی بگەڕێتەوە بۆ شنگال و گوندەکانی، ئەو گوندانەی کە تا ئەمڕۆش ئاوەدان نەکراونەتەوە و تەنیا بە گەڕانەوەی پێشمەرگە ئاوەدان دەکرێنەوە، خەڵکەکە متمانەیان بۆ دروست دەبێت، بەوەی جارێکی دیکە جینۆساید ناکرێن.

ئێمە وەك کوردانی ئێزدی لەساڵی ٢٠١٤وە و لە دوای ئەو هەموو زوڵم و جینۆسایدە و وێڕای وێرانکردنی ماڵ و دزینی کەلوپەلەکانمان، هیچ قەرەبوویەکمان وەرنەگرتووە، بۆیە لیستی ١٩٧ تێدەکۆشێت لەپێناو قەرەبووکردنەوەی کوردانی ئێزدی، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئێمەی کوردانی ئێزدی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ناوچەکانمان ئاوەدان بکرێنەوە و لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەیی و ئاوەدانییەوە گرنگی بە شنگال بدرێت.




پرۆفیسۆر شاون شافێر بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس بریتییە لە بەدیموکراتیزەکردنی زانیاری

**شاون شافێر، پرۆفیسۆری بەشی رۆژنامەگەری و راگەیاندنە لە زانكۆی دەنڤەر لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، پسپۆڕ و شارەزا و وانەبێژی چەند بوارێكی دیاریكراوە، وەك یاسای راگەیاندن، ئەخلاقییاتی راگەیاندن، رۆژنامەگەریی ئازاد، ژیریی دەستكرد لە ناوەندە ئەكادیمییەكاندا. گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا، كە تەوەرەكانی پەیوەست بوون بە گرنگیی خوێندەواریی میدیایی و ئایندەی رۆژنامەگەری لەبەر رۆشنایی پێشكەوتنی تەكنەلۆژی و هاتنەئارای زیرەكیی دەستكرد و ئایندەی پەیوەندیی نێوان دیموكراسی و رۆژنامەگەری و چەند پرس و بابەتێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشكرایە كە هەمیشە كاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن كارێكی پڕ لە سەرئێشە و دژواری بووە، لە ئێستاشدا بە هۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاوە كاری رۆژنامەگەری گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، یان تەحەددی زیاتری بۆ دروست بووە، ئایا تا چەند پێت وایە پێویستە تەركیز لەسەر ئەو پرسە بكرێت كە پێیئ دەوترێت خوێندەواریی میدیایی (Media literacy)، بۆ ئەوەی لە نێو ئەو هەموو زانیارییانەی بێ ساغكردنەوە بڵاو دەكرێنەوە، خەڵكی بتوانن هەواڵ و زانیارییەكان لە یەك جیا بكەنەوە؟**

- من تەواو هاوڕام لە گەڵتاندا، پێم وایە ئەو كەسانەی وەك ئێمە لە بواری راگەیاندندا وانەبێژن، ئەركی ئەوەیان دەكەوێتە سەر شان كە خوێندەواریی میدیایی فێری قوتابییەكانیان بكەن، ئێمە كۆرسی تایبەتمان هەیە بەم بوارە لەساڵی یەكەمی خوێندن لە بەشی راگەیاندنی زانكۆكەمان، بەڵام ئەوەی بۆ من مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە كە ئێمە ئەم وانەیە بە كەسانێك دەڵێین كە لە تەمەنی ١٨ بۆ ٢٠ساڵیدان، لە كاتێكدا پێویست بوو، ئەم خوێندەوارییە میدیاییە لە تەمەنی هەشت بۆ نۆ ساڵیدا قوتابییان فێر بكرابان و پێی ئاشنا بوونایە، بۆ ئەوەی بیانتوانیایە ئامادەی مامەڵەكردن و دەست و پەنجە نەرمكردن بوونایە لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان. بە لای منەوە ئەمە مایەی نیگەرانییەكی گەورەیە و جۆرێكە لە شكست لەوەی نەمانتوانیوە منداڵەكان بە شێوەیەكی كارا فێری ئەم پرسە گرنگە (خوێندەواری میدیایی) بكەین، پێش ئەوەش بگەنە تەمەنی پێگەیشتوویی.

**پێویست بوو، ئەم خوێندەوارییە میدیاییە لە تەمەنی هەشت بۆ نۆ ساڵیدا قوتابیان فێر بكرابان و پێی ئاشنا بوونایە، بۆ ئەوەی بیانتوانیایە ئامادەی مامەڵەكردن و دەست و پەنجە نەرمكردن بوونایە لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان**

*** وەك كەسێكی وانەبێژ و تایبەتمەند لە پەیوەندی بە ژیریی دەستكرد لە بواری ئەكادیمیا، چۆن لەم پرسە دەڕوانن و پێتان وایە لایەنە باش و خراپەكانی چین كە ئەم ژیری دەستكردە هێنراوەتە نێو ناوەندی ئەكادیمیاوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر پرسیارەكە ئەوە بێت كە بەكارهێنانی ژیریی دەستكرد لە بواری ئەكادیمیدا دەبێتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی، ئەوا ڕەنگە بتوانین بڵێین: نەخێر، چونكە هەر ناوەند و كەشی ئەكادیمی سرووشتەكەی بە چەشنێكە كە ڕەوتێكی لەسەرخۆ دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە زانكۆی بۆڵۆنا بڕوانیت و بەراوردی ئێستای ئەم زانكۆیە لەگەڵ هەزار ساڵ پێش ئێستا بكەیت، ئەوا بۆت دەردەكەوێت كە زۆر هاوشێوەن، واتە هێشتا پرۆفیسۆرەكان وانە لە بواری تایبەتمەندی خۆیان دەڵێن و ئەمەش بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەگەر سەیری ئەوە بكەین، كە قوتابییەكان چۆن كارەكان ئەنجام دەدەن، ئەوا لێرەدا ڕۆڵی زیرەكی دەستكرد دێتە ئاراوە كە ئامرازێكی نوێیە، بۆ نموونە «چات جی پی تی»، ئەمانە كارەكانت زۆر بە خێرایی بۆ ئەنجام دەدەن، بەڵام كێشەكە ئەوەیە ئایا چۆن دڵنیا ببینەوە لەوەی ئەو كارەی ئەنجام دراوە، بە وردی بابەتەكەی پێكاوە، یان نا. من خۆم ئەمەم تاقی كردووەتەوە و داوام لێ كردووە، كە دوو هەزار وشەم لەبارەی خۆمەوە بۆ بنووسێت، بەڵام لە نووسینەكەیدا چەندین بابەت هەبوون كە ورد نەبوون و نەپێكابوون. ئەوەی زیرەكی فەراهەمی كردووە، ئامرازێكی مەترسیدارە لەم ڕووەوە. بەڵام ئامرازێكی مەزنیشە لەو ڕووەوە كە دەتوانێت زۆرێك لەو كارانە ئەنجام بدات، كە تۆ ئەنجامیان دەدەیت، بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت نامەی پلەبەرزكردنەوەی كەسێك بنووسیت، یان پێشەكی نامەیەك بنووسیت، ئەوا زۆر بە خێرایی و بە جوانی بۆت دەنووسێت و كاتێكیش پێیدا دەچێتەوە، بۆت دەردەكەوێت كە زۆر باش داڕێژراوە. كەواتە بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد لەم ڕووەوە پەیوەستە بە داڕشتنەوەی پەیام و نامەكانت و بەوەی دەتەوێت چۆن دابڕێژرێنەوە.

**هەر ناوەند و كەشی ئەكادیمی سرووشتەكەی بە چەشنێكە كە ڕەوتێكی لەسەرخۆ دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت**

**هێشتا ئایندەی ڕۆژنامەگەری بریتییە لە گەیاندنی هەواڵ و خستنە ڕووی ڕووداوەكان، كە ئەمە هەمیشە ئەركی ڕۆژنامەگەری بووە**

*** كەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشكەوتنە تەكنەلۆژییانەدا چۆن لە ئایندەی كاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دەڕوانیت، بەتایبەتی ئەگەر زیرەكیی دەستكرد توانایەكی سەرسوڕهێنەری داڕشتن و نووسینی هەبێت؟**

- بەلای منەوە هێشتا ئایندەی ڕۆژنامەگەری بریتییە لە گەیاندنی هەواڵ و خستنە ڕووی ڕووداوەكان، كە ئەمە هەمیشە ئەركی ڕۆژنامەگەری بووە، بەڵام ئەوەی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، ئەوەیە كە هەندێ ئامرازی نوێ هاتوونەتە ئاراوە. دواتر ئەوە ئاشكرایە كە هەواڵەكان ئەو بابەتانەی كە كاریگەرییان هەیە بەسەر مرۆڤەكانەوە و لەم ڕووەوە دەكرێت ئەو پرسیارە ڕووبەڕوویان بكرێتەوە، كە ئایا ئەو هەواڵانەی بڵاو كراونەتەوە، چ كاریگەرییەكی لەسەریان هەبووە، لێرەشەوە چیرۆك و هەواڵی ڕۆژنامەگەری دروست دەبێت و دێتەئاراوە و هەر ئەمەشە كە ڕۆژنامەنووسەكان ئەنجامی دەدەن، واتە ئەو هەواڵ و بابەتانەیان پێ دەڵێین و پێیان ڕادەگەیەنین كە كاریگەرییەكی مانادار لەسەر ژیانیان دەبێت. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ كرد، گۆڕانكارییەكە ئەوەیە كە لە ئێستادا تەكنەلۆژیا بە چەشنێكی ئاسانتر بەردەستە و لە ئارادایە و ڕەنگە ئەوەی زیرەكیی دەستكرد فەراهەمی دەكات، ببێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە كار و ئەركەكانمان ئاسانتر ڕایی بكەین و ئەنجامی بدەین.

**بۆ ئەوەی دیموكراسییەكی كارامان هەبێت، پێویستە هاووڵاتییان هۆشیار و بەرچاوڕوون بن**

*** ئاشكرایە لە كۆمەڵگەی دیموكراسیدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لە بواری چاودێریكردن و دەستەبەركردنی زانیاریی گرنگ و بایەخدار و باوەڕپێكراو، پرسیارەكە ئەوەیە، ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و كۆمەڵگەی دیموكراتی دەڕوانن و ئایا لە ئایندەدا ئەم پەیوەندییە چ گۆڕانكارییەكی بەسەردا دێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە بۆ ئەوەی دیموكراسییەكی كارامان هەبێت، پێویستە هاووڵاتییان هۆشیار و بەرچاوڕوون بن، چونكە ئاشكرایە دیموكراسی بەندە بەوەی هاووڵاتییان هۆشیارییان هەبێت لە كاتی دەنگداندا. بەڵام یەكێك لە كێشەكان ئەوەیە كە هەمیشە كەسانێك هەن نایانەوێت زانیاریی بەرچاوڕوونكەرەوەیان

**هەمیشە ڕۆژنامەنووس ویستوویەتی خەڵكی زانیاریی باوەڕپێكراوی لەبەردەستدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیاری ژیرانە و هۆشیارانە بدات**




پێ بگات، ئەمە هەمیشە شەڕێك بووە کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسەکان بووەتەوە، واتە هەمیشە ڕۆژنامەنووس ویستوویەتی خەڵکی زانیاریی باوەڕپێکراوی لەبەردەستدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیاری ژیرانە و هۆشیارانە بدات، چونکە ناکرێت تۆ لەسەر بنەمای مەزەندەکردن و خەمڵاندن و خورافات کارەکانت ئەنجام بدەیت و بڕیار بدەیت و ئەو ڕاستی و زانیارییانەی لەبەردەستدان نادیدەیان بگریت. کەواتە ڕۆژنامەگەری بەردەوامە لە بینینی ڕۆڵێکی گرنگ لە دیموکراسیدا. واتە ئەوەی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامی دەدەن، بریتییە لە بە دیموکراتیزەکردنی زانیاری، لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێ لایەن هەبن کە بیانەوێت هێندەی دەکرێت زانیارییەکان لە تاریکیدا بهێڵنەوە.

*** لە ماوەکانی ڕابردوو چەند توێژەرێك هۆشدارییان دا لەبارەی ئەوەی خۆیان ناویان نابوو «پاشەکشەی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان»، ئایا پێت وایە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری هیچ ڕۆڵێکیان هەبووە لەم ڕووەوە، یان لە هێنانەئارای بارودۆخێك کە تێیدا دیموکراسی بەرەو پاشەکشە بچێت، یان ئەم پرسیارە پەیوەندی بە فاکتەری دیکەوە هەیە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، هێشتا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دەتوانن ڕۆڵی خۆیان هەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێین ڕۆژنامەگەری خەتابارە لەوەی دیموکراسی بەرەو لاوازی بچێت، ئەوا من پێم وانییە مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، لەم ڕووەوە پێم وایە مەترسییە گەورەترەکە ئەوەیە کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دەکرێت هەواڵی بێ بنەما و ناڕاست بڵاو بکرێتەوە.

**مەترسییە گەورەترەکە ئەوەیە کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دەکرێت هەواڵی بێ بنەما و ناڕاست بڵاو بکرێتەوە**

هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ئەنجومەنێکە بایەخ بە پەرەپێدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەدات لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری شیکاری و توێژینەوەی ئێرانی بووە و، بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. پرۆفیسۆر ئەمیر ئەحمەدی کاندیدی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران بووە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بەڵام کاندیدبوونی لەلایەن «شورای نگهبان»ـەوە ڕەت کرایەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەستن بوون بە پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەگەری بەردەوامبوون و سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە و چەند پەرەسەندن و پێشهاتی دیکەی پەیوەندیدار، وەك دروستکردنی ڕێڕەوێکی بازرگانی لە هیندستانەوە بۆ ئیمارات و سعودیە و لەوێوە بۆ ئیسرائیل و دواتر بۆ ئەورووپا.

## پرۆفیسۆر هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی بۆ گوڵان:

# ئێران و سعودیە دەیانەوێت بارگرژییەکی سنووردار و کۆنترۆڵکراو لە نێوانیاندا هەبێت

## دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە لە ئێستادا دۆخی ناوچەکە لە بارێکی نالەبار و سەختدایە، بەڵام ئەگەر ئێمە لە دۆخی پێش ڕووداوەکانی ئەم دواییە بڕوانین، ئەوا هەندێ بەرەوپێشچوونی ئەرێنی لە ئارادا بوون و ڕوویان دەدا، بۆ نموونە خاوکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان ئێران و سعودیە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا، سەرەتا دەمانەوێت بپرسین ئایا ئەم ئاساییبوونەوەیە بۆچی ڕووی داوە و ئایا بەردەوام دەبێت؟**

- من دەمەوێت لەوە دەست پێبکەم، کە هۆکاری هاتنەئارای ئەم بەرەوپێشچوونانە ئەوە بوو کە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتی بوو لە خاوکردنەوەی بارگرژییەکان، نەك هێنانەئارای ئاشتی، واتە دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی، کە دەبێت ئاشتبوونەوەی نێوان سعودیە و ئێران لەم سیاق و هەلومەرجەدا بخوێندرێتەوە و لەبەرچاو بگیرێت، کە خواستی هەردوولا -بەتایبەتی ئێران- بریتی بوو لە کەمکردنەوەی بارگرژییەکان، نەك بەدیهێنانی ئاشتییەك کە هەموو ئاستەکان بگرێتەوە. چونکە هەردوولا ئەوە ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان سعودیە و ئێران و جیهانی عەرەبی و ئێران بە چەشنێکە کە تەنیا دەتوانرێت پەیوەندییەکان تا ئاستێکی دیاریکراو پەرەیان پێ بدرێت. لەوەش زیاتر کێشەکان تەنیا پەیوەست نین بە ئێران و جیهانی عەرەبی و عەرەبستانی سعودیەوە، بەڵام پەیوەستن بە ئیسرائیل و بە وڵاتانی ئەورووپا و بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، واتە دەبێت لەم ڕووەوە ئێمە وێنە گەورەکە لەبەرچاو بگرین. با ڕوونتر ئەمە بڵێم، من پێم وایە پەیوەندییەکانی

**سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بریتی بوو لە خاوکردنەوەی بارگرژییەکان، نەک هێنانەئارای ئاشتی**

نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاسایی نابێتەوە، تاوەکو کۆتایی بە بارودۆخی «نە شەڕ نە ئاشتی» لە نێوان ئێران و ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل نەیەت، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانیش لە سنوورێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە. واتە پەیوەندیی نێوان عەرەب و ئێرانیش نە شەڕ نە ئاشتی دەبێت و پەرە ناسێنێت بەرەو ئاشتییەك کە هاوکاری لەخۆ بگرێت و بوار و ڕەهەندی دیکەی ئابووری بگرێتەوە. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران لە مەودایەکی سنووردار‌دا و لە چوارچێوەی خاوکردنەوەی گرژییەکاندا دەمێنێتەوە، نەك سەربکێشێت بۆ پەیوەندییەکی جددی کە بەرژەوەندیی هەردوولای لێ بکەوێتەوە.

*** کەواتە ئێوە بە گومانن لە سەرکەوتن و بەردەوامبوونی ئەم ئاشتبوونەوەی نێوان سعودیە و ئێران؟**

- هەروەك ئاماژەم پێ کرد، ئێران دەیەوێت دۆخی «نە شەڕ نە ئاشتی» درێژە پێ بدات لەگەڵ سعودیە، واتە گرژییەکان لە ئاستێکی کەم و نزمدا بهێڵێتەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە عەرەبستانی سعودیەش خوازیاری ئەوە نییە بارگرژییەکان بەرەو هەڵکشان ببات و کێشە و تەنگژەی زیاتر بخوڵقێت، لەم ڕووەوە سعودیەش دەیەوێت بارگرژییەکی سنووردار و کۆنتڕۆڵکراوی لەگەڵ ئێراندا هەبێت. کەواتە ئێران و سعودیە لەم ڕووەوە هەمان تێڕوانین و خواستیان هەیە لە ئاست یەکتردا. بەڵام پێم وایە ئەم خواستە زیاتر لای ئێران بەدی دەکرێت، چونکە سعودیە لە بارێکی باشتردایە بە بەراورد بە ئێران، ئەویش بە هۆی ئەوەی سعودیە پەیوەندی لەگەڵ نزیکەی سەرجەم وڵاتانی جیهان هەیە و لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا، یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ڕووبەڕووی گۆشەگیری نەکراوەتەوە.

*** کەواتە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئەم لێك نزیکبوونەوەی ئێران و سعودیە ببێتە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاریی بنەڕەتی و ڕیشەیی لە ناوچەکەدا و بەو پێیە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەردەوام بەریەك دەکەون و یەك ناگرنەوە؟**

- ئەمە ڕاستە، دواتر دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە جیهانی ڕۆژئاوا خوازیاری ئەوە نییە کە هاوکارییەکی هەمەلایەنە لە نێوان ئێران و جیهانی عەرەبیدا بەدی بێت. دواتر ئێوە لە هەوڵی ئەم دواییە بڕوانن بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێکی بازرگانی لە هیندستانەوە بۆ سعودیە و لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل و دواتر بۆ ئەورووپا، ئەمە بەرجەستەبوونی ئەوەیە کە خواستێك لە نێو جیهانی عەرەبیدا بەدی ناکرێت بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو ئەم خواستە لە ئاست ڕۆژئاوادا بوونی هەیە. کە ئەم پرۆژەیەش زیاتر لەلایەن سعودیەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت و ئەگەر سعودیە ئەم کارە نەکات، ئەوا سەرناگرێت و ئەنجام نادرێت. کەواتە سعودیە نایەوێت هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ ئێراندا، بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە سعودیە دەیەوێت بە ئاراستەی دیکەدا هەنگاو هەڵبگرێت. ئەمەش ئاماژەیەکمان پێ دەدات لە بارەی ئاراستە و ئاقاری پەرەسەندنەکانی داهاتوو لە ناوچەکەدا، کە ئاشکرایە وڵاتانی عەرەبی زیاتر خوازیاری ئەوەن ئاوێتەکاری لەگەڵ ئەورووپا و چین بکەن. بە واتایەکی دیکە سعودیە نایەوێت ئاستی هاوکارییەکانی لەگەڵ ئێراندا زیاتر بکات. چونکە ئەو ڕێڕەوەی باسی دەکەین، نەك هەر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران ناکات، بەڵکو زیانیشی پێ دەگەیەنێت. ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە ئەوا دیدگا و تێڕوانینی سعودیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە ناوچەیەك بێت کە ئەوەندەی دەکرێت، ئێران بەشێك نەبێت لێی و ئاوێتە نەبێت تێیدا.

*** ئەی پێت وایە تا چەند ئەم ئاساییبوونەوەی پەیوەندییانەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران زیان بە پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان سعودیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت؟**

- ڕەنگە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئەمریکا نەگەیەنێت، ئەوەی بەدی دەکرێت لەم ڕێڕەوە پێشنیارکراوەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوەیە کە زیاتر دەستپێشخەرییەکی سیاسییە و ئامانج لێی سزادانی ئێرانە و ئەو پەیامەی دا بە ئێران کە ناکرێت ئاوێتە بێت

**پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا ئاسایی نابێتەوە، تاوەکو کۆتایی بە بارودۆخی «نە شەڕ نە ئاشتی» لە نێوان ئێران و ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل نەیەت**

**جیهانی ڕۆژئاوا خوازیاری ئەوە نییە کە هاوکارییەکی هەمەلایەنە لە نێوان ئێران و جیهانی عەرەبیدا بەدی بێت**

**ئێستا جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان ڕووسیا و چین و ئێران و کۆریای باکوور هەیە، ئەمەش لە دژی ئەمریکایە**



و ببیتە بەشێك لە هیچ شتێك لە ناوچەکەدا. کەواتە ئەم هەوڵە، یان گەمە سیاسییەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامی دەدات، ئاماژەیە بەوەی چۆن دەیەوێت ئێران بکاتە دەرەوەی هاوکێشەکە.

*** ڕێککەوتنی ئێران و سعودیە بە ناوبژیوانی و سەرپەرشتیی چین بوو، کە وا لێك درایەوە، ئەمە ئاماژەیە بە هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چین لەسەر حیسابی ئەمریکا، بەڵام ئێستا ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەمریکا لە ڕێی ئەم هەوڵەیەوە دووبارە دەیەوێت جارێکی دیکە ئێران پەراوێز بخات لە پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە، ئایا پێتان وایە دۆخەکە بە چی دەگات؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بە دڵنیاییەوە ڕکابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێستادا چینە، لە هەمان کاتدا هیندستانیش ڕکابەری چینە، کەواتە پێدەچێت ئەم هاوکارییەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هیندستان ئامانج لێی زیانگەیاندن بێت بە چینیش، نەك هەر ئێران. ئێستا جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان ڕووسیا و چین و ئێران و کۆریای باکوور هەیە، ئەمەش لە دژی ئەمریکایە. ئەگەر بە گوزارشتێکی دیکە باس لەم پرسە بکەین، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت کارێك بکات کە عەرەب و عەرەبستانی سعودیە لە هیندستان و ئەورووپا نزیك بکاتەوە، نەك هەنگاو بە ئاراستەی هاوکاریکردن لەگەڵ چین، یان ئێران هەڵبگرن. کەواتە ئەمە گەمەیەکی جیۆپۆلەتیکییە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی جیهانی عەرەبی پتر ئاوێتەی هیندستان و ئەورووپا بکات، نەك چین و ئێران.

**ئەمریکا دەیەوێت کارێک بکات کە عەرەب و عەرەبستانی سعودیە لە هیندستان و ئەورووپا نزیک بکاتەوە، نەک هەنگاو بە ئاراستەی هاوکاریکردن لەگەڵ چین، یان ئێران هەڵبگرن**

# ڕۆڵی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە ناساندن و پابەندی و پەرەپێدانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی

بە ئاوەڕدانەوە لە مێژووی ڕابردووی زانایانی کورد و وردبوونەوە لە ئاراستەی کار و هەنگاوەکانیان لە ڕووی مەنهەجی و پابەندییەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییە کە زانایانی ئایینی، هەمیشە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دروست و بە کامڵبوونی زانستی، بە لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی گەورە زانایان، بنەمای ڕێڕەوێکی دروستیان بۆ هەستیاریی بابەتی فەتوا و مامەڵەکردن لە گەڵ پێشهاتە تازەکان گرتووەتە بەر.

ماوەی پتر لە دە سەدەیە زانایانی کورد لە زۆربەی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستان، بەپێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بناغەی فەتوادانیان داناوە و، لەسەری ڕۆیشتوون، لەم نێوەشدا گەورەترین قازانج و خزمەتیان بە میللەتی کورد لە ڕووی دینداری و دونیابینی و ئاراستەی هزری و ئەمنی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی گەیاندووە، کە بووەتە هۆی تەبایی و یەکڕیزیی گەلی کورد و پاراستنی کەلتووری دینداری و بەها و نەریتە جوان و ڕەسەنەکان.

ئەمەش خاڵی بەهێز و گرنگیی ڕۆئیا فراوانیی مەلای کورد لە خزمەتکردن بە ڕێڕەوی دینداری و هەستی نەتەوایەتی و بەرەوپێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان پیشان دەدا، کە پاڵپشت بوون بۆ هەموو ئەو هەنگاوانەی بە سوودی ئایینی و نەتەوەیی گەڕاونەتەوە، ئەم دیدگە و تێڕوانینە مەزنە وای کرد، ڕۆڵ و خزمەتی مەلای کورد نەک تەنیا لەناو کورد، بەڵکو لەناو جیهانی ئیسلامیدا جێی خۆی بکاتەوە و، ببێتە هۆکار و دەرفەتی خێر و دەرکەوتنی ئەستێرەی کورد لە بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامپەروەری و مرۆڤدۆستی و میانڕەویدا، نموونەی مەلا حوسەینی شارەزووری موفتی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسی و، مەلا ئەحمەدی شێخولئیسلامی گۆران موفتی قاهیرە و ئەستەنبوڵ لە سەردەمی سوڵتان مورادی دووەم و، مەلا ئیسماعیلی ئاموودی و مەلا محەمەدی وانقولی و شێخ جەعفەری بەرزنجی و مەلا سولەیمانی گەردی و شێخ ئیبراهیمی گۆران، کە ڕۆڵی موفتییان لە نێوان مەککە و مەدینە بینیوە، بنەماڵەی زانایانی زەهاوی و حەیدەرییەکان کە بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ موفتیی عێراق بوون، هەروەها مەلا ئەبووبەکر ئەفەندیی خۆشناو موفتی شاری کەیپ تاونی ئەفریقا و، دواهەمینیان زانای ناودار عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەمانە زەقترین نموونەن لەوەی کە زانایانی کورد چەندە خزمەتی گەورەیان بە جیهانی ئیسلامی کردووە.

ئەم ڕۆڵ و پێشەنگ بوونە لەوەدا خۆی بینیوەتەوە، کە زانایانی هەڵکەوتووی کورد هەمیشە لەسەر بنەمای زانستی و تێگەیشتنی دروست هەنگاویان ناوە و، هیچ کات ڕێڕەوی زانایانی پێشینیان پەراوێز نەخستووە، بەڵکو



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

هۆکاری درێژەپێدەری زنجیرەی زانستیی کاروانەکە بوون و، بەر ڕێ و ڕێبازی خەڵك و کۆمەڵگەیان ڕۆشن کردووەتەوە و میللەتیان لە کێشە و ئەندێشەی خراپ دوور خستووەتەوە.

لە هەموو قۆناغە جیا جیاکاندا زانای بلیمەت هەبوون، کە بە شێوەی نافەرمی ڕۆڵی موفتییان بینیوە و بە هۆکاری زرووف و زەمان خزمەتی بواری فەتوایان کردووە، هاوکات لە ڕووی بانگەواز و ئیسلاح و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئاشتەوایی و تەدریس و ناساندنی توراسی فیقهی و فکری و بەستنەوەی واقیعی دینداری بە ڕابردووی کۆشش و ئیجتیهادی گەورە زانایان، تا دەگاتەوە سەرچاوەی سەرەکی و سەردەمی حەزرەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لەسەر بنەمای زانستی و لە چوارچێوەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی و بە یەك ئاراستە، گەورەترین خزمەتیان پێشکەش کردووە.

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لە ڕووی ئیسلامپەورەری و هەستی نەتەوایەتی زۆر نزیك و ئاوێتە بوون، پێگەی فەتوا لە شێوەی داد سەیر دەکرا و، تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، وێڕای نەبوونی دامودەزگای حکوومی و ئیداری، بەڵام چەند زانایەکی ئایینی وەك قازی دەستنیشان کرابوون، بۆ ڕاییکردنی پرس و کاروبارە ئایینیەکان و چارەسەرکردنی گرفتی خەڵك، لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی لە ساڵی ١٩٧٠ لەبەر گرنگی و هەستیاریی فەتوا، ئەم بابەتە جۆرێك لە فەرمیبوونی وەرگرت و (لیژنەی فەتوا – لیژنەی قەزا) بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕاییکردنی کاروبارە پەیوەستەکانی بواری شەرعی دامەزرا، وەك لە ماددەی یازدەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی زانایاندا هاتووە: «یەکێتیی زانایان چەند لیژنەیەکی فەتوا لە گەورە زانایانی ئایینی کوردستان پێك دێنێت، بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری فەتوا لە ژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەکی باڵا».

لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دامودەزگای فەرمی ودیاریکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دامودەزگای پەیوەست بە دادگا و، ئاوەدانبوونەوەی کوردستان و بووژانەوەی بەرژەوەندیی خەڵك و پێویستیی قۆناغەکە بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاووڵاتیان و، زۆربوونی کێشە و ئاریشە و تێکەڵبوونی فەرهەنگ و کەلتوورە جیاوازەکان و تێکڕای پێشهات و ئاڵنگاری و گۆڕانکارییەکان، ئەومە وای کرد، ئاراستەی فەتوا و قەزا لێك جیا ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوەی داد و یاسا ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی لایەنی قەزا و دادوەریی کەوتە ئەستۆ، بوارە شەرعی و دینییەکەش بووە ئەرکی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان، لەم پێناوە لە

**زانایانی ئایینی، هەمیشە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دروست و بە کامڵبوونی زانستی، بە لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی گەورە زانایان، بنەمای ڕێڕەوێکی دروستیان بۆ هەستیاریی بابەتی فەتوا و مامەڵەکردن لە گەڵ پێشهاتە تازەکان گرتووەتە بەر**

**ماوەی پتر لە دە سەدەیە زانایانی کورد لە زۆربەی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستان، بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بناغەی فەتوادانیان داناوە و، لەسەری ڕۆیشتوون**

**دامەزراوەی داد و یاسا ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی لایەنی قەزا و دادوەریی کەوتە ئەستۆ، بوارە شەرعی و دینییەکەش بووە ئەرکی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان**

دوای کۆنگرەی دووەمەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لیژنەی فەتوا جارێکی دیکە ڕێك خرایەوە و، ئەرکی پیرۆزی فەتوا و ڕوونکردنەوەی پرس و پێشهاتە نوێیەکانی پێ سپێردرا، لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان و لیژنەی فەتوای سەر بە لقەکانی ئەو یەکێتییە لە شارەکانی کوردستان، کارا کران و ئەم خزمەت و ڕێڕەوە بەردەوامی و ڕێچکەی خۆی وەرگرت.

لە دوای کۆنگرەی شەشەمەوە لە ساڵی ٢٠١٨ ناوی ئەم لیژنەیە گۆڕدرا بۆ «ئەنجومەنی باڵای فەتوا» و گۆڕانکارییەکی نەوعی و پیشەیی، بە ئامانجی پتر بایەخدان بە بواری فەتوا لە هەرێم هاتە ئاراوە، خزمەت و هەوڵ و هەڵوێستەکانی بوونە جێی شانازییەکی گەورە و دەستکەوتی زۆر بۆ کوردستان و بۆ یەکێتیی زانایان لە ناو کاری پیشەیی خۆیدا.

هەر لەبەر گرنگی و هەستیاریی پێگەی فەتوا و بایەخدانی یەکێتیی زانایان بەم بوارە، بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی بەڕێز (د. عەبدوڵڵا مەلا وەیسی) سەرۆکی یەکێتیی زانایان و بە سەرپەرشتیی بەڕێز (د. حەسەن موفتی) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، پەیڕەوی گشتیی ئەنجومەن دیاری کرا و بە ناونیشانی (المنهج العام للمجلس الأعلى للإفتاء في كوردستان- المبادئ، الضوابط، الأهداف، البنود، التعليمات) بڵاو کرایەوە، ئەمەش بووە سەرەتای قۆناغێکی دیکەی چوونە پێشەوەی ڕەوشی فەتوا لە هەرێمی کوردستان.

بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە، کە مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی پەسندی کرد، لە بەشی یەکەمیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەنجومەنی باڵای فەتوا بنچینەی گشتی و بنەمای سەرەکیی فەتوادانی بە گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی مەزهەبی شافیعی دەبێت، بە ڕەچاوکردنی فیقهی نووسراو و فیقهی واقع و هاوچەرخ، بەو پێیەی مەزهەبی کۆکەرەوەی هەردوو مەدرەسەی فەرمووده و ڕەئیە و زۆرینەی کورد پەیڕەوی لێ کردووە، بە هەندوەرگرتنی ئەم زۆرینەیە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییش، مەبەستێکی ڕەوا و شەرعییە.

بۆیە بواری فەتوا بە کۆششی ئەندامانیەوە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، لە ڕووی مەنهەج و ئاراستەی پیشەیی و پارێزگاریکردن لە توراسی فیقهی و زانستی گەورە زانایان، مەزهەبی ئیمامی شافیعی کردووەتە بنەمای کارکردن و سەنتەری فەتوادان، بەو پێیەی پتر لە هەزار ساڵە مەزهەبی میللەتی کورد بووە و گەورە زانایانی کوردیش پەیڕەویان کردووە، سەرباری ئەوەی ئەگەر لە پرس و پێشهاتێکدا پێویستی کردبێت، بۆچوونی مەزهەبەکانی دیکەی وەك (ئیمامی ئەبو حەنیفە و ئیمامی مالیك و ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)یان وەرگرتووە و، تەنانەت بە پەیڕەوکردنی بنەمای ئاوێتەکردنی فیقهی هاوچەرخ و گەڕانەوە بۆ ئەساڵەت، چوارچێوەی فەتواکانی خۆی بە شێوازێکی هاوسەنگ داڕشتووە.

لە بڕگەی (پ) لە ماددەی یازدەمی پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی زانایاندا هاتووە: (يعتمد المجلس في فتاواه مذهب الإمام الشافعي -رحمه الله- بإعتباره مذهب الغالبية في اقليم كوردستان مع مراعاة الزمان والمكان على ضوء المقاصد الشرعية والمصالح المعتبرة والإستعانة بغيرها من المذاهب الأسلامية الأربعة والمجامع الفقهية المعروفة في عصرنا الحالي).

ئەم دەق و ماددەیە پاڵپشت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی دووەمی یاسای ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٣) لەگەڵ تەواوی پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی زانایان لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٢٣٤) لە ٢٠١٩\٣\١٩ لە لاپەڕە (٢٩) بڵاو کراوەتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هێزێکی یاسایی دەبەخشێتە کاری ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان و زەمینەی خزمەتکردن و بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە کوردستان.

لەسەر ئەم بنەمایە و لە ڕوانگەی بە چارەسەر زانینی هەنگاوی لۆژیکی و واقیعی بۆ ڕێکخستنەوە و باشترکردنی ڕەوشی دینداری لە هەرێم، ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٣ کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتیی زانایان، بە بەشداریی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سەرکردایەتی و بەرپرسی لقەکان ئەنجام درا و، بەلاغێکی گرنگ و تایبەت بۆ لایەنی



گومەزی ئیمام شافیعی لە قاهیرە

پەیوەندیدار و ڕای گشتی ڕاگەیەندرا، کە لە خاڵی سێیەمی بەلاغەکەدا هاتووە: «لەپێناو پاراستنی بەهای کاری بانگەوازی و گوتاری ئایینی و بەرەوپێشبردنی ڕەوشی دینداری و ئارامیی دۆخی مزگەوتەکان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و، ڕێگری لە نالەباریی بۆچوونی هاوردە و نازانستی و ناکامڵ و پاراستنی پێگە و ڕێڕەوی زانایان و، یەکدەنگی و یەکڕیزیی فیقهی لە ناو موسڵمانانی کورد وەك هەر وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی، لە ڕووی فکری و عەقیدەیی دێرینی مەلای کورد، پەیڕەوکردنی مەزهەبی ئیمامی شافیعی وەك مەزهەبی ڕسمیی هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانرێت».

دوا بە دوای ئەم هەنگاوەش مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایان، نووسراوێکی فەرمی بە ژمارە (١٠١٣) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٥ بە هاوپێچی فەتوای ئەنجومەنی باڵای فەتوا ژمارە (١/١٠٠٧) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٤ تایبەت بە (ڕێنمایی شەرعی تایبەت بە یەکخستنی پەرستش و درووشمەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان، بەپێی مەزهەبی (ئیمامی شافیعی) ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد، خۆشبەختانە ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٥ بە نووسراوێکی فەرمی ژمارە (٤٩٣٢) گشتاندنێکی بۆ سەرجەم ئەوقافەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆیەکان دەرکرد و، تێیدا ڕایگەیاند: «لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا کار بکرێت بە ناوەڕۆکی نووسراوی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایان».

ئەم ئاراستەیە لە کار و ستراتیژیەتی یەکێتیی زانایان، وەنەبێ تەنیا لە بواری فەتوا و خزمەتی خەڵك و کۆمەڵگەدا بایەخی خۆی دەرخستبێ، بەڵکو لە ئاستی باڵای نەتەوەیی و ڕەوشی دینداری لە هەرێم، بووەتە فاکتەرێکی گرنگی یەکڕیزیی میللەتی کورد لە رووی عەقیدەیی و فیقهی و هێشتنەوەی مەرجەعییەتی فەتوا و پاراستنی میراتی زانستیی زانایانی پێشین و ڕێڕەوی وەستیەت لەلایەك و، ڕێگر بووە لە ئاریشە و پەرتەوازەیی و فەوزا و بیری توندڕەوی لەلایەکی دیکەوە.

رِوان عەبدولمەجید بابان:

# پێویستە کچان بڕوای تەواویان بە تواناکانیان هەبێت و ژێردەستەیی بە میراتی خۆیان نەزانن

**ڕوان عەبدولمەجید بابان، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی و جێگری سەرۆکی (ڕێکخراوی تاکڤین)ـە، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، هەنگاوەکانی دروستبوونی متمانەبەخۆبوون لای کچان ئاشکرا دەکات، هەروەها تیشك دەخاتە سەر ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و جیاکاریی دەرهەق بە کچان و میکانیزمەکانی چارەسەر و نەهێشتنی جیاکارییە ڕەگەزییەکان دەخاتە ڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



*** ئایا کچ لە تەمەنی منداڵییەوە چۆن پەروەردە بکەین، تاوەکو کە گەورە بوو، نەبێتە ئافرەتێکی ستەملێکراو؟ ئایا پەروەردەی کچ تەنیا ئەرکی دایکە، یان ڕۆڵی باوکیش گرنگە؟**

- لە کۆمەڵگەی کوردی ئافرەتان زۆرینەی کات گلە و گازاندەی ئەوە دەکەن، کە پیاوان کەمتەرخەمن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، ئەمەش وای کردووە ئەرکی ئافرەت قورستر بێت لە پرۆسەی پەروەردەکردن لەناو ماڵ، بۆیە منداڵ تا گەورەبوونیش پێویستی بە بوونی باوکە لە ئامۆژگاری و فێرکردن و پێدانی هێز، بەتایبەتی وەك زانراوە، باوان منداڵەکانیان فێری بەهێزی و بوێری دەکەن، لەو کاتەی کە دایك ناتوانێت هێزیان پێ ببەخشێت، باوك ئەو ڕۆڵە دەبینێت، دایکانیش منداڵەکانیان فێری ڕێز و خۆشەویستی و هەست و سۆز دەکەن، کەوایە ڕۆڵی هەر دووکیان کاریگەریی سەرەکیی لە دروستکردنی تاکێکی متمانە بەخۆبوو هەیە. باوك هەرەمێکی سەرەکییە لەناو ماڵ لە پرۆسەی پەروەردەکردن، نەك تەنیا کاری پەیداکردنی پارە و پێداویستیەکانی ماڵ بێت، بێگومان ٩٠٪ی کەسایەتیی منداڵ لە تەمەنی (٥تا ٨)ساڵی دروست دەبێت، بۆیە بوونی هەر دووکیان پێویستە بۆ دروستبوونی کەسایەتییەکی هاوسەنگ.

*** چۆن دەکرێت کچان لەسەر ئەوە ڕابهێنین کە دەرفەت نەدەن کەس گرەو لەسەر تێکشکاندنیان بکات؟ ئایا دەکرێت خێزان و قوتابخانە و شوێنی**

**کار و شەقام بکەنە مەیدانی خۆسەلماندن و کێبڕکێی بونیادنەرانە؟**

- زۆر لە نووسەرانی کورد و ڕۆژهەڵاتناسان گەواهی ئەوەیان داوە، کە چۆن ئەو شێرە ژنانە پێشڕەو بوون لە بەرانبەر دوژمن و بەرگرییان لە خاك و نیشتمان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ماڵیان بەڕێوە بردووە و منداڵیان بەخێو کردووە و لە هەموو بوارێکدا جێدەستیان دیار بووە.

ناپلیۆن بۆناپارت دەڵێت: «ئافرەت بە دەستێکی لانکە و بە دەستێکی هەموو جیهان ڕادەژەنێت». نموونەیەکی زیندووی دیکە لە ئازایەتی و ڕۆڵی ئافرەتی کورد، ئەوەیە کە لە شەڕی دژە تیرۆدا جیهانی سەرسام کرد، بە جورێك ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کەناڵی تیڤی نەبوو، ڕۆژانە دەیان و سەدان هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر کچان و ئافرەتانی کۆبانێ نەنووسن، کە چۆن ببوونە پارێزەری نەتەوە و شارەکەیان و تەنانەت بە پارێزەری مرۆڤایەتیش ناوبانگیان دەرکرد.

ئافرەتی کورد هەر لە کۆنەوە لە هەموو بوارەکاندا یارمەتی و پاڵپشتی پیاوانیان کردووە و بە شێوەیەك کە ژن و پیاو هیچ جیاوازیەکیان نییە و هەردوو ڕەگەزەکە وەك یەك وابوون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت لەمێژەوە تا ئەمڕۆ ئافرەتی کورد شان بە شانی ئافرەتانی جیهان، لە مەیدانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا دەرکەوتوون، کە شایانی ئەوەن لە لاپەڕەکانی مێژوودا باسیان بکرێت و کارەکانیان بەرز بنرخێندرێت، ئەمڕۆش پێویستە کچان لەسەر ئەوە ڕابهێنین کە بڕوای تەواویان بە تواناکانیان هەبێت و هەرگیز چەوساندنەوە و ژێردەستەیی بەمیراتی خۆیان نەزانن، بۆ ئەوەش پێویستە سەرەتا خۆیان خۆش بوێت.

ولیەم شکسپیر دەڵێت: «چەندین ساڵمان بەڕێ کرد، تا فێری زانست بین، کەچی هیچ کەسێك فێری ئەوەی نەکردین، کە چۆن خۆمان خۆش بوێت».

کاتێك کچێك خۆی خۆش ناوێت، خۆشەویستی و ڕێز و متمانە لە قامووسی ژیانیدا نامێنێت. هەمووی وەك یەك دەبینێت، ئەمەش وای لێ دەکات، شك لە توانای خۆی بکات و خۆی بە شایەنی ئەوە نەبینێت کە متمانەی بەخۆی هەبێت. بۆ متمانەبەخۆبوون کچ دەبێت چەند خاڵ لەبەرچاو بگرێت، ئەوانیش ئەوەیە بوێر بێت، ددان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت و حوکم نەکات بەسەر خۆیدا، بەڵکو بەرانبەر بە خۆی لێبوردە بێت، بەو مەرجەی هەڵەکانی دووبارە نەبن، لە هەمان کاتدا دەبێت ڕاستگۆ و میهرەبان بێت بەرانبەر بە خۆی و خۆی قبووڵ بکات وەك خۆی لە ڕووی ڕوخسار و بەژن و باڵا و لە ناخەوەش خۆی خۆش بوێت و بڕوای بەخۆی هەبێت.

*** ئامۆژگاریت بۆ کچان چییە و چ ڕێنمایی و ڕێکارێکت بۆیان هەیە؟**

- کچان نابێت دەرفەت بدەن کەس گرەو لەسەر تێکشکاندنیان بکات، دەبێت خێزان و قوتابخانە و شوێنی کار و شەقام بکەنە مەیدانی خۆسەلماندن و کێبڕکێی بونیادنەرانە، چونکە ئافرەت دەتوانێت لە گشت بوارەکانی ژیان گۆڕانێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگە دروست بکات.

*** باڵیۆزی ئەمریکا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان (لیندا گرینفیلد) لە دەیەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی کچان گوتی: «هەموو کچێك شایستەی ئەوەیە لە جیهانێکی ئازاد و دوور لە توندوتیژی و جیاکاری بژی، ئەمە تاچەند لە کوردستان بەرجەستە دەبێت؟**

- هەموو کچێك شایستەی ئەوەیە لە جیهانێکی ئازاد و دوور لە توندوتیژی و جیاکاری بژی، کە تێیدا دەستی بە پەروەردە و فێرکاری، هەروەها بە خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی کار ڕابگات، هەروەها ڕۆڵیکی سەرەکییان هەیە لە پەرەپێدانی شێوازەکانی کارکردن لە بوار و پراکتیکە جیاوازەکاندا. کچان و ژنان لە ڕووی پێکهاتەوە نیوەی کۆمەڵگەن، دروستکەری نیوەکەی دیکەشن، بۆیە دەبێت هاوبەش بن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەر بۆیە پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی کچان بەتایبەتی بەهێز بکەین، بەردەوام پشتیوانییان بکەین، کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەو سەختییانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، وەك دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە هەندێك جار هەوڵی تێکشکاندنیان دەدرێت لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە و نەتوانراوە پەرە بە توانا و بەهرە و لێهاتووییەکانیان بدەن، بە حوکمی ئەوەی لاوازن و ڕەنگە پیاوان فریویان بدەن، بۆیە دەبێت ڕێز لە کچان بگرین و هەموو مافێکیان پێ بدەین، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە هەموو جومگەکانی ژیاری بەشدار بن.

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە پەروەردەکردنی کچان و دەرخستنی توانا و بەهرەکانیان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خێزان دروست دەکات، چ لە ڕووی لایەنی پەروەردە و تەندروستی و چ لە ڕووی ئابووری، بۆیە پێویستە جەخت لەسەر گرینگیی هێزی کچان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی خۆیانن بە شێوەیەکی کاریگەر بگێڕن، پێدانی ئەو هێزەش مەبەست لێی بەرەوپێشچوونی تاك و کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی کۆمەڵێك دەستکەوتی ئەرێنییە، نەك شێواندنی کۆمەڵگە و بەلاڕێدا بردنی کچان بێت.

**باوان منداڵەکانیان فێری بەهێزی و بوێری دەکەن، لەو کاتەی کە دایك ناتوانێت هێزیان پێ ببەخشێت، باوك ئەو ڕۆڵە دەبینێت**

**نموونەیەکی زیندووی دیکە لە ئازایەتی و ڕۆڵی ئافرەتی کورد، ئەوەیە کە لە شەڕی دژە تیرۆدا جیهانی سەرسام کرد**

**کاتێك کچێك خۆی خۆش ناوێت، خۆشەویستی و ڕێز و متمانە لە قامووسی ژیانیدا نامێنێت**

**ئافرەت دەتوانێت لە گشت بوارەکانی ژیان گۆڕانێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگە دروست بکات**

# خانمان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ هەڵمەتەکانی بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هەیە



**ساڵانە لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر لە تەواوی جیهاندا هەڵمەتێکی ١٦ ڕۆژەی بەرفراوان بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەست پێ دەکات و، ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەت لە ماوەی ئەو ١٦ ڕۆژەدا بە مەبەستی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەت هەڵمەتێکی چڕوپڕ ئەنجام دەدەن.**

**بە شانازییەوە لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی جیهان ئەو پرسە گرینگە بایەخی پێ دەدرێت و کەمپەینی ١٦ ڕۆژەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕێك دەخرێت و، تا ڕۆژی ١٠ی دیسەمبەر کە دەکاتە ڕۆژی جیهانیی مافی مروڤ ئەم هەڵمەتە بەردەوام دەبێت. لەم سۆنگەیەوە دەپرسین: هەڵمەتەکانی بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە کوردستاندا چ ئەنجام و لێکەوتەیەکی ئەرێنی هەبووە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆی سێ ئافرەت لە جیهاندا، یەکێکیان بە لایەنی کەمەوە جارێك لە ژیانیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبێتەوە و ١٢٠ ملیۆن ژن لە جیهاندا لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانیاندا دەستدرێژیی سێکسییان بەرانبەر کراوە، زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن کچ لە جیهاندا بە منداڵی و مێرمنداڵی بە شوو دراون.
بە گوێرەی ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتان و خێزان/ ساڵی ٢٠٢٢ لە هەرێمی کوردستان
هەولێر: ٦٥٠٧ سکاڵا
دهۆك: ٤٢٥٥ سکاڵا
سلێمانی: ٣٨٢٣ سکاڵا
گەرمیان: ١٠٥٥ سکاڵا
سۆران: ٣٤٠ سکاڵا
کۆی گشتی: ١٦٦٠٤سکاڵا تۆمار کراون، وێڕای تۆمارکردنی ٢٠٦ سکاڵای توندوتیژیی سێکسی.
هاوکات بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٢ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هەرێم کەیسەکانی (کوشتن، خۆکوشتن و خۆسووتاندن) ٤٤ ئافرەت کوژراون، ٩٣ ئافرەت خۆیان کوشتووە، ٦٨ ئافرەتیش خۆیان سووتاندووە.

**زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن کچ لە جیهاندا بە منداڵی و مێرمنداڵی بە شوو دراون**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. جوان بەهادین، مامۆستا لە زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەروونزانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بۆ زانینی ئەنجام و لێکەوتەکانی هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بکەین، کە ڕۆژانە لە دەزگاکانی پۆلیس و دادگاکان دەبیندرێن، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بەپێی ئەو سەرچاوانە من بەشبەحاڵی خۆم پێموا نییە کە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە و بەگژداچوونەوە بەرهەمێکی ئەتۆی هەبووبێت کە کاریگەری و گۆڕانکارییەکی باشی لەناو کۆمەڵگەدا دروست کردبێت، ڕەنگە گۆڕانکارییەکی زۆر کەمی دروست کردبێت، بەڵام نەیتوانیوە گۆڕانکارییەکی دڵخۆشکەر بەدوای خۆیدا بهێنێت. کەڵەکەبوونی ئەو هەموو کێشە خێزانییە لە کۆمەڵگەدا پێمان دەڵێت، کە ئەو هەڵمەتانەی بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی ئەنجام دراون، لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرەکانی توندوتیژیی پێویستە هەڵمەتەکان هەمە لایەن و درێژ مەودا بن، نەك تەنیا لە چەند ڕۆژێك ئەنجام بدرێن، بە گشتی هەڵمەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە ئاستی پێویستدا نییە و دەکرێ بە شێوازێکی باشتر و ئەکادیمیانە پلانی بۆ دابڕێژدرێت و جێبەجێ بکرێت. هەمیشە پێمان وا بووە کە میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسن لە ئاراستەکردنی هەڵمەتەکانی

**پێموا نییە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە و بەگژداچوونەوە بەرهەمێکی ئەتۆی هەبووبێت کە کاریگەری و گۆڕانکارییەکی باشی لەناو کۆمەڵگەدا دروست کردبێت**

**کەڵەکەبوونی ئەو هەموو کێشە خێزانییە لە کۆمەڵگەدا پێمان دەڵێت، کە ئەو هەڵمەتانەی بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی ئەنجام دراون، لە ئاستی پێویستدا نەبوون**

**پێویستە بیر لەوە بکەینەوە لە دەزگا پەروەردەییەکانیش و لەناو پەیرەو و پرۆگرامی خوێندن ئەم بابەتانە باس بکرێن**

**ئاشناکردنی خەڵک بە سزای ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەتان ئەنجام دەدەن، کاریگەریی بەرچاوی لە کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان دەبێت**

**لە چوارچێوەی سیاسەتی فیدراڵ لە پایتەختی عێراق، نە بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتمەند بە پرسی ئافرەت و خێزان دامەزراوە، وەکو دامەزراوەیەکی فەرم، نە یاسایەکی مۆدێرن وەکو یاسای ژمارە هەشتی خێزانی بەرکارە لە دادگاکان**

بەگژداچوونەوەی توندوتیژی، پێویستە ئەو گۆشە نیگایە بگۆڕین، پێویستە بیر لەوە بکەینەوە لە دەزگا پەروەردەییەکانیش و لەناو پەیرەو و پرۆگرامی خوێندن ئەم بابەتانە باس بکرێن، هاوکات پیاوانی ئایینی بە حوکمی ئەوەی ڕۆڵێکی باشیان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوانیش دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و پیاوان بەتایبەتی هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئاشناکردنی خەڵك بە سزای ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەتان ئەنجام دەدەن، کاریگەریی بەرچاوی لە کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان دەبێت».

شەنگە هاوار کاکەیی، بەرپرسی یەکەی یەکسانیی جێندەرییە لە وەزارەتی ناوخۆ و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە یاسای گشتی و سەبارەت بە تەوەری ڕاپۆرتەکە بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: «دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە، لە هەرێمی کوردستانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان، وەکو بەرنامەی بەگژداچوونەوە هەڵمەتێکی چڕی هۆشیارکردنەوە دەست پێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەگەر پرسیار ئەوە بێت، ئەم هەڵمەتانە چ دەرئەنجامێکی هەبووە؟ ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێین: ئەم هەڵمەتانە دەرنجامێکی ئەرێنیی زۆر باشی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاك، ئێستا کێشە خێزانییەکان سنووری داخراوەیی چواردیواری تێپەڕاندووە، ئەمڕۆ خەمخۆریی هەڵگرتنی ئاریشەکان کەوتووەتە ئەستۆی حکومەت، لە دوو دیوی جیاواز، لە دیوێکی ساڵانە ئامارەکانی توندوتیژی و سەرجەم کێشەکانی خێزان لە (کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتان، سکاڵا، سکاڵای سێکسی) بەو پەڕی شەفافییەت و لە ڕێگای سکێجوڵێکەوە دەخرێتە ڕوو، کە سکاڵاکان لە نووسینگە و ئۆفیس و بەڕێوەبەرایەتییەکان وەرگیراوە، بەرز دەکرێتەوە بۆ ڕای گشتی و ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، کە خۆیان لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی و نووسینگە دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندن بە پرسی ئافرەت و خێزان و تۆمارکردنی ئامارەکانی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان هەر لە زاخۆ تا خانەقین، بە ڕاستییش ئەرکەکانیان بەرچاون و بەرز دەنرخێندرێن، کە چەندە و کاران کە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەکو بە ئەرکی سەرشانیان هەڵدەستن بەجێبەجێگەیاندنی هەڵمەتی وشیارکردنەوە، بە هاوکاریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەناڵە فەرمییەکان و ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدان و خانمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد...

ئەگەر بە دیوێکی جیاوازتریش بڕوانینە ئەم هەڵمەتانە و بە ئینسافەوە بۆچوونەکانمان بخەینە ڕوو، کە باسی کاریگەرییە بەرچاوەکانی بکەین لەسەر ئاستی سیاسەت بەڕێوەبردن، ئەگەر تەنیا بەراوردێك بکەین لە نێوان هۆشمەندی و ئاست بەرزیی عەقڵمەداریی دەسەڵاتدارانی حکومەتی کوردی بە بەراورد بە دەسەڵاتی عەرەبی لە بەغدا، دەگەینە دەرنجامی ڕاستییەکی سەرسوڕهێنەر، کە دەبینین لە چوارچێوەی سیاسەتی فیدڕاڵ لە پایتەختی عێراق، نە بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتمەند بە پرسی ئافرەت و خێزان دامەزراوە، وەکو دامەزراوەیەکی فەرم، نە یاسایەکی مۆدێرن وەکو یاسای ژمارە هەشتی خێزانی بەرکارە لە دادگاکان . ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە هەن لێرە و لەوێ، بە ڕوونی دیارە لە دەرنجامی سەرکەوتنی مۆدیلی سیاسەتی یەکسانی لە هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، کە سەرکەوتووانە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، لە کاریگەریی ئەو سەرکەوتنە، وا عێراق سوود لەو ئەزموونانە وەر دەگرێت، بە هەوڵدان بۆ کاراکردنی یاسایەکی هەمەچەشن، ئێستا تازە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پڕۆژە یاسایەك بۆ خەمخۆریی خێزان هاوچەشنی یاسای ژمارە هەشتی توندوتیژیی خێزانی کوردی پەسەند کراوە، بەڵام هێشتا ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی نەکراوە، تیادا هاتووە پەناگەی تایبەت بۆ ژنانی هەڕەشەلێکراو، هەروەها دامەزراندنی دادگای تایبەت بۆ کەیسی توندوتیژی



و دیاریکردنی سزادانی ئەوانەی توندوتیژی دەکەن، بگاتە پەرلەمانیش پێموایە دەرنجامێکی دڵخۆشکەری نابێت. چونکە هێزی مەزهەبی و شیعەگەرایی بە ئاشکرا بەرەنگاری دەبن».

بەرپرسی یەکەی یەکسانیی جێندەری لە وەزارەتی ناوخۆ وەك دواوتەی گوتی: «لە نێوان بەربەرەکانێی شەڕی سەپاندنی یاسایەك بۆ بەختەوەریی و ئاسودەیی خێزانی دەڵێم: ئاواتەخوازم هەر ٣٦٥ ڕۆژەکەی ساڵ بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەرخان بکرێت» .

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئەنجومەنی ئەورووپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «توندوتیژی کارێکی قێزەونە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەك ڕوو دەدات، بێگومان کوردستانیش وەك کۆمەڵگەیەك لەم جیهانە لە توندوتیژی بەدەر نییە، بەتایبەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کە بە زۆری لەلایەن پیاوی ناو خێزانی ئافرەتەکە بەرانبەری بەکاری دەهێنین، لە کوردستانیش وەك زۆربەی وڵاتان حکومەتی هەرێم بە یاسا و ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەی تاك، لە هەوڵدایە دیاردەی توندوتیژی بنبڕ، یان کەمی بکات، بەڵام بە گژداچونەوەی توندوتیژی لە خێزانەوە دەستپێدەکات، بۆیە گرنگە دایك و باوك توندوتیژی لە ناو خێزان دژی یەکتر بە کار نەهێنن و ژینگەیەکی ئارام بۆ ئەندامانی خانەوادەی خۆیان بێننە ئارا. هەروەها قوتابخانە بەرپرسە ببێتە نموونەیەکی باش بۆ قوتابیان و دوور بێت لە توندوتیژی بە هەموو شێوەکانی و لە وانەکان جەخت بکرێت، کە توندوتیژی کارێکی نامرۆڤانەیە و نابێت بە هیچ شێوەیەك بەکار بهێنرێت، بێگومان توندوتیژی تەنیا جەستەیی نییە، بەڵکو قسەی نارێك و نەشیاو و هەست بریندارکردن و بە کەم سەیرکردن و ڕێگریکردن و گێچەڵی سێکسی و هێرش و هەڕەشەکردن هەموویان توندوتیژین».

بەرپرسی ئەنجومەنی ئەورووپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەنجامی بەگژداچوونی توندوتیژی بە ڕۆژێك و بە چەند مانگ و ساڵێك دیار نابێت، بەڵکو ساڵانێکی زۆری دەوێت بۆ گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵگە لە شێوەی توندڕەوی و خۆ بە خاوەن زانین و پاسەوانی بۆ بیرکردنەوەی یەکسانی و ڕێزگرتن و باوەر بوون بە یاسا و دوورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندن. ڕاستە لە سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆن زۆر جار باس لە توندوتیژی و کوشتن دەکرێت و وا دیار دەکەوێت کە دیاردەی توندوتیژی زیاتر بووە، بەڵام بە بۆچونی من هەموو کات ئەم دیاردەیە هەر هەبووە، بەلام ئێستا لە بەر زوو بڵاوبوونەی هەواڵ لە جیهان و لە هەموو لایەك کە لە ڕێگای سۆشیال میدیا بە یەکتر بەستراونەتەوە، وا هەست دەکرێت کە ڕێژەی توندوتیژی زیاتر بووە. بەڵام هەڵمەتی بە گژچوونەوەی توندوتیژی تا ڕاددەیەکی باش ئەنجامی دیارە و کاری خۆی کردووە لە کوردستان، بۆ نموونە، لێدان لە قوتابخانەکان قەدەغەیە، سزای کوشتی ئافرەت بە بیانووی ئابڕوو، سزای هەروەك سزای کوشتنی مرۆڤێکە، تاك ئێستا زیاتر مافی قسەکردن و دەربڕینی را و بۆچوونی هەیە، دیموکراتیەت خۆی لە خۆیدا کەمبوونی توندوتیژییە. ئەگەر سەیری وڵاتانی ئەوروپا بکەین، دەبینین بەم هەموو پێشکەوتن و دیموکراتیەت و یاسا بەهێز و مرۆڤانەیەوە، توندوتیژی زۆر زەقە لە کۆمەڵگەی ئەورووپی، بۆیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕێکخراوەی حکوومی و مەدەنییان هەیە، کە چەندەها ساڵە دژی توندوتیژی کار دەکەن. ئێمە لە نیشتمانێك کە مافی وڵاتی سەربەخۆمان نییە و دوژمن و نەیار کار لەسەر تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە دەکەن و بڕینی مووچە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵ و دەستتێوەردان لە ماف و قووتی خەلك کە یەك لە هۆکارەکانی زوو تووڕەبوونی تاکە و تووڕەبوونیش هۆکارێکی توندوتیژییە، توندوتیژی دژی گەلەکەشمان زۆر بەرچاوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بە هەموو شێوەیەك کار بۆ چارەسەر کردنی ئەم دیاردە قێزەونە دەکات».

**ئەم هەڵمەتانە دەرنجامێکی ئەرێنیی زۆر باشی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاک، ئێستا کێشە خێزانییەکان سنووری داخراوەیی چواردیواری تێپەڕاندووە، ئەمڕۆ خەمخۆریی هەڵگرتنی ئاریشەکان کەوتووەتە ئەستۆی حکومەت**

**ئاواتەخوازم هەر ٣٦٥ ڕۆژەکەی ساڵ بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەرخان بکرێت**

**حکومەتی هەرێم بە یاسا و ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوەی تاك، لە هەوڵدایە دیاردەی توندوتیژی بنبڕ، یان کەمی بکات**



## ئەژین زرار:

# داهاتی کارەکەم تارادەیەک بژێوی ژیانمی ڕایی کردووە

**بەرهەمە دەستییەکان لەئێستادا بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشی خواستێکی زۆریان لەسەرە، ئەوەش وای کردووە کە کاری دەستی لە جیهاندا نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەبێت، هاوکات سۆشیال میدیا خزمەتێکی باشی ئەو پیشەوەرانەی کردووە و ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی کارە دەستییەکانیان لە ئەکاونت و پەیجەکانی ئینتەرنێت نمایش بکرێن و بە بازاڕ بکرێن. ئەژین زرار کچە گەنجێکی دەسترەنگینە و دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە، وەك خۆی باسیدەکات ماوەی ١٠ ساڵە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا سەرقاڵی کارە دەستییەکانیەتی و لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بەرهەمە دەستکردەکانی بە بازاڕ دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ئەژین زرار لەساڵی ١٩٩٢ لە دیانا لە دایکبووە و دانیشتووی قەزای ناوەندی سۆرانە، ئەو دەرچووی قۆناغی ئامادەییە، لە دیدارێکی تایبەتدا بەمجۆرە باس لە کارە دەستییەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات:» دوای ئەوەی نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم، حەز و خولیام بۆ کاری دەستی بووە پیشەیەکی سەرکەوتوو و پرۆژەیەکی بچووك،،سوپاس بۆ خوا داهاتی کارەکەم تاڕادەیەك بژێوی ژیانمی ڕایی کردووە.»

سەبارەت بە جۆری بەرهەمە دەستییەکانی ئەو خانمە دەسترەنگینە دەڵێت:» پیشە دەستییەکانم ئەو کار و بەرهەمانە دەگرێتەوە کە بە ئەندێشە و هزری خۆم سازیان دەکەم و لە کەرستە و شتومەکی خۆجێیی دروستیان دەکەم، نموونەی ئێکسوارات و نەخشاندنی چەرم و فوم چنین بە مەکرومە، هەروەها دیزاینکردنی هەنار و پێنوس و شوشە و دیکۆراتی جوانکاری نێوماڵ.

ئەژین زرار بۆ داهاتووی کارەکەی خوازیارە بەرهەمە دەستییەکانی لە هەموو ناوچەکەدا بناسرێت و لەمبارەیەوە دەڵێت:» وەکو دیزاینکارێك چەندین ساڵە هەرلەماڵەوە لە پیشەکەم بەردەوامم و سەرەتا لە ئیشی بچووکەوە دەستم پێی کرد، بۆ داهاتوو هەوڵی ئەوە دەدەم پەرەی زیاتر بە کارە دەستییەکانم بدەم و پرۆژەکەم گەورەتر بکەم، بۆ ئەوەی کارەکەم ببێتە براندێکی ناسراو».

### ئەندازیار فیرۆز حەسەنساڵەیی:

# پلانی تایبەتم بۆ خزمەتی خانمانی کەرکووک دەبێت و کاردەکەم بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان

**وابڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق (جگەلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) بەڕێوەبچێت کە زیاتر لە ٢٣ ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان لەو هەڵبژاردنە هەیە و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادەکاری کردووە بۆ کردنەوەی حەوت هەزار و ٧٦٥ بنکەی دەنگدان کە لە ٤٨ هەزار و ٤٠ وێستگەی دەنگدان لەخۆدەگرێت، بۆ دەنگدانی گشتی، تایبەت و ئاوارەکان. لەم هەڵبژاردنەدا حزب و هاوپەیمانییەتییەکان کێبڕکێی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسییەکانی ئەنجوومەن دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، ناوەندەکانی دەنگدان و وێستگەکان لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت و خوێندکارانی زانکۆ و دەرچووان بەڕێوەدەبرێن کە ژمارەیان ٢١٤ هەزار و ٥٩٥ کارمەندە.

ئەندازیار فیرۆز حەسەن ساڵەیی بەربژێری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە بەرنامەی کاری داهاتووی دەکات:» وەکو کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەکو کچە پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن شەرەفمەندم کە خزمەتی شارەکەی خۆم بکەم، بە حوکمی ئەوەی ئێستا فەرمانبەرم لە شارەوانی کەرکووك خوا یار بێت بە ئەگەر هاوکاری جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنم بەدەست هێنا، ئەوا کار لەسەر پرۆژانەکانی خۆم بکەم، وەکو قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی شارەکەم، کار لەسەر ئەوە بکەم زەوی و زاراری جوتیارانی کەرکووك بە تایبەت سنووری پەرکانە و شەناغە و گابڵە کە عەرەبە هاوردەکان داگیریان کردووە، بەپێی یاسا هەمووی بگەڕێنمەوە بۆ خاوەنەکانیان کە کوردی ڕەسەنی کەرکووکن.

بێگومان پلانی تایبەتیشم بۆ خزمەتی خانمانی کەرکووك دەبێت، کاردەکەم بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان و هینانە پێشەوەیان بۆ نێو کارە ئیدارییەکانی شارەکەم بەتایبەت لە پڕۆژەکان کە ئێستا من تاکە ئافرەتم لە نێو پڕۆژەکانی کەرکووك، هەروەها هینانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ گەڕەگە کوردییەکان کە تەواو پشت گوێ خراون.

ئەزموونی کاری سیاسی پارتی ئەوەی سەلماندووە کە تاکە حزبە سازش لەسەر مافی خەڵکی ڕەسەنی کەرکووك ناکات و ژێردەستەیی و چەوسانەوە ڕەتدەکاتەوە».

# گالێری «تریپتیچ»ی مۆسکۆ دابونەریتی کوردان لەخۆ دەگرێت

پێشانگەی کوردان (دابونەریت و مۆدێرنیتە) لە گالێریی هونەری هاوچەرخی (تریپتیچ) لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی ڕووسیا بەڕێوە چوو.
پێشانگای کوردان دابونەریت و مۆدێرنیتە (Kurds traditions and modernity) لە گالێریی هونەری هاوچەرخی تریپتیچ Triptych بە ناونیشانی هونەری ئێستای کوردان و بە ئامادەبوونی بەرهەمی هونەرمەندانی ناوداری کورد، وەك بەشێك لە سێیەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردیی مۆسکۆ Moscow لە شاری مۆسکۆ لە وڵاتی ڕووسیای فیدراڵ بەڕێوە چوو و میوانداریی هۆگرانی هونەرە شێوەکارییەکان بوو.

مەنسوور جیهانی / مۆسکۆ






لەم ڕووداوە هونەرییەدا کۆمەڵێك بەرهەم بە شێوازی زۆر جیاواز و بە تەکنیکی جۆراوجۆر خرایە بەر دیدی هۆگرانەوە، کە نیشاندەری جۆراوجۆریی کلتووری کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستانە. ئەم پێشانگایە بە ئامادەبوونی کەرەم گەردەن زەری (Kerem Gerdenzeri) سەرۆکی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی ناوداری کوردی دانیشتووی وڵاتی ڕووسیا، خاتوو ئینا تجۆڤا (Inna Tejoeva) بەرپرسی گالێریی هونەری هاوچەرخی تریپتیچ -Trip tych، محەمەدی حەمەسەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاتوو ڤیکتۆریا شیشکۆڤا (Victoria Shishkova) لە بەرپرسانی سەرەکیی گالێریی هونەری هاوچەرخی تریپتیچ، خاتوو گولیزەر گەردەن زەری (Gulizer Gerdenzeri) بەرپرسی فیستیڤاڵەکە، لێژنەیەکی باڵا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها هونەرمەندانی ئامادەبوو کرایەوە.

لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی ئەم گالێرییەدا بیهرووز قوبادی دەرهێنەری فیلمی سینەمایی پێنج کیلۆ گوێز (Kilos of Walnuts 5) بە هاوڕێیەتی لەگەڵ محەمەد نووری و تیما تەقیزادە، ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم بەرهەمە سینەماییە، بیلال کورکوت (Bilal Korkut) دەرهێنەری فیلمی سینەمایی بۆشاییەك لە دیوار (The hole in the Wall)، ئەمیر غوڵامی دادوەری بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلمی چیرۆکی، فەرید ئیلهامی دەرهێنەری بەڵگەفیلمی بلندی (Tamira)تەمیرە، گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر، توێژەر و ژەنیاری تەنبوور، هەروەها سەعید ئیمامی ژەنیاری دەف تیایدا ئامادە بوون. لەم پێشانگەیەدا بەرهەمەکانی تەیمۆراز ڕاشۆیف (Teimuraz Rashoev) هونەرمەندی بەرچاو لە چوارچێوەی کارگەی خوڵقێنەری ز.ك. تسێرێتلی Z. K. Tsereteli، پەیکەرتاشی، هونەرەکانی ڤیترای و موعەڕەق پێشکەش کرا. بێجگە لەوانە، بینەران لەوێ لەگەڵ بەرهەمەکانی ڕۆزا ئۆزمانیان (Roza Ozmanyan) ئاشنا بوون، کە نموونەیەکەی سەرکەوتووە لە هونەری ئاسایدا، بەڵام بە کوالێت و بە پێز و بە ناوەڕۆك.

بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی هونەرمەندان دەیڤید پیرۆزی (David Pirozi) و کۆڵی خان(Koli Khan) دەتوانین بۆمان دەربکەوێت کە چۆن یەکڕیز هونەرمەندی داهێنەر لە دایك دەبن و تەکنیکی هونەری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

تەیمۆراز ڕاشۆیف، ڕۆزا ئۆزمانیان و دەیڤید پیرۆزی، خۆیان لە پێشانگاکەدا ئامادەبوون و بەرهەمەکانیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. بەرهەمەکانی هەڤاڵ تژندەرە (Heval Tazhan-dare) کە بە هۆی کارە گرافیکییە سەرنج ڕاکێش و پڕجووڵەکانییەوە ناسراوە و هەروەها نوێترین بەرهەمی زینە برۆیان (Zina Broyan) هونەرمەندی بەهرەمەند لە پێشانگای (کوردەکان: دابوونەریت و مۆدێرنیتە) پێشکەش کران، کە تابلۆی برۆیان، بەرهەمێکی دیجیتاڵ لە قەوارەی گەورە و سەرسووڕهێنەر بوو کە بە چاپ لەسەر کاغەز و بە ئیهام لە نیلووفەرە ئاوییەکانی هێمای مۆنە ئاراستە کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم پێشانگایەدا، بەرهەمی هونەرمەندێکی ئامەجرۆ و قوتابی پیلی چوار بە ناوی «نۆریك یۆسۆیان» Norik Iusoyan خرابووە ڕوو کە تابلۆکانی بە ناوەرۆکی نەتەوایەتی خوڵقێندرا بوون.









## مەی حەریری: ئەگەر بگەڕامایەتەوە بۆ ڕابردوو هاوسەرگیریم نەدەکرد



خانمە ئەکتەر مەی حەریری هەر جارێ کە لە پلاتفۆرمی میدیاییدا دەردەکەوێت، مشتومڕ دروست دەکات، هەرچەندە لە کاری هونەری دووریش بکەوێتەوە، بەڵام کە دەگەڕێتەوە، لە شەوێکدا بە هەواڵەکانییەوە سەرقاڵ دەکات.

مەی حەریری لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت و تێیدا باسی ژیانی خێزانی و هونەریی خۆی کرد، لەم دیمانەیەدا ئاماژەی بە دوورکەوتنەوەی لە بەیرووت کرد و گوتی: «دوای تەقینەوەی بەندەری بەیرووت و بریندار بوونم بە شێوەیەکی سەخت، من و کچەکەم لەوێ هەڵاتین، ئەو پرسە سەرەتا بابەتێکی کاتی بوو، بەڵام زۆری نەخایاند، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە لەندەن نیشتەجێ بووم»، حەریری لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە کچەکەی گوتی: «سارا توانی جارێکی دیکە هەستی دایکایەتیم ئاگادار بکاتەوە، ئەمڕۆ پێگەیشتم و دەزانم چۆن شتەکان باشتر هەڵسەنگێنم، هەموو منداڵەکانم پڕبە دڵ ئازیز دەزانمن».

سەبارەت بە ژیانی هونەریشی گوتی: «من بە پلانی پێشوەختە نەچوومە ناو هونەرەوە، بەڵکو دەرفەتێکی زێڕینم بۆ ڕەخساو، بۆیە هاوشێوەی هونەرمەندانی دیکە ئەرك و ماندووبوونی زۆرم نەکێشا تا بێمە نێو بواری هونەری و هەوڵ بدەم خەونەکانم بهێنمە دی و شوێنی خۆم بکەمەوە، تەنانەت پێش ئەوەی بچمە ناو گۆڕەپانی هونەریشەوە ناوبانگم هەبوو».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەوەی کە چۆن کاتەکانی لە لەندەن بەسەردەبات، مەی دەڵێت: «من بە هەموو مانایەکی ڕۆڵی دایکایەتی پراکتیزە دەکەم، زۆربەی کاتەکان ئاگاداری سارای کچم دەبم، لە کاتی بەتاڵیدا وەرزش دەکەم و زمانی ئینگلیزی دەخوێنم، لە کۆتایی ڕۆژدا ئەوەندە ماندوو دەبم، کە بە خێرایی خەوم لێدەکەوێت، من لەوێ ناتوانم پشت بە کەس ببەستم و هەموو کارەکانم خۆم دەیکەم».

دواتر تیشکی خستە سەر ژیانی هاوسەرگیری و گوتی: «هەموو ئەم هاوسەرگیرییانە لە هەڵبژاردنە کەسییەکانی منەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، دواهەمینیان ئەوەیە کە پەشیمانم، لە ژیانمدا تووشی چەندین شۆك بوومەتەوە، کە چاوەڕێم نەدەکرد، هاوسەرگیری بۆمن بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە و ئەگەر بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، هەرگیز هاوسەرگیریم ناکەم، ئەو ئازارانەی لە ژیانمدا تووشم بوون زۆرن».

## کەیت بلانچێت داوا لە یەکێتیی ئەورووپا دەک

خانمە ئەکتەر (کەیت بلانچێت) باڵیۆزی نیازپاکی لە کۆمیسارییی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لە یەکێتیی ئەورووپا کرد، کە پاڵپشتی بۆ پەنابەران و وڵاتانی میواندار زیاد بکات و دڵنیابێت (لە سەر پاراستنیان نەك بەهێزکردنی سنوورەکان).

بەگوێرەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، ئەستێرەی خاوەن خەڵاتی ئۆسکار کە لە ساڵی ٢٠١٦ وەك باڵیۆزی نیازپاکی UNHCR دەستنیشان کرا، لە پەرلەمانی ئەورووپی لە برۆکسل گوتی: «دەبێت لەوە تێبگەیت کە کەس منداڵەکانی ناخاتە ناو بەلەمێکەوە، مەگەر دەریا سەلامەتتر نەبێت».

ئاماژەی بەوەشکرد: سوپاسی یەکێتیی ئەورووپا دەکەم بۆ پاڵپشتی دارایی درێژخایەنیان بۆ پەنابەران لە سەرانسەری جیهان و، داوا دەکەم پشتگیرییەکان بەردەوام بن و زیاد بکرێن، جیهان چاودێرییان دەکات. داواکارییەکەی بلانچێت لە کاتێکدایە کە یەکێتیی



# ـــــات پاڵپشتی بۆ پەنابەران زیاد بکات

ئەوروپا هەوڵ دەدات چاکسازی لە یاساکانی مافی پەنابەری و کۆچبەریدا بکات، بۆ کەمکردنەوەی کۆچبەری نایاسایی، هەروەها لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ئەندام هەوڵ دەدەن رێککەوتنی تایبەتی خۆیان ئەنجام بدەن، و لەو بوارەوە ئیتاڵیا ڕایگەیاندووە کە ناوەندێك لە ئەلبانیا دروست دەکات، بۆ پێشوازیکردن لەو کۆچبەرانەی لە ڕێگەی دەریاوە هەوڵی گەیشتن بە ئیتاڵیا دەدەن.

بلانچێت ئاماژەی بەوەش کرد، ژمارەیەکی پێوانەیی ١١٤ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا ئاوارە بوون لە ماڵ و حاڵی خۆیان، کە لە توندوتیژی و ململانێ و گۆشەگیری و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەڵدێن، هەروەها بەهۆی ئەگەری بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارە و پەنابەر بۆ بەرزترین ئاست، پارەدارکردنی مرۆیی لە جاران پێویستترە. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «وەبەرهێنان لە پەروەردە و بژێوی ژیاندا بکەن بۆ ئەوەی خێزانەکان لە هەر شوێنێك بن، دەرفەتیان هەبێت بە ئاسوودەیی بژین، نەوەك ناچار وڵاتەکانیان جێبهێڵن، هیچ کەسێك سوود لە نەوەیەکی گەنجی نامۆ و دوورخراوە نابینێت».

بنەڤش جزیری:

# سەرکەوتنی ئافرەتی هونەرمەند بەبێ پاڵپشتی ئەستەمە



*** هاتنت بۆ نێو بواری گۆرانی و موزیك چۆن بوو؟**

- پەیوەندیی من و هونەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی خێزانیمان لەگەڵ هونەر، من لە خێزانێکی هونەردۆستدا پەروەردە بووم، دایکم و باوکم دەنگیان زۆر خۆش بوو، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر من هەبوو، لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەستم بە گۆرانیگوتن کردووە، بەڵام ئەو کاتە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ نەبوو، خاڵی باوکم (عەلیی مستەفا) و کوڕێکی بەناوی (عەسکەر جزیری) گۆرانیبێژ و لاوکبێژی بەناوبانگ بوون لە جزیری، بەردەوام گۆرانیی فۆلکلۆرییان دەگوت، ئەوانیش کاریگەریی زۆریان لەسەر من هەبوو، چوار ساڵ پێش ئێستا بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ دەستم بە گۆرانیگوتن کرد، لەگەڵ هونەرمەند سەید پێرەنجك دوو گۆرانیم گوت بە ناوی (باز و کەڤۆکێ).

*** ڕەوشی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی گەنج هەن، کە ئێستا کاری هونەری بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام دەدەن، هیوادارم ئەم گەنجانە بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێچکەیە، بۆ ئەوەی هونەر و کلتوور و زمانی کوردی بپارێزین، کە ئەمەش ئەرکی ئێمە هونەرمەندە.

*** زۆربەی هونەرمەندانی باکوور گرنگییەکی زۆر بە فۆلکلۆر دەدەن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- فۆلکلۆری کوردی گەنجینەیەکی ڕەسەن و دەوڵەمەندە پێویستە هونەرمەندانی کورد سوودێکی زۆری لێببینن، من خۆم یەکێکم لە ئەوانەی کە زۆر حەز لە کارە هونەرییە ڕەسەن و فۆلکلۆرییەکان دەکەم و هەوڵ دەدەم زیاتر پەرەیان پێ بدەم، لە نێوان هونەرمەندە گەورەکاندا زۆر حەز بە دەنگی محەمەد عارف جزیری و عەسکەر جزیری و حەسەن جزیری و محمد شێخۆ و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی دیکە دەکەم.

*** چی بکرێت بۆ پاراستنی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی؟**

- پێویستە هونەرمەندە گەورە و بە ئەزموونەکان هەوڵ بدەن ئەم گەنجینەیە زیندوو بکەنەوە و لە لەناوچوون بیپارێزن، هەروەها وا بکەن کە هونەرمەندە گەنجەکانیش زیاتر گرنگیی پێ بدەن، چونکە ئەگەر ئێمە فۆلکلۆرەکەمان بەهێزتر و پارێزراوتر بێت دەتوانین کاری جوانتر و پێشکەوتووتر ئەنجام بدەین، لە هەمان کاتدا پێویستە لە سەردەمی ئێستاشمان دانەبڕێین و بەردەوام بین لە پێشکەشکردنی کاری نوێ و مۆدێرن.

*** ژەنینی ئامێری مووزیك بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- بێگومان پێویستە هونەرمەندی گۆرانیبێژ شارەزاییەکی باشی لە ئامێرە موزیکییەکان هەبێت و بە لایەنی کەمەوە بتوانێت یەکێك لە ئامێرە سەرەکییەکان بژەنێت، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە بەداخەوە نەمتوانیوە تا ئێستا ئامێرێك بژەنم، بەڵام زۆر حەز لە گیتار دەکەم و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بتوانم گیتار بژەنم، چونکە ئەمە یارمەتیدەرم دەبێت بۆ پێشخستنی کارە هونەرییەکانم.

*** کێ زیاتر هاندەرت بووە بۆ ئەوەی بێیتە ناو جیهانی گۆرانی و بەردەوام بیت لە گۆرانیگوتن؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم باوکم هاندەر و پاڵپشتی یەکەم و سەرەکیم بووە، ئەو هەم لە بواری هەڵبژاردنی تێکست و ئاواز و چۆنیەتی گوتنی گۆرانییەکان یارمەتیم دەدات،



**بنەڤش جزیری ساڵی ١٩٨٨ لە جزیر لەدایکبووە، لە تەمەنێکی زوودا لەگەڵ خانەوادەکەی ڕوویان کردووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و لە ڕێگەی خانەوادەکەیەوە ڕووی لە بواری هونەر کردووە، کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەری هەبووە، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا گۆرانی گوتووە و تا ئێستاش بەردەوامە، جگە لە ژیانی هونەر و مووزیك بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ویستڤاڵیا گۆرونوا کردووە لە وڵاتی ئەڵمانیا و دەنگێکی زۆری بەدەست هێناوە.**
**بنەڤش جزیری بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

هەمیش وەك باوك پاڵپشتێکی سەرەکیمە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە و، بە هەموو شێوەیەك هانم دەدا کە بەردەوامم لەو بوارە، بۆیە پاڵپشتی و هاندەری سەرەکیم باوکم بووە و لێرەدا زۆر سوپاسی دەکەم.

*** گرووپە هونەرییەکان لە باکووری کوردستان و لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە پێشخستنی هونەری کوردی؟**

- ڕۆڵیان زۆر کاریگەر و بەرچاوە، بۆیە شایەنی ڕێز و تەقدیرن، چونکە ئەو گرووپە هونەرییانە کار و خەباتێکی زۆریان کرد لەپێناو پاراستنی هونەری کوردیدا، بەتایبەتی هونەری فۆلکلۆری ڕەسەن و پاراستنی لە فەوتان و لە لەناوچوون، ئەوان لە سەردەمێکدا کاریان کرد، کە بووە هۆکاری ئەوەی چەندین هونەرمەندی گەنج و لاو پەیوەندییان پێوە بکەن و، خۆشەویستیی هونەر و زمانی کوردی لە دڵی ئەواندا چەکەرە بکات و بەردەوام بن.

*** وەك خانمە هونەرمەندێك ژیانی هونەرمەندان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ژیان بە گشتی سەختی و ئاڵۆزیی تێدایە، بەڵام بۆ هونەرمەندی کوردی و بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، سەختی و ئاڵۆزییەکان زیاترن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێزانەوە، ئیتر هونەرمەندی کورد بەتایبەتی ئافرەت، ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنێت، لە هەمان کاتدا کەسانێکیش هەن کە یارمەتیدەر و پاڵپشتن بۆ سەرکەوتنی ئەو ئافرەتە هونەرمەندانە، بەتایبەتی خانەوادە، من یەکێکم لەوانەی کە خانەوادەکەم پاڵپشتی هەرە سەرەکیم بوون بۆ بەردەوام بوون لە کاری هونەری.

من سۆشیال میدیا بەکار دەهێنم، بەڵام تەنیا بۆ ڕاپەڕاندنی کارە هونەرییەکان و بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تایبەت بە بواری هونەری، لە هەمان کاتدا لەگەڵ جەماوەرەکەم، بۆیە هەفتانە کاتێك تەرخان دەکەم بۆ سۆشیال میدیا.

**سێوە خەسرۆ سلێمان**

**ڕاهێنەری کۆنگفۆشاوڵینگ لە شاری سلێمانی:**


# هەوڵمان داوە لە قوتابخانەکانی چین چۆن شاوڵینگ دەخوێندرێت، لای ئێمەش بە هەمان شێوەیە بێت



*** بۆچی یاریی شاولێدانیت کردە یاریی دیاریکراوی خۆت؟**

- وەکو هەمـوو یاریزانێکـی ئاسایی دەستم بـە یاریـی شـاولێدان کـرد و مـاوەی حـەوت سـاڵە خەریکـی مەشـق و ڕاهێنانـم لـەم یارییـە.

*** لـەم ماوەیـە زۆرە کـە ئـەم وەرزشـە ئەنجام دەدەیت، بۆچی لەگـەڵ هیـچ یانەیـەك کارناکەیت؟**

- ئێمـە خۆمـان هۆڵـی یاریـی شـاوڵینگ بەرگـری کۆنفۆمـان، هەیـە پێویسـت نـاکات لەگـەڵ هیـچ یانەیـەك کاربکـەم، لـە فێرگەکـەی خۆمـان ڕاهێنـەرم لـە گرووپـی کچـان و هەندێـك کات هـی منداڵانیـش دەڵێمـەوە، جگـە لـەوەش هیـچ یانەیـەك نییـە تایبـەت بێـت بـە یاریـی شـاولینگ، یانـەکان گرنگـی بـەم یارییـە نـادەن.

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەداخـەوە بـاش نییـە، ئەوانـەی لـەم بـوارەدا کار دەکـەن بـە شـێوەی ڤیدیـۆ فێـر بـوون یـان بـە نـا ئاکادیمـی لـە مامۆسـتاکانیانەوە فێربـوون، ئێمـە هەوڵمـان داوە لـە قوتابخانەکانـی چیـن شـاوڵینگ چـۆن دەخوێندرێـت، لای ئێمەش بە هەمـان شێوەیە بێت، تا شێوازە زانستییەکەی بە خەڵـك بگەینیـن، ئێمـە هەمووکاتەکانـی خۆمانمـان بـۆ ئـەم یارییە تەرخان کـردووە، بۆ ئـەوەی بتوانین بەباشـی گەنجان ئامـادە بکەیـن.

***بۆچی وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە نادرێت؟**

-بێگومـان وایـە، ئێمـە هەوڵـی خۆمـان داوە، بـەڵام بەرامبەرەکـەش دەکەوێتـە سـەر ئەتسـۆی فێرخـواز، ئەویـش دەبێ حـەزی بـۆ ئـەم وەرزشـە هەبێـت، ئەگـەر مامۆسـتایان یاریزانێ خـۆی حەزێکـی باشـی بـۆ یارینەبێـت بـە زۆر ناتوانیـت حـەزی لا دروسـت بکـەیت.

*** بڕیارت نەداوە لەم یارییەدا تیپێکی**

**یاریی کۆنگفۆشاولّینگ یەکێك لە یارییە بەرگرییەکان و وەك هونەری جەنگی بە ناوبانگە، لە شاری سلێمانی چەندین ڕاهێنەر و یاریزانی بەتوانا هەن، کە چەندین یاریزانی بەتوانایان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان دروست کردووە. سێوە خەسرۆ سلێمان یەکێك لە ئافرەتە بەتواناکانی ئەم بوارە و ئێستا ڕاهێنەرە لە فێرگەی کۆنگفۆ شاولّینگ، سێوە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە، یاری بۆ هیچ یانەیەك ناکات تەنیا لە فێرگەکەی (پاوەر فلای) مەشق و ڕاهێنانەکان دەداتەوە. گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

**کچانە بۆ شاری سلێمانی دروست بکەیت؟**

- یەکەم کچ بووم کە گرووپی کچانم دروست کرد و ئەم هونەرەم گوتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرووپەکەمان گەورەتر دەبێت و ئافرەتان زیاتر دێنە لامان، هیوادارم لە فێرگەکانی دیکە ببینم مامۆستای کچ هەبێت وانەی تایبەت بڵێتەوە.

***وەکو ڕاهێنەرێکی ئافرەت بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

-هەموو ڕاهێنەرێك بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ ئەوەی نهێنیی کارەکەم بپارێزم ناتوانم لێرە هەموو پلانەکانی داهاتووی خۆم ئاشکرا بکەم، حەز دەکەم لە داهاتوو هونەرەکە زیاتر بەرەوپێش بچێت و فێرگەکە زیاتر گەورە بکەین.

***بڕیارت نەداوە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەیت؟**

- یەکەم کەس بووم لەگەڵ هاوسەرەکەم بەشداریی پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیمان کرد و پلەی زۆر باشیشمان هێنایەوە، هاوسەرەکەم سێ مەدالیای زێڕ و منیش دوو مەدالیای زێڕ و زیوێکم بەدەست هێناوە، پێش ئێمە هیچ کەسێك بەشداریی پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیی نەکردووە، بەهیوای ئەوەین لە داهاتوودا خۆمان و یاریزانانەکانمان بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەین.

***کێشەو گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- ئەگەر ڕاهێنەر کێشەی نەبێت هۆڵەکەش کێشەی نابێت، یاریزان هەبووە هاتووەتە لامان تووشی گرفتی ئێسك و جومگە بووە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مەشقەکانی بە هەڵە ئەنجام داوە، هیوادارم بە شێوازی ئەکادیمی و زانستییانە ڕاهێنەرەکان وانە بڵێنەوە، یاریزان هەبووە لە ڕێگەی ڕاهێنانی نا تەندروست تووشی گرفتی دەروونی بووە، ئەم هونەرە بۆ ئەوەیە کە کەسێك ڕقەکانی دڵی دەر بکات و ببێتە کەسێکی ئاشتی خواز.

***ئامانجت چییە لەم یارییە؟**

-هیوادارم وەکو هەموو وڵاتانی دیکە ئێمەش بتوانین یارییەکە لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجام بدەین، هیچ جیاوازییەکمان نییە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بەهیوای ئەوەم هەموو مامۆستاکان و ڕاهێنەرانی فێرگەکان گرنگی بەم یارییە بدەن و پێشی بخەن .

***بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- هونەرەکە چەند یاسایەکی توندی هەیە، ڕاهێنانەکانی قورسن، ئەمەش وا دەکات کچان ورزشێکی دیکە هەڵبژێرن، بەڵام مـن دڵنیایان دەکەمەوە زۆر بەهێز دەبن لە یاریی شاولّیندا و لای ئێمەش ڕێژەی کچان کەم نییە، لە شوێنەکانی دیکەش کچان ئاشنا نین بەم هونەرە، ئەگەر ئاشنابن پێی، زیاتر حەزی پێ دەکەن.

***گەشتێکتان کرد بۆ وڵاتانی ئاسیا، بۆ چ مەبەستێکی وەرزشی بوو؟**

- ئەم گەشتەمان بۆ وڵاتی سەنگاپوورە بوو بۆ کێبڕکێ بوو لە پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی، ئەنجامی زۆر باشمان بەدەست هێنا و یەکەمین فێرگەبووین کە بەشداربووین لەم پاڵەوانێتییەدا.

*** هەوڵتان نەداوە ئەم وەرزشە بگەیەنە شارەکانی دیکە؟**

- هەوڵ دەدەین لە ساڵانی داهاتوو لە شارەکانی دیکەش لق بکەینەوە، بەڵام تاکو نەتوانین ڕاهێنەری بەتوانا دروست بکەین لق ناکەینەوە، چونکە ئەم هونەرە بەرپرسیاریەتییە لە سەرمان، بۆ یاریزانەکانیش بە هەمان شێوەیە، پێویستە کە بە زانستی فێری ئەم هونەرەیان بکەین.

***ئەگەر شتێکت لە کۆتاییدا ماوە؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو دڵسۆزییەی بەرامبەر سەرجەم وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیەتی، نموونەتان زۆر بێت.

# شەترەنجزانانی هەولێر کۆنترۆڵی کوردستانیان کرد

بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی شەترەنجی کوردستان و بە هاوکاریی لقی دهۆکی یەکێتیەکە، پاڵەوانێتیی شەترەنجی ئاستی تەمەنە جیاوازەکانی کوردستان بۆ هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەڕێوە چوو، کە ٦٠ یاریزانی ئەم پارێزگایانە لە ئاستەکانی تەمەنی (٦،٨،١٠،١٢،١٤،١٦،١٨،٢٠) ساڵ کێبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، لەم بارەشەوە ئازاد سابیر دیبەگەیی سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی شەترەنجی کوردستان بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «یاریزانانی شاری هەولێر توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و ببنە پاڵەوانی یارییەکە، لەم پاڵەوانێتییەدا یاریزانانی هەولێر نوێنەرایەتیی پایتەختی کوردستانیان دەکرد، دەمانەوێ خزمەتی زیاتری یاری شەترەنج بکەین لە شاری هەولێری ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ خزمەتکردنی ئەم وەرزشە ئەنجامی دەدەین، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.


**ژێر٢٠ساڵ- کچان**
١-پەری پشتیوان
**ژێر ١٨ ساڵ-کوڕان**
١-پۆڵا ئازاد
**ژێر ١٨ ساڵ –کچان**
١-ڕۆز سەمیر
**ژێر ١٦ ساڵ-کچان**
١-پەروا پشتیوان
**● ئاستی کوڕان**
١-ئوسەید خۆزان
**ژێر ١٤ ساڵ-کوڕان**
١-دانیار نەسرەو
**● ئاستی –کچان**
١-بەهرە سەمیر

**ژێر ١٢ ساڵ-کوڕان**
١-لاوین محەمەد
**● ئاستی کچان**
١-لارە سەمیر
**ژێر ١٠ ساڵ-کوڕان**
١-دەوەن نەسرەو
**● ئاستی کچان**
١-سەلار سەمیر
**ژێر ٨ ساڵ-کوڕان**
١- لاس ئیبراهیم
**● ئاستی کچان**
١-شاریا سەمیر
**ژێر ٦ ساڵ-کوڕان**
١-چیا سەمیر



# یانەی زانکۆی جیهان نازناوی هێزی لەشی یانەکانی هەولێری بەدەست هێنا

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی هێزی لەش لە شاری هەولێر و گرنگیدانی زیاتر بە یارییەکە، لە ژێر چاودێریی نوێنەرایەتیی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەولێر و بە سەرپەرشتیی یەکێتیی هێزی لەش لقی هەولێر، پاڵەوانێتیی هێزی لەشی یانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بۆ یاریی پێنج پرێس بەرێوە چوو، لەم پاڵەوانێتیەشدا ١٧یانە و ٨٢ یاریزانی یانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەشدارییان کرد لە هەولێری پایتەخت، لە پاڵەوانێتییەکەدا یاریزانانی بەشدار بوو کێبڕکێی بەهێزیان لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە دەکرد، یاریزانانی زانکۆی



# کچانی ژیما پاڵەوانی عێراق بوون

لە شاری بەغدا بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی باسکەی عێراقی و بە بەشداریی ١٢ هەڵبژاردەی باسکەی شارەکانی عێراق، پاڵەوانێتیی باسکەی ٣×٣ بۆ کچانی پارێزگاکانی عێراقی بەڕێوە چوو، کچانی ڕێکخراوی ژیمای شاری سلێمانی، بە ناوی کچانی پارێزگای سلێمانییەوە بەشدارییان کردبوو، توانیان ئاستێکی یەکجار بەرز پێشکەش بکەن. لەم بارەشەوە دکتۆر ڕزگار ڕەئووف ڕاهێنەری کچانی ڕێکخراوی ژیما بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە شاری بەغداد ئێمە وەکو کچانی ژیما بە ناوی پارێزگای سلێمانییەوە بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەمان کرد و، پێنج یاریمان بەرامبەر هەریەك لە تیپەکانی پارێزگاکانی (بەسرا، واست، دیالە، دهۆك، هەولێر) ئەنجام دا، لە سەرجەم یارییەکاندا بە جیاوازییەکی زۆر یارییەکانمان بردەوە، ئێمە ئەو کچە یاریزانانەمان کردووەتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق کە ڕێژەی تەمەنیان تەنیا ١٦ ساڵە، هەر چەندە پاڵەوانێتییەکە بۆ ئاستی پێشکەوتووان بوو، کە تەمەنیان بۆ ٢٥ تاکو ٣٠ ساڵ بوو»، دکتۆر ڕزگار گوتیشی: «کچە یاریزانانی ئێمە لە ڕووی هونەری و تەکنیکییەوە ئاستێکی یەکجار بەرزیان پێشکەش کرد و بووبونە جێگەی سەرسوڕمانی یەکێتیی باسکەی عێراقی، پیرۆزە ئەم نازناوە لە شاری سلێمانی». جێگەی ئاماژەپێکردنە لە یاریی کۆتاییدا، ڕووبەڕووی کچانی هەڵبژاردەی هەولێر بوونەوە و یارییەکەشیان بە ئەنجامی (٢٠-٧)خاڵ بردەوە، هەولێریش پلەی دووەمی بەدەست هێنا.



جیهانیش توانییان نازناوی پاڵەوانێتییەکە بەدەست بهێنن، لە بارەی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکەش چالاك عەلی سەرۆکی هێزی لەشی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم پاڵەوانێتییە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی یاریزانان بوو بۆ پاڵەوانێتیی یانەکانی کوردستان، کە بڕیارە لە شاری خانەقین بەڕێوە بچێت، یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان هەبوو، ٨٢ و یاریزان لە ١٧یانە کێبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، جگە لەوەش دەستنیشانکردنی یاریزانان بوو بۆ بەشداری لە پاڵەوانێتیی شارەکانی عێراقی، کە یەکێتیی هێزی لەشی عێراقی پێ هەڵدەستێ بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا، کە یاریزانان دیاری دەکەن، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان
٢-یانەی قەڵای تورکمانی
٣-یانەی هەڵۆ

## کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ

کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ Bradycardia واتە ژمارەی لێدانەکانی دڵ کەمتر بن لە ٦٠ ترپە لە یەك خولەکدا، کە بە نائاسایی هەژمار دەکرێت، کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ لەوکاتەدا ڕوودەدات کە گرفت لە گرێی سەرەکیی تۆڕی کارەبایی دڵدا SA node کە ڕێکخەری سرووشتی لێدانەکانی دڵە ڕوو بدات. لەکاتی بەئاگابووندا لێدانەکانی ئاسایی دڵ لە نێوان ٤٠-١٠٠ ترپەیە لە یەك خولەکدا، هەروەها لەکاتی نووستندا لێدانەکانی دڵ لە نێوان ٤٠-٦٠ ترپە لە یەك خولەکدا بە ئاسایی هەژمار دەکرێت. هۆکارەکان: چەند جۆرێکی نەخۆشیی دڵ وەکو نۆرەی دڵ، هەوکردنی ماسوولکەی دڵ، نەخۆشیی بۆماوەیی دڵ، سستبوونی گلاندی دەرەقی، هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea، زەبر بۆ ناوچەی سینگ، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، هەروەها دابەزینی پلەی گەرمیی لەش Hypothermia واتە کەمتر لە ٣٥ پلەی سێلسیەس. نیشانەکانی کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ: ئازاری سینگ، سەرسووڕان، هەناسەتەنگی، هەستکردن بە لێدانەکانی دڵ، شێوان، هەستکردن بە سووکبوونی سەر، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەستکردن بە ماندووبوون، ئارەقەکردنێکی زۆر، هەندێك جاریش کەوتن.





## بە خۆراک کۆلیستیرۆڵ دابەزێنە

ئەوە ڕوونە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ، بەتایبەتی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL ئەگەری تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات. بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ، پێویستە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ دابەزێندرێت، خۆشبەختانە دەتوانرێت بە هەڵبژاردنی چەند جۆرێکی خۆراك کۆلیستیرۆڵ دابەزێندرێت، کە بریتین لەم خۆراکانە: شوفان و کەپەکی شوفان Oat bran کە سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ ڕیشاڵی تواوە بە ناوی بیتا گلوکان Beta-glucan کە ڕێگە لە هەڵمژینی کۆلیستیرۆڵ لە ڕیخۆڵەدا دەگرێت، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی کە ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵی تواوە لەخۆدەگرن، تووتەکانی وەکو بلوبێری بلاك بێری و شیلیك، پاقلەمەنییەکان بۆنموونە: ڕۆژانە خواردنی ١٥٠ گرام لە پاقلەمەنی جۆراوجۆر ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ تا ڕێژەی ١٩٪ و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ١١٪ کەم دەکاتەوە، میوەی ئاڤۆکادۆ کە ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL بەرزدەکاتەوە، کە کۆلیستیرۆڵی خراپ لە ناو بۆڕییەکانی خوێندا ڕادەماڵێت و ڕێگە لە نیشتنی دەگرێت، تۆوی کەتان Flaxseeds کە سەرچاوەیە بۆ مەگنسیۆم و ڕیشاڵی تواوە و ماددەی دژەئۆکسان، بەرهەمەکانی کاکاوی کەم شەکر یان بێ شەکر، کە کۆلیستیرۆڵی خراپ کەم دەکەنەوە و سووڕی خوێن باشتر دەکەن، خۆراکی دەریایی، بامیە، هەروەها سێو، بۆنموونە: ڕۆژانە خواردنی تەنیا یەك سێو ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ کەم دەکاتەوە.

# نیشانەکانی کەمخوێنی

کەمخوێنی Anemia حاڵەتێکی باوە، بریتییە لە کەمیی ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن RBCs، یان قەبارەیان نائاسایی یان فرمانیان نادروست دەبێت. فرمانی خڕۆکە سوورەکان گواستنەوەی گازی ئۆکسجینە لە سییەکانەوە بۆ خانەکانی لەش و، گەڕاندنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە خانەکانی لەشەوە بۆ سییەکان. لە حاڵەتەکانی کەمخوێنیدا، ڕێژەی هیمۆگلۆبین Hemoglobin واتە ئەو پرۆتینەی کە ئاسن لەخۆدەگرێت و لە ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێندایە، لە ئاستی ئاسایی کەمتر دەبێت و بە پشکنینی تاقیگا زۆر بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت. نیشانە باوەکانی کەمخوێنی: کەمیی ئاستی وزەی لەش، هەستکردن بە سەرما لە زۆربەی کاتەکاندا، سەرسووڕان، سەرئێشە، کاڵبوونی ڕەنگی پێست، بەتایبەتی لێو و پەنجەکانی دەست و پێ، هەروەها هەستکردن بە نارەحەتی. هۆکارەکانی کەمخوێنی: بەدخۆراکی بە شێوەی کەمیی ئاسن لە خۆراکدا، کەمیی ڤیتامین B12 یان کەمی پرۆتین، نەخۆشی لە کۆئەندامی هەرسدا، کە ببێتە ئەگەری کەمی مادده خۆراکییە گرنگەکان، خوێنبەربوون پاش زەبر یان برینداربوون، بینینی خوێنی زیاد لەکاتی سووڕی مانگانەی ئافرەتدا، ونکردنی خوێن لەکاتی نەشتەرگەریی گەورەدا، نەخۆشیی زگماکیی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، نەخۆشیی شێرپەنجە، چارەسەری کیمیایی Chemotherapy کە بۆ شێرپەنجە ئەنجام دەدرێت، نەخۆشیی درێژخایەنی جگەر یان گورچیلە، بەرکەوتن بە قورقوشم لە ڕێگەی ئاو یان لە ڕێگەی بۆیەدا، هەروەها نەخۆشیی مەلاریا.





# بەهای خۆراکیی هەنار

هەنار Pomegranate سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بۆ ماددەی دژەئۆکسان و ئاوێتەی دژەهەوکردن، بۆیە بە سوپەرفود Supergood هەژمار دەکرێت، هەروەها ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی B5، یان فۆلەیت Fo-late، B9، C، K، E لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، زینك، مەگنسیۆم، لەگەڵ مەنگەنیز لەخۆدەگرێت.

سوودە تەندروستییەکان:

باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی خۆپاراستن لە قەبزی، هاندانی میتابۆلزمی پرۆتین، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندروستیی پێست بە هۆی هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین، هاندانی گەشە و پەرەسەندنی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا بەهۆی ڕێژە بەرزەکی ڤیتامین B9 لە هەناردا، بەرزکردنەوەی ئاستی لیاقەی وەرزشی،بەتایبەتی باشترکردنی کاردانەوەی کۆئەندامی دڵ و سووڕان لەکاتی وەرزشدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ لە ڕێگەی ڕێکخستنی پەستانی خوێن و کەمکردنەوەی ئاستی چەورییەکانی خوێن، هەروەها پاراستنی کۆئەندامی دەمار و باشترکردنی فرمانەکانی مێشك، بەتایبەتی توانای بیرهاتنەوە.



# نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین B12

ڤیتامین B12 کە بە کۆبالامین Cobalamin ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە، زیاتر لە گۆشتی سوور، گۆشتی پەلەوەر، ماسی، هێلکە، لەگەڵ شیر و بەرهەمەکانیدا هەیە. ئەم ڤیتامینە زۆر پێویستە بۆ فرمانەکانی مێشك و دەمار، دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن، میتابۆلیزمی خانە، هەروەها دروستبوونی DNA ناو ناوکی خانەکان کە زانیاریی بۆماوەیی هەڵگرتووە. کەمیی ڤیتامین B١٢ حاڵەتێکی باوە، بەتایبەتی لە گەنجەکان و ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی خۆراکی ڕووەکی Vegetarians دەکەن، بۆ چاکبوونەوە پێویست بە ٦-١٢ مانگ وەرگرتنی ڤیتامین B12 دەکات بە شێوەی دەرزی یان دەنك. هۆکارەکانی کەمیی ڤیتامین B12: گرفت لە هەڵمژینی ڤیتامین B12 لە کۆئەندامی هەرسدا، کە لەبەر هەوکردن یان بەکارهێنانی چەند دەرمانێك یان پاش ئەنجامدانی چەند جۆرێکی نەشتەرگەریی گەدە ڕوو دەدات، کەم خواردنی سەرچاوەکانی ڤیتامین B12 وەکو ماسی، گۆشت، لەگەڵ شیر. نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین B12: سەرئێشە، هەستکردن بە ماندووبوون، لاوازبوونی ماسوولکەکان، خەمۆکی، سووتانەوە و سوورهەڵگەڕانی زمان، زەردبوونی ڕەنگی پێست، کولبوونی دەم، هەستکردن بە تەزین یان سڕبوونی دەست وپێیەکان، شێوانی بینین، هەروەها هەستکردن بە ناڕەحەتیی دەروونی.

# ئەو خۆراکانەی کە هەستی برسیبوون زیاد دەکەن!



هەندێك جۆری خۆراك ئارەزووی خواردن و هەستی برسیبوون زیاد دەکەن، بەتایبەتی ئەو خۆراکانەی کە کاربۆهیدراتی سافکراو و ڕێژەی بەرزیی شەکر لەخۆدەگرن، چونکە ماددەی پرۆتینی و ڕیشاڵیان تێدا نییە، کە هەستی برسیبوون بۆ ماوەیەکی زۆر دوادەخەن، یان بە مانایەکی دیکە، هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش درێژ دەکەنەوە. ئەم جۆرە خۆراکانە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەیەکی خێرای ئاستی شەکری خوێن و پاشان دابەزینی، ئەم هەڵبەزین و دابەزینەی خێرای ئاستی شەکری خوێن، هاندەرە بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین لە گلاندی پەنکریاسدا، ئەمەش دەبێتە ئەگەری هەستکردن بە برسیبوون پاش ماوەیەکی کەم لە خواردنی ئەم جۆرە خۆراکانە. نموونەی ئەو خۆراکانەی کە هەستی برسیبوون زیاد دەکەن: هەویرکارییەکان Pastries، کێك و جۆرەکانی بسکویت، جیبسی پەتاتە، برنجی سپی، نانی سپی، دانەوێڵە شیرینکراوەکان، یان دانەوێڵە شەکردارەکان Sugary cereals، مەکەرۆنەی سپی، شیرەی دەستکردی میوە (شەربەت)، هەروەها هەموو جۆرەکانی خۆراکی خێرا.

# پرینتەرێکی دەستی بۆ هەموو ئەرکێک




پرینتەر واتە ئامێری چاپکردن، بۆ هەڵگرتن و ڕاگواستن تاکەکەسی نابن و بەڵکو دەبێت شوێنێکی تایبەتیان بۆ دابندرێ. لەم چەند ساڵەی دواییدا پرینتەری بچووکیش بەرهەم هاتوون کە هەم هەڵگرتنیان ئاسانە و هەم ئاسانکاری زیاتر دەکەن.

پرینتەری جۆری colop e-mark printer لە مۆبایلێك بچووکترە، بەقەد ماوسێکی کۆمپیوتەر دەبێت، حیبرێکی تایبەتی تێدایە کە هەتا ٥٠٠٠ دیزاینی بچووك و لۆگۆ تەواو نابێت. حیبرەکە ڕەنگییە. پرینتەرەکە دەکرێت لەسەر کاغەز، دار، پلاستیك، جلوبەرگ، مێز و کورسی بە گشتی هەموو شتێك چاپ بکات. بەهۆی ئاپێکەوە لە ڕێگای مۆبایلەوە فەرمانی چاپکردنی پێدەدرێ. بۆ چاپکردنی لۆگۆ، بارکۆد، QR، ڕیکلامی بازرگانی، ڕێکەوت و کات... دەبێت. پرینتەری colop e-mark printer شەحن دەبێتەوە. بە دەقێك یا وێنە یا لۆگۆیەکی گەورەتر لە خودی پرینتەرەکەش دەبێت، بە دوو جار یا سێ جار پێداهێنانەوە بێ ئەوەی هەڵە بکات، وێنە و دەقەکان لە قەوارەی خۆی گەورەتر چاپ دەکات.

# ئامێرێک بۆ خوێندنەوەی دەقەکان




نابیناکان دەیانەوێ بخوێننەوە، بەڵام یا دەبێت کەسانی بینا کتێب و گۆڤار و و دەقیان بۆ بخوێننەوە، یان دەبێ ئامێرێك هەبێت. لە سایەی تەکنەلۆژیای نوێ بەڵێ ئامێرێك هەیە کە زۆر بە سانایی دەقەکان دەخوێنێتەوە.

قوتابیەك حەز دەکات ئەو کتێبەی لە قوتابخانە مامۆستا بۆی خوێندۆتەوە، جارێکی دیکە بە باشی بۆی بخوێنێتەوە، گەورە ساڵان هەن خوێندەواریان نییە بەڵام دەیانەوێ یەکێك کتێبیان بۆ بخوێنێتەوە. چ شتێك لەوە ئامێرێکی بچووکی وەکو OrCam Read کە دەقەکان بە دەنگ بۆ بەکارهێنەر دەخوێنێتەوە. ئامێرێکە زیرەکە دەتوانی فەرمانی پێبکەی بۆ نموونە لە ڕستۆرانتێکدا مینۆکانت بۆ بخوێنێتەوە، یا ڕۆژنامەیەك تەنیا سەر دێڕەکان بخوێنێتەوە. کێشی ئامێرەکە هەندێك لە قەڵەمێك گەورەترە تەنیا ٢٢ گرامە. کامێرایەکی ١٣ میگاپیکسلی لەسەرە بۆ وێنەگرتن لە دەقەکان. ئامێرەکە بەهۆی موگناتیسەوە بە چاویلەکەوە دەنووسێت یا دەکرێت لە کراس یا بلوز بدرێت.



# کامێرا سیحریەکەی شیائومی

شیائومی کامێرایەکی بچووکی بەرهەم هێناوە خۆی ناوی کامێرای سیحری واتە magic camera کامێرای لێناوە. کێش و قەوارەی کامێراکە بچووکە. کێشەکەی تەنیا ٨٥ گرام دەبێت، قەوارەکەشی بەبێ کەیسی شەحنکردنەوە بەقەد قوتووە شقارتەیەك دەبێت. کامێراکە بچووکەکە سێ ئەرك ئەنجام دەدات، وەك: وەك کامێرایەکی دیجیتالی پێشکەوتوو کە کوالیتیەکەی K2.5ە. بە هەرچواردەوری خۆیدا دەسوورێت. وەك کامێرایەکی چاودێری و ئەمنی سەیر دەکرێت. جگە لەوەش بەهۆی هەستەوەری تایبەت و تیشکی سەرووی سوور لە شەویشدا وێنەو فیلم هەڵدەگرێتەوە. سیستەمی wifi6 لەسەرە. میمۆری ٣٢ گیگابایتی دەخوێنێتەوە. زیاتر وەك کامێرای چاودێریی تایبەت بە گیاندارانی ماڵی سوودی لێوەردەگیردرێت. مرۆڤ و گیانداری دیکە دەناسێتەوە.



# سکاینەرێکی 3D بۆ نەخشەسازی

لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا، ئەرکەکان زۆر ئاسانتر بوونە، ئامێرەکانی وەك پرینتەری سێ ڕەهەندی 3D و سکاینەری 3D و کامێرای 3D ئاسانکارییەکی زۆر بۆ لایەنەکانی نەخشەسازی دەکەن.


سکاینەری 3D جۆری Maker Pro SEAL 3D زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە هەموو شتێك سکانی سێ ڕەهەندی هەڵبگرێتەوە، ئەم سکاینەرە بۆ بوارەکانی نەخشەسازی بینا، کەلوپەل، تەندروستی...تاد گرنگی خۆی هەیە. چونکە کێشی کەمە و تەنیا ٢٠٠ گرامە، بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و وردبینیەکی زۆری هەیە (٠,١) ملیمە، و خێراییەکەی ١٠ فرێمە لە چرکەیەکدا، ڕوونییەکەی (٠,٧) ملمە. مەودای کارکردنی ١٨٠ ملم تا ٢٨٠ ملمە. پێنج جار بەهێزترە لە گشت سکاینەرە هاوشێوەکانی خۆی. لە بواری پیشەسازی و پزیشکیدا زۆر گرنگە و وردەکاریی هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە.



# لاپتۆپە جووت شاشەکەی لینۆڤۆ

زیاتر لە دە ساڵ لەمەوبەر کۆمپانیای asus هەوڵیدا یەکەم لاپتۆپی جووت شاشە بە ناوی Flipbook بەرهەم بێنێ، بەڵام ئەوکات بە گوێرەی پێویست سەرنجی پێنەدرا. بەڵام دواتر هەم گۆڕانکاری لە جۆری لاپتۆپەکان دا کرد و هەم لاپتۆپی نوێی بەرهەمی هێنا. لاپتۆپەکانی ZenBook Pro Duo و ROG Zephyrus Duo و ZenBook Duo بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراون.

کۆمپانیای لینۆڤۆش لەم بوارەدا خۆی تاقیکردەوە و لاپتۆپی دوو شاشەی Yoga Book 9i بەرهەم هێنا کە لاپتۆپێکی تەواو لەمسی دوو شاشەیە. شاشەکان ١٣,٣ ئینجین و لە جۆری OLEDین و قەوارەی نیشاندانیان 2.8K یە و سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە. بەشی لای خوارەوەی کە کیبۆردە، ئەویش شاشەیەکی سەربەخۆیە و هەم دەبێتە کیبۆرد و هەم دەبێتە شاشە. ڕامەی ١٦ گیگابایتە و داتاگە واتە هاردەکەی لە جۆری SSD یەك ترابایتە. باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە لە کاتی پێکردن شاشەیەك ١٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت و ئەگەر هەردوو شاشەکە پێبکرێن ١٠ کاتژمێر دەخایەنێ. خێراترین سیستەمی ئینتەرنێت واتە وای-فای 6e دەخوێنێتەوە و هەروەها سیستەمی بلوتوس ٥ی لەسەرە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن هەر جارێك بمەوێ پرۆگرامی wordی بکەمەوە فۆنت و سایزی فۆنتەکە لای راست و چەپی نووسین بۆ هەمیشە دابندرێت و پێویستم بە گۆڕین نەبێت؟**

بەڕێز کاتێك فایلێکی word ت کردەوە، لەبەشی home و بەشی fontدا پەنجەریەکی بچووك لەگۆشەی راست هەیە دابگرە، کە داتگرت پەنجەریەکی دیکە دەکرێتەوە، لەوێدا فۆنتی دڵخوازی خۆت بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی یا کوردی هەڵدەبژێری و هەروەها سایزەکەشی دیاری دەکەی. دوای ئەوە فەرمانی sat as default هەڵبژێرە، لەوێش دوو بژاردەت دەداتێ، بۆ ئەم لاپەڕەیە بۆ گشتی لاپەڕیەك، تۆ گشتی دیاری بکە. بۆگۆڕین چەپ و راستیش لە بەشی paragraph دا پەنجەرەکە دابگرە و راست هەڵبژێرە.

# پرۆگرامی چاودێری بەسەر ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا

لە زۆربەی دامەزراوە و دەزگاو فەرمانگەکاندا، ئینتەرنێتی گشتی هەیە واتە هێڵێکی ئینتەرنێت بۆ هەموو فەرمانگەکە، بەڕێوەبەرانی فەرمانگە حەز ناکەن کارمەندەکانیان کاتەکانیان بە ئینتەرنێتەوە بەسەر بەرن، یان حەز ناکەن چەند ماڵپەڕێکی دیاریکراو بکەنەوە. نەك تەنیا فەرمانگەکان بەڵکو لە ماڵەوەش کە ئێستا زۆربەی هێڵی FTTH و هاوشێوەکانی بەکاردێنن، سەرپەرشتیارانی ماڵەوە حەز ناکەن ئەندامانی ماڵەوە بەتایبەتی منداڵان هەموو ماڵپەڕێك بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی جۆراوجۆر هەن، یەکێك لەو پرۆگرامانە: HomeGuardە. بەهۆی ئەوەوە نە تەنیا دەکرێ چاودێریی هێڵی ئینتەرنێت بکەی، بەڵکو دەتوانی چاوەدێریی پرۆگرام و گەیمەکانی کۆمپیوتەریش بکەی. پرۆگرامەکە دەتوانێت وا بکا تەنیا لە کاتێکی دیاریکراودا هێڵی ئینتەرنێت هەبێ و دواتر دابخرێ، ئەوە بۆ ئەو کاتانە باشە کە منداڵان لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا بخەون.





# ماوس و کیبۆردێک بۆ هەموو شوێنێک

ماوس و کیبۆرد نەك بۆ کۆمپیوتەر، بەڵکو بۆ تەبلێت و مۆبایلیش پێویستن، ماوس قەبارەکەی بچووکە و لە جانتادا جێگای دەبێتەوە، بەڵام کیبۆردەکان زۆربەیان ئەوەندە گەورەن بۆ هەڵگرتن و گەشت و گەڕان نابن.

ماوس و کیبۆردی جۆری deluxe pock combo لە کەیسێکی تایبەت بەخۆیاندان و هەم ماوسەکە و هەم کیبۆردەکە زۆر بچووکن، کیبۆردەکە دەنووشتێتەوە و بەقەد مۆبایلێك دەبێت، ماوسەکەش زۆر بچووکە. بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل دەبێت لەگەڵ هەموو سیستەمەکان دەگونجێت. کیبۆردەکە کاتێك دەنوشتێتەوە ١٣ ملمە. زۆر تەنکە. ماوسەکەش لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ، کاتێك شەحن دەکرێنەوە هەتا ٤٠ کاتژمێر کارکردن شەحنیان دانابەزێت. ماوسەکە وەك گلۆپێکی لەیزەری بۆ دەستنیشانکردن لەسەر وایت بۆردیش سوودی لێوەردەگیردرێت.



## ماڵپەڕێکی ژیر بۆ دروستکردنی وێنەی پرۆفایل

لە یەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك، ئینستاگرام، تیلیگرام...تاد بەشداری و نیازت هەیە وێنەی پرۆفایلەکەت بگۆڕی، بەڵام نازانی چ وێنەیەك دابنێی. لە سەردەمی ژیری دەستکردا وێنە شەخسییەکانیشت بە ژیری دەستکرد بسپێرە. ماڵپەڕی www.pfpmaker.com بەو مەبەستە داندراوە، بەکارهێنانی بێبەرامبەرە، تەنیا ئەوەندە بەسە وێنەیەکی خۆتی بدەی و تا سەدان نموونەی وێنەی پرۆفایلت بۆ دروست بکا. سەرپشك دەبی لەوەی کام وێنەیە بۆ پرۆفایلەکەت هەڵبژێری. بەپێی ریکلامی سایتەکە وێنەی پرۆفایل ئەگەر بە شێوەیەکی سەنجر راکێش دابندرێ، کاریگەری زۆری هەیە لە راکێشانی کەسانی دیکە بێنە ناو پرۆفایلەکەتەوە و لایەنگرت بۆ زیاد ببێت.

# ئامێرێک بۆ پەیوەندیی فریاگوزاری

گومانی تێدا نییە مۆبایل بۆ پەیوەندییەکان لە گشت ئامێرێك ئاسانترە و گونجاوترە، بەڵام کێشەیەك لە مۆبایلدا هەیە لە هەموو شوێنێکی جیهان وەك یەك ناتوانی پەیوەندی بگری و لە زۆر شوێندا بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ تۆڕەکەی خۆی دەپچڕێ و ئەوکات مۆبایل هیچ بایەخێکی نییە.

ئامێری inReach messenger کە هی کۆمپانیای germanە لە کاتی هەستیاردا گرنگترە لە مۆبایل، چونکە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا لە دەشت و دەریا و چیادا وەك یەك وایە و لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە پەیوەندییەکان دادەمەزرێنێ و پەیوەندییەکانیشی دوو لایەنەن. بەڵام ئامێرەکە بۆ پەیوەندی کردنی دەنگ نییە بەڵکو بۆ ناردنی پەیامە و هەروەها ناردنی شوێنی مانەوەتە.

کاتێك لە چیایەك دەکەویە مەترسی، یا لە ناو دارستانێك کێشەیەکت بۆ دێتە پێش و تۆڕی مۆبایلەکەت پچڕاوە. لەکاتی ئاوادا ئەو ئامێرە گرنگترین ئامێرە. بەردەوام پەیوەندی هەیە، دەتوانی شوێنەکەت یا پەیامەکانت لەگەڵ گروپێك هاوبەش بکەی. شەحنی هەتا مانگێك دانابەزێت. کێشی تەنیا ١١٤ گرامە و قەوارەکەی ٢,٥ە. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت.



# ئەو گەوهەرانەی لەگەڵ ڕوخساری خانماندا دەگونجێن



ئەڵقەی ڕۆز کوارتز نۆد کلاسیك (Rose Quartz Nudo Classic) لە گەوهەرەکانی پۆمێلاتۆ (Pomellato) یەکێکە لەو پارچانەی کە سەرنجڕاکێشی بە خانمان دەبەخشێت، هەروەها یەکێکە لەو گەوهەرانەی کە تەنیا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خانمان بەکاری دەهێنن و، هەندێك کەس گەوهەری سادە و بچووکیان پێ باشە، بەڵام هەندێکی دیکە پارچەی گەورەو قەبەی گەوهەرەکان بەکار دەهێنن، کوارتزی ڕۆز گەوهەرێکی خۆشەویستی بێ مەرجە و هێمای هاوڕێیەتی و جوانییە، کوارتزی ڕۆز کانزایەکی گەورەی بلورییە کە بە شێوەیەکی سرووشتی لە شێوەی کریستاڵە گەورەکاندایە و جیاوازە لە کوارتزەکانی دیکە، ئەویش بەهۆی ڕەنگی پەمەییە کە لە ئەنجامی ڕیشاڵی مادەی بۆرۆسیلیکاتەوە دروست دەبێت، کە وەك دەنکۆڵەی کوارتزی گوڵ دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ پێش زایین.



# چۆن ڕۆنی ڕژاوی سەر زەوی پاک بکەینەوە؟

باشتر وایە پەڵەی ڕۆن بە کلینیکس بسڕدرێتەوە بۆ ئەوەی تا دەتوانرێت هەڵیبمژێت، لە هەمان کاتدا بە خێرایی ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکە، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆن وشك بووەوە، ئەوا دەتوانێت ڕووپۆشی ناوماڵەکەت ڕەش بکاتەوە.

سەرەتا ئیسفەنجێك بە ئاوی شلەتێن تەڕ بکە و لوولی بکە و پەڵە چەورەکانی پێ بسڕەوە، پاشان ڕووە چەورە خاوێنکراوەکە بە خاولی وشك بکەرەوە. جگە لەوەش دەتوانرێت بڕێکی یەکسان لە سرکەی سپی و ئاو بەکار بهێنرێت، بۆ پاککردنەوەی ئەو ڕۆنەی کە پەڵەی چەور لەسەر کاشیی ناوماڵ بەجێدەهێڵێت، ئەویش بە فڵچەی نایلۆن بیشۆ.



ئەگەر پەڵەی ڕۆنەکە خەست و توند بوو ئەم ڕێگەیەی خوارەوە بگرەبەر، چارەکی کوپێك لە لابەری بۆیەی نینۆك (ئەسیتۆن) لە ناو قاپێکی بچووکی پلاستیکیدا، لەگەڵ چارەکیی کوپێك سۆدەی نان تێکەڵ بکە تاوەکو هەویرێکی لێ بەدەست دەهێنیت، هەویرەکە بدە لە شوێنی پەڵەکان، پاشان بە پارچەیەکی پلاستیکی دایبپۆشە، دوای ٢٤ کاتژمێر پێویستە هەویرەکە بە بەکارهێنانی چەقۆ یان هەر کەرەستەیەکی پلاستیکی بماڵیت و کاشییەکە خاوێن بکەیتەوە.

ئەو هەویرەی باسمان کرد لە ڕووی ئەنجامەوە گەرەنتی کراوە لەسەر ئەو زەوییانەی کە ڕووپۆش کراون بە گرانیت، کاشی، مەڕمەڕ.





# باشترین شێدارکەرەوەی سرووشتیی ڕوخسار پێش خەوتن

پێکهاتە سرووشتییەکان گەنجینەیەکی بەنرخن بۆ تەندروستیی پێست، لێرەدا باشترین شێدارکەرەوەی سرووشتیی ڕوخسارمان بۆ هەڵبژاردوون بۆکاتی پێش خەوتن، کە وا دەکات بە پێستێکی نەرمی شێدار و ئاوریشمییەوە لە خەو هەڵبستیت، وەك:

کەرەی شیا: کەرەی شیا بە تایبەتمەندیی شێدارکەرەوە بۆ پێست بە گشتی و پێستی ڕوخسار بەتایبەتی بەناوبانگە، چونکە بڕێکی زۆر چەوریی سرووشتی تێدایە، کە پڕە لە دژە ئۆکسێنەر و ترشە چەورییەکان و ڤیتامینەکان، وەك ڤیتامینەکانی E و A کە پێستی ڕوخسار شێدار دەکەن و خۆراکیان پێ دەبەخشن.

کەوچکێك کەرەی شیا لەسەر ئاگرێکی کەم گەرم بکە، تا نەرم دەبێت، پاشان مەساج بۆ ڕوخسارت بکە و بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك لەسەر پێست بەجێی بهێڵە، پاشان ڕوخسارت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

زەیتی زەیتون: زەیتی زەیتون ڤیتامین E ی تێدایە، وەك شێدارکەرەوەیەکی سرووشتی بۆ پێستی ڕوخسار کار دەکات، یارمەتی بەرهەمهێنانی کۆلاجین و کەمکردنەوەی دەرکەوتنی پەڵە دەدات، پێش خەوتن بڕێکی کەم لە زەیتی زەیتون بهێنە و بە جووڵەی بازنەیی بۆ ماوەیەك ڕوخسارتی پێ مەساج بکە، بۆ ماوەی دە خولەك چاوەڕێ بکە، پاشان وەك هەمیشە ڕوخسارت بشۆ، دەشتوانیت بە درێژایی شەو زەیتی زەیتون لەسەر ڕوخسارت بەجێ بهێڵیت.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# مێرووڵەی شێوە ڕوخساری مرۆڤ

هەندێ لە گیانداران بە نەخش و شێوەی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون، هەندێ جاریش شێوەیان دەچێتەوە سەر مرۆڤ، یان بەشێکی جەستەی مرۆڤ، ئەم مێرووە شێوەی سەرپشتی لە ڕووی مرۆڤ دەچێت، پێی دەگوترێت Catacanthus incarnatus (Man-faced Stink Bug)، جۆرێکە لە مێرووەکانی ناو خێزانی Pentatomidae،
ئەم جۆرە مێرووە لە مەدغەشقەر، هیندستان، سریلانکا، بۆرما، تایلەند، چین، ئەندەنوسیا، مالیزیا، فلیپین، پاپۆ نیوگینیا، کالیدۆنیای نوێ، یابان و کۆریای باشوور هەیە.







## تابلۆی مێژوویی و سەیر

تابلۆکان هەمیشە ڕەنگ و تابلۆ و فڵچە و دەستی وێنەکیشی دەوێت، بەڵام ئەم تابلۆیە شێوەیەکی دیکەی لەخۆگرتووە، کە لە سرووشتدا درووست بووە و بە درێژیی هەشت میل لە وێنەکێشانی سەردەمی سەهۆڵین لە دارستانە باراناوییەکانی ئەمازۆندا دۆزراوەتەوە، ئەم کارە هونەرییە سەرنجڕاکێشە نزیکەی ١٢٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر کێشراوە و ماستودۆن و تەمبەڵی زەبەلاح و ئاژەڵە لەناوچووەکانی دیکەی تێدایە.







# خیوەتگەی پاییزانە لە کوردستان بەڕێوەچوو



ساڵانە لە کوردستان دەیان فیستیڤاڵ و بۆنەی تایبەت لەلایەن ڕێکخراو و کۆمەڵە و گەنجانەوە ئەنجام دەدرێت، وەك بۆنەی تایبەت و یان بۆنە جیهانییەکان کە لە کوردستانیش هەمان شێواز و ریتمی بۆ دەکرێت، چەند ساڵێکە لە کوردستان فیستیڤاڵی پاییزی بەبۆنەی هاتنەوەی وەرزی پاییزەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمساڵیش جوانترین فیستیڤاڵیان لە شاری ڕانیە بەڕێوەچوو. چەندین گرووپی گەشتیاری و گرنگی پێدان بە گەنجان و ئەوانەی خولیای فیستیڤاڵەکانن، لە شارەکانی کوردستانەوە پاسیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوانەی نیازیان وایە بەشداری فیستیڤاڵەکە بکەن، نرخی بەشداری کردن ٢٥ هەزار دینار بووە، زیاتر لە ٢ هەزار گەشتیار و ئەوانەی حەزیان بەو فیستیڤاڵە کردووە بەشداربوون لە فیستیڤاڵەکە، ئەو بوارانەی لە فیستیڤاڵەکەدا ئەنجام دران بریتیی بوون لە: یاری باڵە، لایڤ موزیك، ئەسپ سواری، ماتۆر سواری، بەلەم، پەرەگلایدینگ، چەندین یاری و چالاکی، کە بووە جێگەی دڵخۆشی و بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ و شەوێك بەردەوام بوو.



## بارهەڵگرێکی سەیر و جیاواز

بارهەڵگرەکە بە ناوی Road Train Australia، لە هەر ١٠٠ کم بە بەتاڵی ١٠٠ لیتر و بۆ ١٠٠ کم بە بارەوە ٣٠٠ لیتر سووتەمەنی بەکار دەهێنێت، کە ڕێژەی بەکارهێنانی نزیکەی ٣ لیتر سووتەمەنییە بۆ هەر کیلۆمەترێك بە بارکراوی، درێژیی ئەم بارهەڵگرە دەگاتە ٦٠ مەتر، کێشی بە بارەوە ٢١٠ تۆنە و بە بەتاڵی ٦٠ تۆنە، ٢٨ ئەکسل و ١٠٨ تایەی پێوەیە و کۆتا ئەکسلەکانی دواوە بە ستێرنە، لە کانەکەوە بۆ بەندەرەکە لە بارکرەوە نزیکەی ١٤٥٠ لیتر سووتەمەنی دەسووتێنێت و نزیکەی ٥٥٠ لیتریش لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بە بەتاڵی دەسووتێنێت، خێراییەکەی ٩٠ کم/کاتژمێرە، زۆربەیان بزوێنەری کامینز یان لەسەرە.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە کاری دزین و هاککردنی ئەلیکترۆنی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامانی خەڵک، بۆیە پێویستە خەڵک هۆشیار بن لە کاری سیخوری و دزینی دراوی ئەلیکترۆنی.

## مۆدی برۆ ئەستوور



ئەو مۆدەی برۆ، یەکێکە لە بیرۆکەکانی پسپۆڕی جوانکاری (بات ماگرات) کە دواجار لە نمایشێکدا برۆی کۆمەڵێك کچی بەم چەشنە نمایش کرد، ئەو نمایشکارانەی کە لە نمایشەکەدا برۆیان وا ئەستوور کردووە، بریتیین لە (کارا دیلیڤینگ، بیری ئیدواردز) دوا جار خانمە ئەکتەری جیهانی (ئەنجلینا جۆلی)یش هەمان مۆدی بۆ برۆکانی پەیڕەو کرد، ڕەنگە ئەو شێوە برۆیە لە داهاتوودا ببێتە یەکێك لە جوانترین شێوازەکانی برۆی ئافرەتان.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی قیرتاوکردنی شەقامەکانی لەندەنی پایتەختی بەریتانی مەزنە، وێنەکە لە ساڵی ١٩١٤ گیراوە، کە لەم کاتەدا ئافرەتان لە بواری کارکردن باڵا دەست و لێهاتوو بوون.

## یاسا



**مەرجەکانی فرەژنی**

بە پێی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ساڵی١٩٥٩عێراق، کە بەشێك لە برگە و مادەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٨هەموار کراوەتەوە، مەرجەکانی ڕێگەپێدان بە هێنانی زیاتر لە ژنێك بریتین لە: لە بەردەم دادگا ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەم وەربگیرێت، تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێندراو، کە ڕێگە لە سەرجێیی ژن و مێرد بگیرێت و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێت، یان ژنەکە نەزۆك بێت، توانای دارایی پیاوەکە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێك بکات، پڕکردنەوەی بەڵێننامەی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هاوژینەکاندا، نابێت ژنی یەکەم ئەو مەرجەی لە گرێبەستی هاوژینیدا دانابێت کە هەوێی بەسەردا نەیەت، پابەندنەبوون بەو خاڵانەی سەرەوە، سزاکەی شەش مانگ بۆ یەك ساڵ بەندکرن دەبێت، لەگەڵ غەرامەیەك بە بڕی ١٠ملیۆن دینار.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەمێك هەست بە نائارامی و نائاسودەیی دەکەیت ئەم ماوەیە، باشترە هیچ بڕیارێك نەدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیی نوێ دروست مەکە، چونکە کاتێکی باش نییە، ڕۆژەکانت دوامەخە لەلایەنی پیشەییەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تەندروستییەکی زۆر باشت هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی بتوانیت کۆنترۆڵی شتەکان بکەیت، باشترە خۆت بەدووربگریت لەو کەسانەی نایان ناسیت و لە هەمو کەسێك نزیك مەبەرەوە، لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

زۆر لە خۆت مەکە بۆ ئەوەی بە دڵی کەسانی چواردەورت بیت، لە کاتێکدا خۆت ناتەوێت بەو شێوەیە بیت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بکە و لە تەنیایی دووربکەوەرەوە، تەندروستیت جێگیرە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەوڵ بدە لە هاوپیشەکانت تێبگەیەنیت و لەسەر شتە بچووکەکان کێشە درووست مەکە، پەیوەندییەکی بەهێز درووست بکە، کەسانی چواردەورت حەز بە هاوڕێیەتیت دەکەن و تۆش مامەڵەیەکی گونجاوت هەیە لەگەڵیاندا.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

باشترە پارێزگاری لەو نهێنییانە بکەیت کە کەسانی دیکە پێت دەڵێن و بڵاویان مەکەرەوە، متمانەیان لەدەست مەدە، ئەمرۆ ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە و سەرقاڵ دەبیت، کاتت بۆ پشوودان نابێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە باشی بیر لەو چالاکییانە بکەرەوە کە ئەنجامیان دەدەیت، وریابە لەوەی زیان بە کەسانی دیکە نەگەیەنیت، دڵخۆش بە بەو شتانەی بەدەستیان دەهێنیت، بۆشاییەك لە نێوان خۆت و کەسانی دیکە بهێڵەرەوە و پێویست نییە بە هەمو نهێنییەکی تۆ بزانن.

## بۆ زانیاریت

تیۆری دەروونشیکاریی فرۆید لە چەند چەمکێك پێك دێت، دیارترینیان چەمکی کەسایەتییە، فرۆید وای دەبینێت کە دەزگای دەروونیی مرۆڤ بە شێوەیەکی گریمانەیی لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت، ( id) ئەم بەشە زۆرجاریش بە نزمە من ناو دەبرێت، چەمکێکی تریش بریتییە لە هەست و نەست و پێش هەست، بۆ تێگەیشتنی تیۆرەکەی، فرۆید ئەم وێنە شیکارییەی خوارەوەی داناوە، id: کۆنترین بەشی ئەم دەزگایەیە لای فرۆید، کانگەی وزە زیندوو و دەروونییەکانە، کە لە لەدایکبوونەوە مرۆڤ هەڵگریەتی، لە هەموو ئەو جێگیرانە پێك دێت کە لە پێکهاتەی جەستەدا هەن، هەموو (ئارەزوو/ غەریزە) و پاڵنەرە خۆڕسکە سێکسی و شەڕەنگێزییەکان دەگرێتە خۆی، ئەوەش وێنەیەکی سەرەتایی کەسێتییە، پێش ئەوەی ڕەوشتپێدان و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگە بیگرێتەوە.




نزمە من کۆگەی تواناو وزەی ئارەزووە خۆڕسکەکانە، لایەنێکی نەستیی قووڵە، لە نێوان ئەم و جیهانی ڕیالْدا هیچ پێکەوە بەستنێکی ڕاستەوخۆ نییە، ناکەسی و نائیرادییە، لەبەرئەوە دوورە لە پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هیچ لەبارەی لۆژیکەوە نازانێت، پرەنسیپی (چێژ و ئازار) باڵیان کێشاوە بەسەر چالاکییەکانیدا، پەلەیەتی بۆ تێرکردنی پاڵنەرەکانی بە هەر شێوە و بە هەر نرخێك بێت.




فیلم

## ئازاری ئەرکەکان - Pain Hustlers



درامایەکی کۆمەڵایەتی و بەجۆشە، باس لە ئافرەتێك دەکات دوای ئەوەی کارەکەی لە دەست دەدات، هەوڵ دەدات کە ژیانێکی تازە دەست پێبکات و لەگەڵ ژیانی بێ کاریدا خۆی ڕابهێنێت، دواتر کارێك لە بواری دەرمانخانەدا دەدۆزێتەوە، کەچی بەهۆی نەبوونی شارەزاییەوە، لە کارە تازەکەیدا تووشی چەندین کێشە و گرفت دەبێتەوە، لەکاتێدا کە لە کاری پێشووی خۆیدا پسپۆڕیی هەبوو، ماوەی فیلمەکە ٢ کاتژمێر و ٣ خولەکە، لە دەرهێنانی دەیڤید یاتیس، لە نووسینی جۆرج ڕیچمۆند، لە نواندنی: ئیمیلّی بلۆنت، کریس ئیڤانس، ئەندی گارسیا، کاترین ئۆهێرا، هیلاری هارلی، برادین درایسی.



## پەند و وتە

ماریا سالۆمیا سکلۆدۆسکا کیۆری، ناسراو بە ماری کیۆر، فیزیاناس و کیمیاگەری پۆڵەندی، لە ساڵی ١٨٦٧ لە شاری وارشۆ لە پۆڵەندا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٤ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ترس لە تێگەیشتن دەڵێت: «ئێمە هەمیشە لە نەزانین دەترسین، کاتێك شتێك نازانین نیگەران دەبین، بەڵام پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کاتێك شتێك یان زانستێك دەزانین، دەبێ بترسین لەوەی چۆن بەکاری بهێنین و کاری لەسەر بکەین».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن دەبینرێت، یەکێکیان کەللە سەری مرۆڤە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٢٠ چرکەدا دیمەنی دووەم بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕێگە مەدە کەسانی دیکە دەست وەربدەنە کارەکانتەوە، پاڵپشتی کەسانی چواردەورت بکە و، وا بیر مەکەرەوە کە دەبێت ئەوان پاڵپشتیت بکەن، لە ئێوارەی ئەمڕۆوە هەندێك لە ئەرکەکانت پشتگوێ بخە و لەگەڵ خێزانەکەت پشوو وەربگرە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتەکانی ڕۆژەکەت ڕێك بخە، لەوە تێبگە کە چیت دەوێت و بۆچی هەوڵ دەدەیت، زۆر بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە، دەنا خۆت توشی دڵەڕاوکێیەکی بێسوود دەکەیت، شاردنەوەی هەستەکانت تووشی پەشیمانیت دەکات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دەگەیت بە پلەیەکی بەرز لەلایەنی پیشەییەوە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، ئێستا کاتی پشو وەرگرتن نییە، کاتی ئەوەی کار بکەیت، کلیلی بەردەوامبونی پەیوەندی تۆ و خۆشەویستەکەت متمانەیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەندێك گۆڕانکاری ڕوودەدات، نیگەرانی ئەم ڕۆژانەی داهاتوو مەبە، چونکە شتەکان نەرێنی نین، گرنگیدان بە خێزانەکەت هۆکارە بۆ ئەوەی پاڵپشتییان بەدەست بهێنیت، هەوڵ بدە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بڕۆیت، کە ماوەیە مێشکی سەرقاڵ کردوویت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، بەهۆی ئەو کەسانەی لە چواردەورتن، هەروەها لە ئێوارەی ئەمڕۆوە چێژ لە کاتەکانت وەردەگریت لەگەڵ کەسە نزیکەکانت، خۆپەرست مەبە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەو شتانە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەش بکە، کە سوود بە هەردوکتان دەگەیەنێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


کارکردن ئەم ماوەیە کەمێك سەختە و زو ماندوو دەبیت، تەندروستییەکی باشت هەیە، هەربۆیە بەردەوام بە لەسەر هەوڵەکانت، باشترە پشت بە خۆت ببەستیت و ئەم ماویە چاوەڕێی یارمەتیی کەسانی دیکە نەکەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 20, 2023 Issue,No.1390


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626